# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8 - 19ی ڕێبەندان 2715 (750) دینار


## سوپای عێراق هێزێک لە مەخموور جێگیر دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

هەولێر و بەغدا لەسەر جێگیرکردنی هێزێکی سوپای عێراق لە قەزای مەخموور ڕێکدەکەون. بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت مانەوەی ئەو هێزە کاتییە و دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەوێ نامێنن.

ڕۆژی 2016/2/6 خالید عوبەیدی، وەزیری بەرگریی عێراق لە میحوەری مەخموور سەربازگەیەکی نوێی بۆ سوپای عێراق کردەوە، بڕیارە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا 4500 سەربازی عێراق بهێنرێنە سەربازگەکە. خالید حەدیدی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لەوبارەوە گوتی "ئێستا 3 لیوا لەو سەربازگەیە جێگیرکراون، بڕیاریشە 4500 سەربازی دیکەی فیرقەی 15 بگەنە ئەو سەربازگەیە و ئامادەکارییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بچنە قۆناغێکی دیکەوە".

هەر سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ مەخموور، جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی "ژمارەی ئەو سەربازانە و جۆری چەکەکانیش کە دەهێنرێتە ئەو سەربازگەیە بە ئاگاداری و زانیاریی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت و جێگیرکردنی ئەو هێزەش کاتییە، لەگەڵ ئازادکردنی مووسڵ دەڕۆن".

3 »



**تۆنی بلێر، بۆ (ڕووداو):**

زەحمەتە گەلی کورد بدەیتە دەست داهاتوویەک کە نەزانی چۆن دەبێ

5

لە ئیزمیر بازرگانی بە تەرمی کۆچبەرانی کوردەوە دەکرێت

11

**ڕۆژین:**

پرسی کوردی باکوور بە لێدانی خەندەق چارەسەر نابێ

10

پڕۆژەیەک بۆ چاکسازی سیاسی و ئیداری ڕادەگەیەنێ


# بزووتنەوەی گۆڕان داوای بچووککردنەوەی حکومەت دەکات



3 »

# (ڕووداو) کۆنووسەکانی ئیمرالی بڵاودەکاتەوە





**ئەردۆغان بۆ ئۆجەلان:**

قەوارەیەکی دیکەی وەکو باکووری عێراق لە سووریا بۆ ئێمە هێڵی سوورە

**ئۆجەلان بۆ ئەردۆغان:**

گەڕانەوەی کورد بۆ باوەشی سووریایەکی مەرکەزی، هێڵی سووری ئێمەیە

7 »

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8



## سەفین دزەیی: خشتەکە کاتییە

**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند خشتەی مووچەی فەرمانبەران کاتییە و لەگەڵ زیادبوونی هەر داهاتێک دەستکاری دەکرێت. سەفین دزەیی، ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی خشتەی مووچەی فەرمانبەران بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "دڵنیایی دەدەینە هەموو لایەک کە حکومەت لە هەنگاوەکانی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردن و شەفافکردنی داهاتەکان و ئەنجامدانی چاکسازی. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دۆخە سەختە داراییە تێپەڕێنین و مووچەی تەواوی فەرمانبەران لە کاتی خۆیدا دابین بکەین". گوتیشی "دەزانین ئەم خشتەیەی حکومەت بڕیاری لەسەرداوە باری مووچەخۆرانی کوردستانی گران کردووە، بەڵام ئەمە بڕیارێکی کاتی و ناچارییە".

### 746 ملیار دیناری جوتیارانی کوردستانی لەلایە

# بەغدا چیدی گەنمی جووتیارانی کوردستان ناکڕێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

تاوەکو ئێستاش حکومەتی بەغدا پارەی گەنمی ساڵی 2014 و 2015ی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی نەناردووە و سەرۆکی یەکێتی جووتیارانی کوردستانیش دەڵێت ئەگەر بەغدا پارە نەنێری، ئەوا ساڵی 2017 بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لە کوردستان زۆر کەم دەبێتەوە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بڕی ئەو پارەیەی جوتیاران ئاشکرا دەکات کە لای حکومەتی بەغدایە و دەڵێ "146 ملیار دیناری ساڵی 2014 و 600 ملیاری ساڵی 2015ی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلای بەغدایە".

سەبارەت بە نەناردنی پارەکە، ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت "ڕەنگە هۆیەکە ئەوە نەبێ کە پارە نییە، بەڵکو بەغدا وا بیردەکاتەوە کە بۆچی 600 ملیار دینار بنێرێتە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا بەشێک لە جووتیارانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقیش هێشتا پارەیان وەرنەگرتووە".

گوتیشی "ڕەنگە لەساڵی 2016 بەغدا یەک دەنک گەنم لە هەرێمی کوردستان وەرنەگرێ و یەک دیناریشمان نەدەنێ، چونکە بەغدا داوا دەکات وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان هەندێک ڕێوشوێن بگرێتەبەر لەوانەش: پلانی کشتوکاڵی کوردستان ڕەوانەی بەغدا بکرێ و ڕێگە بدرێ لیژنەیەک لە بەغداوە بێنە کوردستان بۆ پشکنینی گەنمی کوردستان، چونکە گومانیان هەیە گەنمی هۆڵەندی تێکەڵ بەو گەنمە دەکرێ کە ڕەوانەی بەغدا دەکرێ".

فاتیح یاسین، سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی کوردستان پێشبینی دەکات ئەگەر دۆخەکە ئاوا درێژە بکێشێ "ڕەنگە بۆ ساڵی 2017 کەس لە جووتیاران گەنم و جۆ نەدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە جووتیار دوو ساڵە بە پارەی خۆی بنەتۆو دابین دەکات".

ساڵی 2014 بەغدا 770 هەزار تۆن و لە ساڵی 2015 شدا 900 هەزار تۆن گەنمی لە جووتیارانی کوردستان وەرگرتووە.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی بەغداوە دەستی پێدەکرێ و بەغدا دەتوانێ ئەو پارەیە بدات. گوتیشی "وا ئێستا بەغدا بیر لەوە دەکاتەوە پارەی جووتیاران بکاتە چەک و بیانداتێ، بەڵام جووتیارێک کە قەرزدار بووە، چی لە چەکێک بکات کە پارە نەبێت وەریبگرێ".

ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی 2015 چەند پەرلەمانتارێک لە کوردستانەوە چوونە بەغدا بۆ سۆراخی ئەو پارەیە، دوای گەڕانەوەیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند، بەڵێنیان لە بەغدا وەرگرتووە بۆ ناردنی پارەکە، بەڵام وا نزیکەی دوو مانگ تێدەپەڕێ بەسەر ئەو وادەیە و هێشتا جووتیاران هەر چاوەڕێن.

ئەشواق جاف، زانیارییەکی دیکە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "بەغدا بیر لەوەش دەکاتەوە لە جیاتی گەنمی جووتیاران، گەنمی دەرەوە هاوردە بکات، چونکە زۆر هەرزانتر لەسەری دەکەوێ و پارەی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەیەکی ئێجگار خراپە و جووتیار لە زەوییەکەی دادەبڕێنێ".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### ژمارەیان حەوت قایمقامە

# سەرجەم قایمقامەکانی پارێزگای دهۆک دەگۆڕدرێن

**عوبێد ڕەشافەیی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرجەم قایمقامەکانی قەزاکانی سنووری پارێزگای دهۆک دەگۆڕدرێن، بەڵام پارێزگاری دهۆک دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانن قایمقامی نوێ بۆ قەزاکان دابمەزرێنن، بەڵکو ئاڵوگۆڕ بەشوێنی قایمقامەکان دەکەن.

لە سنووری پارێزگای دهۆک حەوت قەزا هەن کە بریتین لە قەزاکانی: سێمێل، ئاکرێ، ئامێدی، بەردەڕەش، زاخۆ، شێخان و سەنتەری شاری دهۆک.

فەرهاد ئەمین ئەترووشی، پارێزگاری دهۆک، سەبارەت بە گۆڕانکاری لە قایمقامییەتی قەزاکانی پارێزگاکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دەمێکە بەنیازن گۆڕانکاری لە زۆربەی پۆستە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگاکەیاندا بکەن، بە تایبەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قایمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانیوە ئەو پلانەی بۆ گۆڕانکارییە ئیدارییەکان دایاننابوو جێبەجێی بکەن.

هەرچەندە پێشتر بەرنامەکە بەو جۆرە بووە کە کەسی تازە لە پۆستەکان دابنرێن، بەڵام هەر بەهۆی قەیرانی دارایی ئیدارەی پارێزگای دهۆک نەیتوانی ئەو پلانە جێبەجێ بکات، بۆیە بڕیاری داوە ئاڵوگۆڕ بە پۆستی قایمقامی قەزاکان بکات و بڕیاری دامەزراندنی قایمقامەکان بووە گواستنەوەی قایمقامە کۆنەکان. فەرهاد ئەترووشی گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ ئەو قۆناغە بڕیارمان دا ئاڵوگۆڕ بە قایمقامەکان بکەین".

عوسمان یونس، جێگری پارێزگای دهۆک، وردەکاری ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بەپێی ئەوەی بڕیاری لێدراوە، قایمقامی ئاکرێ دەگوازرێتەوە بۆ قایمقامیەتی قەزای ناوەندی دهۆک. قایمقامی قەزای سێمێل دەبێتە قایمقامی ئاکرێ، قایمقامی ئامێدی دەبێتە قایمقامی قەزای سێمێل. قایمقامی قەزای زاخۆ دەبێتە قایمقامی بەردەڕەش. قایمقامی قەزای بەردەڕەش دەبێتە قایمقامی شێخان. قایمقامی شێخان دەبێتە قایمقامی ئامێدی. هەروەها قایمقامی قەزای ناوەندی دهۆکیش دەبێتە قایمقامی قەزای زاخۆ".

بڕیاری ئاڵوگۆڕی قایمقامەکان لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو دەرچووە و دەبێت هەموویان دوێنێ یەکشەممە لە پۆستە نوێیەکانیان دەستبەکار بووبن.

سەبارەت بە گۆڕانکاریی دیکەش لە داهاتوودا، جێگری پارێزگار گوتی "گۆڕانگاری و گواستنەوە لە بەڕێوەبەرانی ناحیە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکرێ". گوتیشی "هەر سێ کاندیدی یەکگرتوو بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی ڕۆڤیا لە قەزای بەردەڕەش، دەرکار لە قەزای زاخۆ و بامەڕنێ لە قەزای ئامێدی لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە دەستبەکاربوون".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک بەشدار بووە، 25 پۆستی پێدراوە. هەر لە جێگری پارێزگارەوە بگرە تاوەکو دەگاتە بەڕێوەبەری ناحیە.

# چەند بەرپرسێک لە چۆمان موڵکی حکومەت بە کرێ دەدەنەوە



## سێ دۆنم زەویی بەراو بەکرێی ساڵانەی تەنیا 10 هەزار دینار وەرگیراوە

**بەختیار قادر**
**ڕووداو- چۆمان**

زیاتر لە 15 ساڵە ژمارەیەک دووکانی شارەوانیی چۆمان و ژمارەیەک زەویی بەراوی وەزارەتی ئەوقاف لەلایەن چەند بەرپرسێکی ناوچەکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و گرێبەستیان بۆ کردوون و بەکرێیان داون.

فەرمان جەمیل، سەرۆکی شارەوانیی چۆمان ژمارەی ئەو دووکانانەی ئاشکرا کرد کە لەلایەن بەرپرسانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە و گوتی "ژمارەیان 10 دووکانە".

هەرچەندە سەرۆکی شارەوانیی چۆمان دەڵێت ساڵانە لەکاتی موزایەدە بۆ بەکرێدانی موڵکەکانی شارەوانی ئەو بابەتە دەوروژێنێ، بەڵام هێشتا ئەو دووکانانە لەلایەن بەرپرسانەوە مامەڵەیان پێوە دەکرێ.

فەرمان گوتی "ساڵانە ئێمە قایمقامیەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیەکانمان لەو بابەتە ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو کەسانە بەبێ گرێبەستی شارەوانی دەستیان بەسەر دووکانەکاندا گرتووە و بەکرێیان داون، بەڵام تا ئێستا کەس بەدوای نووسراوی ئێمەدا نەچووە، بۆیە سکاڵامان گەیاندووەتە جێگری داواکاری گشتیی چۆمان کە موڵکی گشتی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە".

بەدرەدین بەرزنجی، جێگری داواکاری گشتیی چۆمان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ شارەوانیی چۆمان سەردانی ئەو دووکانانەمان کرد کە دەستیان بەسەردا گیراوە. بە شارەوانیمان ڕاگەیاندووە ئێوە دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە کە ئەو دووکانانە وەربگرنەوە و پێویست بە لایەنی دیکە ناکات، بەڵام تا ئێستا شارەوانی ئەو کارەی نەکردووە، بۆیە ئێمە بەنیازین سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە لە دادگای بەرایی چۆمان تۆمار بکەین بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە".

جگە لەو 10 دووکانەی شارەوانیی چۆمان، ژمارەیەک زەوی بەراوی تێبینەرایەتی ئەوقافی چۆمان لەلایەن بەرپرسانەوە مامەڵەیان پێوە دەکرێ. تێبینەرایەتی ئەوقافی چۆمان خاوەن موڵکێکی زۆری کشتوکاڵی و بازرگانییە، ئەو موڵکانە بەشێکیان بە گرێبەستی ساڵانەی زۆر کەم بە چەند کەسێک دراون و ئەوانیش ساڵانە بە جووتیارانی دەدەن، تەنانەت زەوی ئەوقاف هەیە کە ڕووبەرەکەی سێ دۆنمی بەراوە، لە وەزارەتی ئەوقاف بۆ هەر ساڵێک تەنیا بە 10 هەزار دینار بەکرێ گیراوە، بەڵام کەسەکە بە ملیۆنێک دینار بەکرێی داوەتەوە.

یوسف ئەحمەد، تێبینەری ئەوقافی چۆمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ ئەمساڵ لە کاتی بەکرێدانەوەی موڵکەکانی ئەوقاف لێژنەیەکیان پێکهێناوە کە بە وردی بەگرێبەستی ساڵانەی ئەو موڵکانەدا بچێتەوە و بەپێی شایستەی موڵکەکە کرێ لە خاوەن گرێبەستەکان وەربگیرێ.

### بەرپرسی پێشووی لقی پارتی لە شنگال دوای19 مانگ بارزانی دەبینێ

# سەربەست بابیری: ڕاستییەکانی کەوتنی شنگالم بە بارزانی گوت

**عوبەید ڕەشافایی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسی پێشووی لقی پارتی لە شنگال، دوای 19 مانگ سەردانی مەسعود بارزانی دەکات و دەڵێت هەموو شتێکی سەبارەت بە کەوتنی شنگال بۆ بارزانی باسکردووە. گوتیشی بارزانی خۆی داوای لێکردووە ببینێ.

داعش لە 2014/8/3 قەزای شنگال و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری داگیرکرد، هەرزوو پەنجەی تۆمەت بۆ بەرپرسانی پارتی لە ناوچەکە درێژکرا و بەهۆکاری کەوتنی شنگال تۆمەتبار کران، بۆیە بە ماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، پارتی بەرپرسی لقەکەی لە شنگال کە سەربەست بابیری بوو، لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دیکەی سەربازی و ئەمنی لە پۆستەکانیان لادا.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بەدواداچوونی لە هۆکاری کەوتنی شنگال پێکهێنابوو، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) تا ئێستاش ئەو لیژنەیە یەک بڕیاری دەرنەکردووە و کەسیشی لەسەر شنگال سزا نەداوە.

دوای پێکهێنانی لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر یەک لە سەربەست بابیری، بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال پێش هاتنی داعش، شەوکەوت کانیکی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال و سەعید کێستەیی، فەرماندەی زێرەڤانی لە شنگال بۆ ماوەیەک لە پیرمام خرانە ژێر چاودێری. بەڵام دواتر گەڕانەوە نێو خێزانەکانیان.

دوای نزیکەی 20 مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، ڕۆژی 2016/2/3 سەربەست بابیری لە میحوەری زوممار سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆک هەرێمی کوردستانی کرد.

سەربەست بابیری لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پشتڕاستی کردەوە کە چاوی بە بارزانی کەوتووە، بەڵام ئامادە نەبوو باسی نێوەڕۆکی دانیشتنەکەی لەگەڵ بارزانی بکات و تەنیا گوتی "ئەوەی پەیوەست بوو بە کەوتنی شنگال و 19 مانگە لە دڵی خۆمدا هەڵمگرتبوو، هەموویم بە وردەکاری و زۆر بە ڕاشکاوییەوە لە ماوەی 20 خولەکدا بۆ سەرۆک بارزانی باس کرد".

سەربەست بابیری باسی هۆکاری کەوتنی شنگال لەسەر دەستی داعش دەکات و دەڵێت "سەرۆک بارزانیش هاوڕا بوو لەسەرئەوەی لە کاتێکدا پشتی شنگال کە دەڤەری زوممارە، بە درێژایی 115 کیلۆمەتر کەوتە دەستی داعش، ئیدی ئۆتۆماتیکی شنگالیش دەکەوێت".

سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی ئەو کراون لەسەر کەوتنی شنگال، سەربەست بابیری بەرپرسی پێشووی لقی شنگالی پارتی دەڵێت "ڕاستە من کەسی یەکەمی پارتی بووم لە شنگال، بەڵام هەرگیز نە ئەندامی میحوەر و نە بەرپرسی سەربازی بووم، بۆیە مافی ئەوەم نەبوو فەرمانی سەربازی دەربکەم".

ئەو سەردانەی بابیری بەگوتەی خۆی لەسەر داوای بارزانی بووە و دەڵێت "دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە، بارزانی ویستبووی من ببینێ، بەڵام ڕێکنەکەوتبوو". گوتیشی "پێش ئەو سەردانە گوشارێکی دەروونی زۆرم لەسەر بوو، بەڵام کە بارزانیم بینی و هەموو شتێکم لەبارەی کەوتنی شنگال بۆ ڕوونکردەوە، بۆچوونی لەسەر من گۆڕا".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8



## حەیدەر عەبادی: مووچەی پێشمەرگە نادەین

**رووداو- هەولێر**

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق رۆژی 2016/2/7 لەگەڵ لیژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراقی کۆبووەوە و پێیگوتن مووچەی پێشمەرگە نادەن و پۆستی سوپاسالاری عێراقیش نادەنەوە بە کورد. شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە پەرلەمانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "داوام لە عەبادی کرد وەکو پیشاندانی نیازپاکییەک مووچەی 150 هەزار پێشمەرگە بنێرێت. هەروەها داوام کرد هەر دوو پۆستی سوپاسالاری عێراق و بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بدرێتەوە کورد، بەڵام عەبادی بە راشکاوانە رایگەیاند، مووچەی پێشمەرگە نادەین، پۆستی سوپاسالار و بریکاری ناوخۆش نادەینەوە کورد".

پرۆژەیەک بۆ چاکسازی سیاسی و ئیداری رادەگەیەنێ

# گۆڕان داوای بچووککردنەوەی حکومەت دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەیەک بۆ چاکسازیی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان رادەگەیێنێ و بڕیارە رۆژی سێشەممە 2016/2/9 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رابگەیێنرێ، بەرپرسێکی بزووتنەوەکەش دەڵێت پرۆژەکە هێشتا پاکنووس دەکرێت و یەکێک لە پێشنیازەکانیشی بچووککردنەوەی کابینەی حکومەتە.

راگەیاندنی ئەو پرۆژەیەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کاتێکدایە کە چوار وەزیرەکەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، لە رۆژی 2015/10/12ەوە لە حکومەت و پەرلەمان نەهێڵدراون و شوێنی وەزیرەکان بە وەکالەت پڕکراوەتەوە.

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەکە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە کێشەی گەورە ئەوەیە قەیرانە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان، قەیرانی داراییشی هاتووەتە سەر و ئەوان لە رێگای ئەو پرۆژەیەوە دیدگای خۆیان بۆ چارەسەری هەردوو قەیرانەکە دەخەنەروو.

بەرپرسەکەی گۆڕان یەکێک لە خاڵەکانی نێو پرۆژەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێک لە پێشنیازەکان بچووکردنەوەی کابینەی حکومەتە".

رێکخەری ژووری پەرلەمان و حکومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ بە پرۆژەکەی ئەوان قەیرانی دارایی بە تەواوی چارەسەر نابێ "بەڵام بەپێی پرۆژەکە لە نزیک مەودادا قەیرانەکە سووک دەبێت و بۆ دوورمەوداش حکومەت دەتوانێ پارە پاشەکەوت بکات".

لە دوای دەرکردنی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر لەلایەن پارتییەوە، ئەوە یەکەمجارە بزووتنەوەکە پرۆژە رادەگەیێنێ، هەرچەندە لەو ماوەیەدا بەردەوام گفتوگۆی لەگەڵ لایەنەکان هەبووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کردنەوەی گرێ سیاسییەکان.



ستافی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەڕلەمانی کوردستان

دانا عەبدولکەریم، رێکخەری ژووری پەرلەمان و حکومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان، رەتیکردەوە تاوەکو ئەوکاتەی بە فەرمی رادەگەیێنرێ قسە لەسەر ناوەڕۆکی بکات، بەڵام دەڵێ پرۆژەکە لە دوو سێکتەر پێکهاتووە بۆ چاکسازیکردن لە بواری دارایی و سیاسی "ئەو سێکتەرەی تایبەتە بە تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و چاکسازیی دارایی، دوو قۆناغی دەستنیشان کردووە".

دانا عەبدولکەریم ئاماژەی بە قۆناغەکان دا و گوتی "قۆناغی یەکەم کە قۆناغی کورتخانەیە، هەنگاوە بەپەلەکانە و تایبەتە بە مووچەی فەرمانبەران، قۆناغی دووەمیش کە درێژخایەنە بریتییە لەوەی حکومەت لە رووی داراییەوە بتوانێ چی بکات بۆ ئەوەی پاشەکەوت بکات و بتوانێ بەو پارەیە ساڵێک و دووساڵ خۆی بگرێ، ئەگەر جارێکی دیکە نرخی نەوت بەوشێوەیە دابەزییەوە".

(رووداو) زانیویەتی کە بۆ ئەو پرۆژەیە رای نەوشیروان مستەفا وەرگیراوە و ئەوەی پەیوەندی بە لایەنە سیاسییەکەیەوە هەیە، داوای کردووە حکومەت و پەرلەمان بەو شێوەیەی پێش رووداوەکانی مانگی 10ی ساڵی رابردوو دەستبەکار ببنەوە، ئەوەش وەڵامێکە بۆ پێشنیازە نوێیەکەی پارتی بۆ گۆڕان کە داوای کردووە وەزیرەکانی بگەڕێنەوە و کەسێکی دیکە وەک سەرۆکی پەرلەمان لە بزووتنەوەی گۆڕان دەستبەکار ببێ، بەڵام رێککەوتنێکی نوێ لە نێوان پارتی و گۆڕان بکرێتەوە.

لە وردەکاریی زیاتری ئەو پرۆژەیەی بزووتنەوەی گۆڕاندا هەروەها هاتووە کە بزووتنەوەکە سووربوونی خۆی رادەگەیێنێ لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و داوا دەکات گفتوگۆکانی پێشوو لەوبارەیەوە لە کوێدا وەستان تەواو بکرێن.

لە کۆبوونەوەی بارزانی و لایەنە سیاسییەکاندا لە 10 رۆژی رابردوودا، بڕیاردرا کۆمیتەیەک دروست بکرێ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت. کۆمیتەکە سەردانی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کرد، بەڵام ئەنجامێکی نەبردەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی داهاتوو گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی بکەن کە بەبڕوای بەشێک لە پارتە سیاسییەکان، هەرچەندە کۆتاییهێنان بە کێشە سیاسییەکان ئەو قەیرانە داراییە چارەسەر ناکات، بەڵام لانیکەم قەیرانێک کەم دەکاتەوە.

گۆڕان لە پرۆژەکەیدا چارەسەری سیاسی بەستووەتەوە بە گەڕانەوەی بێمەرجی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی بۆ سەر کارەکانیان.

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان کە زانیاری لەسەر پرۆژەکە دایە (رووداو)، باسی خاڵێکی دیکەی نێو پرۆژەکە دەکات و دەڵێ "پارتی و یەکێتی دەتوانن بە پێشکەشکردنی پارەی شیرینی نەوت، یان پارەی هەڵگیراوی کۆمپانیا حیزبییەکان بە حکومەت، قەیرانەکە سووکتر بکەن لەسەر حکومەت". هەروەها گوتیشی "لەم پرسەدا دەبێ پارتی و یەکێتی بە هاوبەشی بڕیار بدەن".

شەماڵ عەبدولوەفا کە هەڵسووڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕانە، دەڵێ هەموو ژوورەکانی بزووتنەوەکە بەشدارییان لە دانانی ئەو پرۆژەیەدا کردووە "ئەوە رای فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕانە، هەم بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و هەم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان". هەروەها گوتیشی "مەبەست لە راگەیاندنی ئەو پرۆژەیە خەڵکە و بۆ موزایەدەکردن نییە، بەڵکو بۆ حیزبەکان و حکومەتیشە بۆ ئەوەی دیدی گۆڕان بزانن بۆ چارەسەری کێشەکان".

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە کێشە سیاسییەکان ئەوەندەی قەیرانە داراییەکە قورس نین، بەڵام کێشە سیاسییەکان خەڵکیان نائومێد و بێزار کردووە و ئەوەندەی دیکە قەیرانە داراییەکەی لەسەر قورس کردوون "باشە قەیرانی دارایی ناتوانرێ چارەسەر بکرێ، خۆ دەتوانن قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکەن". بێستوون فایەق هەروەها دەڵێ "ئەگەر وەک هاووڵاتییەکیش قسە بکەم، دەستبەکاربوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان لیژنە دروستکردنی بۆچییە، بڕیارێکە و بابدرێ بۆ ئەوەی کێشە سیاسییەکان نەمێنن".

# سوپای عێراق دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان

**وەزارەتی پێشمەرگە: هاتنی ئەو هێزە کاتییە و لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی مووسڵ دەڕوات**

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

هەولێر و بەغدا لەسەر جێگیرکردنی هێزێکی سوپای عێراق لە قەزای مەخموور رێکدەکەون. بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت مانەوەی ئەو هێزە کاتییە و دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەوێ نامێنن.

رۆژی 2016/2/6 خالید عوبەیدی، وەزیری بەرگریی عێراق لە میحوەری مەخموور سەربازگەیەکی نوێی بۆ سوپای عێراق کردەوە، بڕیارە لە دوو رۆژی داهاتوودا 4500 سەربازی عێراق بهێنرێنە سەربازگەکە.

خالید عوبێدی، وەزیری بەرگریی عێراق بە (رووداو) راگەیاند "کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ تێناپەڕێت، ئەوەش لە رێگەی تەکتیک و ئەزموونێکی نوێوە کە هێزە چەکدارەکانی عێراق لە شەڕەکاندا وەریانگرتووە، بە بەکارهێنانی چەکی نوێ کە داعشی پێ سەرسام دەکەین".

بە گوتەی بەرپرسان، هێنانی ئەو هێزە بۆ باشووری کوردستان ئامادەکارییە بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ. شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "هاتنی سوپای عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بە رێککەوتن و هەماهەنگی و بەشێوەیەکی کاتیشە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ ئەو سەربازگەیە رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێت".

شاخەوان عەبدوڵلا ئاشکرای کرد کە سەربازگەکە بڕی 10 ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکراوە و بە هاوکاریی ئەمریکییەکان دروستکراوە. لە رێگای کەرکووکیشەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەربازانی سوپای عێراق لەو سەربازگەیە جێگیر دەکرێن".

گوتیشی "هەریەک لە فیرقەکانی 15 و 16ی سوپای عێراق بەشداری ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکەن، هەروەها پۆلیسی فیدراڵی، پۆلیسی پارێزگای مووسڵ و پۆلیسی سنوور بەشدار دەبن".




وەزیری بەرگریی عێراق دەڵێت بە چەکە نوێیەکانیان داعش سەرسام دەکەن

(رووداو) زانیویەتی چەکدارانی حەشدی نیشتمانیش بە فەرماندەیی ئەسیل نوجێفی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن، ژمارەشیان کە 5000 چەکدارە لە سەربازگە نوێیەکە جێگیر دەکرێن.

رۆژی 2016/1/31 شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبووەوە. بەپێی بەیاننامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا "جەخت لەسەر کاری هاوبەش و پێکەوەیی و بەردەوامیی هەنگاوەکانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش بە مەبەستی ئازادکردنی شاری مووسڵ و هەموو ئەو دەڤەرانەی لەژێر دەستی داعشدان، کرایەوە".

(رووداو) زانیویەتی لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی باسی جێگیرکردنی سوپای عێراقی لە مەخموور کردووە و گوتوویەتی هاتنەکەیان کاتییە و لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەڕۆن، چەند وەزیرێکیش داوای گەرەنتی رۆیشتنی هێزەکەیان لە سەرۆکوەزیران کردووە، ئەویش دڵنیایی داونەتێ.

هەر لەوبارەوە خالید حەدیدی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ رایگەیاند "ئێستا 3 لیوا لەو سەربازگەیە جێگیرکراون، بڕیاریشە 4500 سەربازی دیکەی فیرقەی 15 بگەنە ئەو سەربازگەیە و ئامادەکارییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بچنە قۆناغێکی دیکەوە".

بەپێی زانیارییەکان ئەو سەربازە عێراقییانە کە زۆربەیان عەرەبی سوننەن و لەو سەربازگەیەی مەخموور جێگیر دەکرێن، لەلایەن راهێنەرانی ئەمریکی و هاوپەیمانانەوە بۆ شەڕی مووسڵ ئامادە دەکرێن.

نەجات عەلی، بەرپرسی میحوەری مەخمووری هێزی پێشمەرگە کاتی هاتنی هێزەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "بڕیارە هێزەکانی سوپای عێراق رۆژی 2016/2/10 بگەنە سەربازگەی مەخموور، ئەو سەربازگەیەش کاتییە، چونکە بە کابینە و خێمە دروستکراوە".

سەبارەت بە هێنانی چەکی قورس و پێشکەوتوو بۆ مەخموور، نەجات عەلی گوتی "بێگومان چەکی قورس و پێشکەوتوو دەهێنن، چونکە شەڕی مووسڵ ئاسان نییە، جگە لەوە شەڕەکە بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ دەستپێدەکات، بەڵام ئێمە لەگەڵیان رێککەوتووین تا ئەو خەندەقەی لێمانداوە سەرجەم هێزەکانی سوپای عێراق لە ژێر فەرمانی ئێمەدان".

بەبڕوای ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە، ئامادەکارییەکانی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لە ئاستی پێویستدا نییە دەڵێ "بە بڕوای خۆم ئەمساڵیش مووسڵ کۆنترۆڵ ناکرێتەوە".

فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ ئاماژەی بەوەدا کە هیچ شتێکی نوێ لە ژووری هاوبەشی وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیماناندا نییە.

سەبارەت بە هاتنی سوپای عێراقیش بۆ مەخموور، جەبار یاوەر بە (رووداو)ی گوت "ژمارەی ئەو سەربازانە و جۆری چەکەکانیش کە دەهێنرێتە ئەو سەربازگەیە بە ئاگاداری و زانیاریی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت و جێگیرکردنی ئەو هێزەش کاتییە، لەگەڵ ئازادکردنی مووسڵ دەڕۆن".

لە کۆبوونەوەی ژمارە 40ی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە میوانداریی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان و بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس و پارێزگاری نەینەوا کرابوو، ئەو فەرماندانە ئاشکرایان کردبوو کە ئەمریکا 150 ملیۆن دۆلاری بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ تەرخان کردووە.

رۆژی 10ی حوزەیرانی 2014 چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵی سەنتەری پارێزگای نەینەوا و لەئەنجامدا فیرقەی 2 و 3ی سوپای عێراق کە لە شارەکە بوون، شکان و شارەکە کەوتە دەستی داعش.



## یوئێن ئاینەکانی کوردستان کۆدەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی دووشەممە 2016/2/8 بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە شاری هەولێر کۆتا ڕۆژی هەفتەی پێکەوەژیانی ئاینی بەڕێوەدەچێت کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و کونسولی وڵاتان و حیزبە ئیسلامییەکانیش ئامادە دەبن و گوتی "ئەو کۆنفرانسە هەر ڕۆژە و لە شارێکی گەورەی عێراق بەستراوە و ئەمڕۆش پانێڵێک بۆ نوێنەرانی هەشت ئاینەکەی هەرێمی کوردستان لەبارەی چۆنیەتی نزیکبوونەوەیان لە یەکدی و پەرەپێدانی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو".

### د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بۆ (ڕووداو):

# شتێک نییە بەناوی کاتی هەڵە بۆ گشتپرسی و دەبێ کەرکووکیش بگرێتەوە



## دەبێت کەرکووک بکرێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەنێو هەرێمی کوردستاندا

**پۆڵ ئیدۆن**
**ڕووداو- کەرکووک**

پارێزگاری کەرکووک دەڵێت شتێک بەناوی کاتی هەڵە بۆ گشتپرسی بوونی نییە و ئەگەر گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان بکرێ، دەبێ پارێزگای کەرکووکیش بگرێتەوە. هەروەها دەڵێت پێویستە کەرکووک بکرێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەنێو هەرێمی کوردستاندا و تورکمان و عەرەبی کەرکووکیش نوێنەریان لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستاندا هەبێ.

د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی ئینگلیزیی پۆرتاڵی (ڕووداو) نایشارێتەوە کە قەیرانی دارایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر پارێزگای کەرکووکیش جێهێشتووە و دەڵێت "دابەزینی نرخی نەوت و جەنگی دژی داعش وەکوو هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر کەرکووکیش داناوە، هەموو ئەو شتانەی کە دەستمان پێکردبوون وەستاون و هیچ پارەیەکیش نییە بۆ ئەوەی لەم پرۆژانەدا خەرجیان بکەین". پارێزگاری کەرکووک هەروەها ڕایگەیاند لە ساڵی 2014ەوە هیچ بەشە بودجەیەکیان لە بەغداوە بۆ نەهاتووە، هیواشی خواست ساڵی 2016 باشتر بێت لە ساڵەکەی پێشتر کە هەمووی بە جەنگی دژی داعش تێپەڕی.

د.نەجمەدین دەڵێت کێشەکە تەنیا ئەوە نییە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە وەستاون، بەڵکو بەشی ڕۆژئاوای پارێزگاکەش لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە خانووبەرەی خەڵک وێران بوون.

### گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

پارێزگاری کەرکووک پێشتر ڕایگەیاندبوو ئەگەر بڕیاربێت کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە پێویستە حاڵەتێکی تایبەتی بۆ لەبەرچاو بگیرێت، لەبارەی ئەم پێشنیازەوە د. نەجمەدین کەریم گوتی "یەکەم شت دەبێت هەموو خەڵکانی ناو کەرکووک باوەڕ بە بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ سەر کوردستان بهێنن". هەروەها دەڵێت "بۆ دڵنیاکردنەوەی عەرەب و تورکمانەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووک، پێویستە هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێک بنێت، لەوانە: ژمارەیەک یاسا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێن کە دەربڕی مافەکانی کورد، عەرەب و تورکمان بێت، کەرکووک پێگەیەکی تایبەت و ئۆتۆنۆمی لەناو هەرێمی کوردستاندا هەبێت، چونکە کەرکووک وەکوو هەولێر، دهۆک و سلێمانی نییە کە پێکهاتەیەکی یەکجۆریان هەیە و هەموویان کوردن".

ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمەش بە گوتەی پارێزگای کەرکووک "پۆلیسی خۆی دەبێت، خۆی چاودێری و کۆنترۆڵی دارایی خۆی بکات. هەروەها دەبێت ڕێوشوێنێک بگیرێتە بەر کە کورد و تورکمان و عەرەب وەکوو یەک بەپێی ڕێژەی دانیشتووانیان نوێنەر و بەشدارییان لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەماندا هەبێت. هەروەها دەبێت هەرێمی کوردستان دڵنیایی بدات کە بەپێی دەستووری عێراق پەروەردە بە زمانی عەرەبی و تورکمانی هەبێت".

بە بۆچوونی د.نەجمەدین کەریم ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە بگیرێنە بەر، ئەگەری ئەوەش زیاتر دەبێت کە تورکمان و عەرەبەکان دەنگ بە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدەن. سەبارەت بە هەڵوێستی میلیشیا شیعەکان بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر خاکی کوردستان، د.نەجمەدین کەریم گوتی "ئێمە لە کەرکووک هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ میلیشیا شیعەکاندا نییە. لەبەرئەوەی کەرکووک ئێستا بەشێک نییە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەو کێشەیەشیان نییە، بەڵام ئەگەر پرسەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە دەبێت ڕێز لە ویستی خەڵک بگیرێت، هیچ پارتێکی سیاسی یان میلیشیایەک بۆی نییە دژایەتی بکات. ئەمە دەستوورە، ئەمە یاسای ئەم وڵاتەیە".

### خەندەقەکانی دەوروبەری کەرکووک

ماوەیەکە هەندێک لایەن ڕەخنە لەو خەندەقانە دەگرن کە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا لێدراون. د.نەجمەدین هۆکاری ڕەخنەکانی بۆ "بێئاگایی" گەڕاندەوە و گوتی هۆکاری هەندێک لەو ڕەخنانە ڕەگەزپەرستانەیە "ئەمجۆرە خەڵکانە دژایەتی هەموو ئەو شتانە دەکەن کە کورد دەیانکات، بەڵام وابزانم هەموو جیهان لەوە تێدەگات کە ئێمە لەگەڵ دوژمنێکی خراپەکاردا ڕووبەڕووین".

> **هەرێمی کوردستان بۆ بەرمیلێک نەوت دۆلارێکمان دەداتێ**

پارێزگاری کەرکووک لەبارەی کاریگەریی خەندەقەکان لەسەر ئاسایشی شارەکە گوتی "پێشتر هەفتانە 2 بۆ 3 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەتەقینەوە، بەڵام ئێستا ئەمانە نەماون".

### نەوتی کەرکووک و پێترۆدۆلار

لەمەڕ پشکی کەرکووک لەو پارەیەی لە نەوتی هەناردەکراوی کەرکووک بەدەست دێت، نەجمەدین کەریم گوتی "هەتا حوزەیرانی 2015 هەموو ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوتی کەرکووک دەستدەکەوت، بەوەشەوە کە لە ڕێگەی بۆرییە نەوتەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەناردە دەکران، ڕەوانەی بەغدا دەکرا، بەڵام لە حوزەیرانی 2015ەوە هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتەکە هەناردە دەکات و بە شێوازێکی سەربەخۆ دەیفرۆشێت، هەر بۆیەش ئێمە لە کەرکووک چاوەڕوانی ئەوەمان هەیە پشکی خۆمان لە پێترۆدۆلار پێبدرێت".

گوتیشی "حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر بەرمیلێک لە نەوتی کەرکووک یەک دۆلارمان پێدەدات، وابزانم ئەم بڕە لە بودجەی عێراقدا 2 دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک".

پارێزگاری کەرکووک ئاماژەی بەوەش دا کە کەرکووک نەک هەر نایەوێت لەو کێشەیەی نێوان بەغدا و هەولێردا تێوەگلێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیەوێت پردێک بێت لە نێوانیاندا.

### گشتپرسی

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی ئێستا بووەتە ڕۆژەڤی هەرێمی کوردستان، هەندێک کەس و لایەن دەڵێن کات گونجاو نییە بۆ ئەو پرسە، بەڵام د.نەجمەدین کەریم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانە، دەڵێت "شتێک بە ناوی کاتی هەڵە بۆ گشتپرسی بوونی نییە. کورد ئەو مافەی هەیە گشتپرسی بکات. کورد مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت، ئەگەر گەلی کورد ئەمەی ویست".

د.نەجمەدین زیاتر لەبارەی گشتپرسییەوە قسە دەکات و دەڵێت "بە بۆچوونی من ئەگەر بەنیازین گشتپرسی بکەین و سەربەخۆییش دەنگێکی بەهێزی لەپشت بوو، ئەوە هەندێک هەنگاو هەن دەبێت بیانهاوێژین. بچووکترینیشیان ئەوەیە لەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە و ئیدارەی کوردیدان سەروەریی خاک ڕابگەیەنین. بە بۆچوونی من ئەم گشتپرسییە دەبێت کەرکووکیش لەخۆبگرێت". پارێزگاری کەرکووک پێیوایە سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو تەنیا کاتێک کاریگەر دەبێت کە "فیدراڵیزمێکی ڕاستەقینە لەئارادا بێت". گوتیشی یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە ڕێگە بدرێت لە پاڵ هەرێمی کوردستاندا هەرێمی دیکەش پێکبهێنرێ، ئەو گوتی ئێستا شتێک بەناوی عێراقی یەکگرتوو نەماوە.

د. نەجمەدین لەسەر ئەو ڕایەیە کە "ئەگەر سوننەکان ڕێگەیان پێنەدرێت هەرێمی خۆیان پێکبهێنن و پۆلیس و دژەتیرۆری خۆیان هەبێت، ئەوە ئەگەر داعشیش نەمێنێت شتێکی دیکە سەرهەڵدەدات". گوتیشی "ئەگەر تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە بۆ فیدراڵیزم هەبێت، ئەوە عێراقیش وەکوو یەک یەکەی سیاسی دەمێنێتەوە، بەڵام بەبێ ئەمە عێراق پارچە پارچە دەبێت، ئێمە هیوادارین ئەمە بە ئاشتیانە ڕووبدات، بەڵام دەشێت زۆریش خوێناوی بێ".

### بەغدا پارەیان دەداتێ و پێشمەرگە دەیانپارێزێ

# کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا دەبنە حەشدی شەعبی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- ئەلقوش**

حکومەتی عێراق سەرقاڵی دروستکردنی هێزێکە بۆ کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا و هێزەکەش لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدا دەبێت. بەشێک لەو هێزە دەستیان بە مەشق و ڕاهێنان کردووە و بەرپرسی هێزەکەش دەڵێت هەماهەنگییان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە، بەڵام پارە لە بەغدا وەردەگرن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) تاوەکو ئێستا 800 کریستیانی دەشتی نەینەوا ناوی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بەو هێزەوە تۆمار کردووە و 350 کەسیان ئێستا لە سەربازگەیەک لە نزیک ئالقۆش دەستیان بە مەشق و ڕاهێنان کردووە.

پێشتر حکومەتی بەغدا لە ڕێگەی چەند کوردێکی ئێزدییەوە هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە شنگال دروستکرد، بەڵام هەرزوو ئەو هێزە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکرایەوە و بەرپرسی ئەو هێزەش کە حەیدەر شەشۆ بوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراو دواتر ئازاد کرا. ئێستا بەغدا لەپاڵ هێزێکی دیکەی ئێزدی کە لە پەکەکە نزیکن و پارە لە حەشدی شەعبی وەردەگرن، دەیەوێ لە ڕێگەی کریستیانەکانی دەشتی نەینەواوە، هێزێکی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری مووسڵ دروست بکات، بەڵام حەشدی شەعبی بەلای خەڵکی پارێزگای مووسڵەوە هێزێکی قبوڵکراو نین.

عەمید بەهنام عەبووش کە سەرپەرشتیی ئەو هێزە دەکات و پێشتر لە سوپای عێراقدا کاری کردووە، ئامانجی دامەزراندنی ئەو هێزەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "ساڵێک لەمەوبەر هەوڵمان دا لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەم هێزە بەناوی هێزی پاراستنی دەشتی نەینەوا دابمەزرێنین، سەرەتا 351 سەرباز لە سەربازگەی چەمچەماڵ سێ مانگ مەشق و ڕاهێنانیان بینی کە ڕاهێنەرانی ئەمریکی و عێراقی مەشقیان پێدەکردن، دواتر ئێمە هاتینە سنووری ناحیەی ئەلقوش و تەلسقوف".



عەبووش کە تەمەنێکی زۆری لەنێو سوپای عێراقدا بەسەر بردووە، ئێستا دەیەوێت زێدی کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا بپارێزێ. عەبووش دەڵێت "دوای دروستبوونی ئەو هێزە ژمارەیەکی زۆری کریستیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان پەیوەندییان پێوە کردووین، ئەوانەی دەرەوە هاوکاریی مادیمان دەکەن، ئەوانەشی لێرەن دەیانەوێت بێنە ڕیزەکانی ئێمە".

ئێستا سەربازگەیەک تایبەت بەو هێزە دروستکراوە کە تەنیا دوو کیلۆمەتر لە ناحیەی ئەلقۆش دوورە. بەمەش ئەو سەربازگەیە دەبێتە یەکەم سەربازگە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە تەنیا کریستیانی تێدابن.

عەمید بەهنام باسی دروستکردنی ئەو سەربازگەیەی کرد و گوتی "دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کریستیان پەیوەندییان پێوەکردین، داوامان لە بەغدا کرد سەربازگەیەکی تایبەت بۆ هێزەکەمان دروست بکات، ئەوانیش 50 ملیۆن دیناریان بۆ ناردین، بەڵام ئەو بڕە پارەیە کەم بوو، بەشی هەموو پێداویستییەکانی سەربازگەکەی نەکرد، بۆیە پەیوەندیمان بە کریستیانە سەرمایەدارەکانی دەرەوەی وڵاتەوە کرد، ئەوان یارمەتییان داین بۆ تەواوکردنی سەربازگەکە". گوتیشی "ئێستا وەجبەیەکی دیکەی هێزەکەمان مەشق و ڕاهێنانیان لە سەربازگەکە دەستپێکردووە".

پێش جەنگی عێراق و ئێران نزیکەی ملیۆن و نیوێک کریستیان لە عێراق هەبوون، بەڵام لەبەر ڕەوشی نائارامی عێراق بەتایبەتی لەدوای 2003، بەشێکی زۆری ئەوان چوونە دەرەوەی وڵات و ئێستا نزیکەی 500 هەزار کریستیان لە عێراق ماون کە 90%یان لە هەرێمی کوردستانن. دەشتی نەینەوا دەکەوێتە نێوان شارەکانی مووسڵ، دهۆک و هەولێر و ژمارەیەکی زۆر لە کریستیانەکان لەو ناوچەیە نیشتەجێن.

حکومەتی عێراق هاوکارییەکی باشی ئەو هێزانە دەکات کە سەر بە حەشدی شەعبین، بەڵام ئامادە نییە یارمەتی هێزێکی وەکو پێشمەرگە بدات کە بەبڕوای زۆربەی چاودێران گرتنەوەی مووسڵ بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە زەحمەتە.

عەبووش سەبارەت بە هاوکارییەکانی بەغدا بۆ ئەو هێزە گوتی "ئێمە هاوکارییەکانمان لە ئەمنی نیشتیمانی لە بەغدا وەردەگرین، تاوەکو ئێستا مووچەیەکمان وەرگرتووە، حەشدی شەعبی و حەشدی نیشتیمانی و هەموو ئەو هێزانەی تازە دروستبوون، ئەوانیش مووچە و هاوکاری لەهەمان شوێن وەردەگرن".

سەبارەت بە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لە دروستکردنی ئەو هێزە، عەمید عەبووش گوتی "پێش دروستکردنی ئەم سەربازگەیە ڕەزامەندیمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە وەرگرت، خۆمان ئامادە دەکەین بۆ بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی خۆمان لە دەشتی نەینەوا". گوتیشی خەڵکێکی زۆر داوا دەکەن بێنە پاڵ ئەم هێزە "ئەگەر دەرگای ناونووسین بکەمەوە، ڕۆژانە دەتوانم ناوی 2000 خۆبەخش تۆمار بکەم".

### پێشمەرگە بەرگرییان لێدەکات

هەرچەندە عەمید عەبووش زۆر پەسنی هێزەکەی دا و گوتی خەڵکێکی زۆر ئامادەن پەیوەندییان پێوە بکەن، بەڵام ئەو هێزە لەلایەن پێشمەرگەوە هاوکاری دەکرێن و دەپارێزرێن.

عەمید جەواد حەبیب کە یەکێکە لە ڕاهێنەرانی سەربازگەکە و کریستیانە، زۆر پەسنی هێزەکانی پێشمەرگە دەدات و دەڵێت "ڕاستییەکەی هێزەکانی پێشمەرگە نەبوونایە نەماندەتوانی لێرە مەشق بکەین، چونکە ئێستا هەموو ئەم شوێنانە هێزەکانی پێشمەرگە دەیپارێزن، لە کاتی هەر هێرش و شتێکی نوێدا ئێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەم ناوچانە دەجوڵێین".



تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا بۆ (ڕووداو):

# زەحمەتە گەلی کورد بدەیتە دەست داهاتوویەک کە نەزانی چۆن دەبێ

تۆنی بلێر، لە ساڵانی 1997 تاوەکوو 2007 بۆ سێ خولی یەک لەدوای یەک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو، هاوکات لە 1994ەوە تا 2007 سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا بوو، پێش ئەوەی لەو ساڵەدا لەژێر گوشاری دەنگدەران بەگشتی و لایەنگرانی پارتی کرێکاراندا دەست لە هەردوو پۆستەکەی بکێشێتەوە، ئەوەش وەک بەرئەنجامی ئەو قورساییە زۆرەی کە هەردوو جەنگی رووخاندنی رژێمی تاڵیبان لە کۆتایی 2001 لە ئەفغانستان و ئازادکردنی عێراق لە نیسانی 2003دا خستیانە سەرشانی حکومەت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، وەک یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی جیهان دەمێنێتەوە بەتایبەتی بۆ عێراقی و ئەفغانییەکان کە گیرۆدەی دەستی دوو رژێمی دزێو بووبوون. بلێر لە کۆڕبەندی ئابووریی ئەمساڵدا لە داڤۆسی سویسرا یەکێک بوو لە میوانەکان و لەوێ لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بووە میوانی (ڕووداو).

هەڤپەیڤین: هێمن لهۆنی
ڕووداو- داڤۆس

## ئێستاش لەگەڵ دروستکردنی ناوچەی ئارامم لە سووریا

## بەشار ئەسەد هیچ داهاتوویەکی لە سووریا نییە

**ڕووداو: بۆ زۆر کەس کە دڵنیام تۆش یەکێکیت لەوانە، مەترسیدارترین پێشهات لەم ساڵانەی دواییدا بریتییە لە گەشەکردنی ئیسلامی توندڕەو. دوای لاوازبوونی قاعیدە بۆچی ئەم هەڕەشەیە جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوە؟**

**تۆنی بلێر:** پێموایە دەبێ لە زۆر شت تێبگەین لەبارەی ئیسلامیزمی رادیکاڵ کە گەورەترین هەڕەشەیە ئەمڕۆ جیهان رووبەڕووی دەبێتەوە. یەکەم شت ئەوەیە کە ئەم کێشەیە رەگوڕیشەیەکی قووڵی هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە یەکەمجار لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە ئەم مەترسییە هاتە هۆش و ویژدانی رۆژئاواییەکان. بەڵام لەڕاستیدا ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر کە لەسەر بنچینەی شێواندنی ئایین دروست بووە. لەگەڵ ئەمەشدا بنچینەیەکی دیکەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەقە رووخێنەرە ئاینییەکان. دووەم: ئەم دیاردەیە بووەتە ئایدیۆلۆژیایەک، بۆیە زۆر گرنگە لەکاتی جەنگ لە دژی توندوتیژی، جەنگ لەدژی ئەو ئایدیۆلۆژیایەش بکرێ کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی. سێیەم: ئێستا ئەم کێشەیە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و تەنیا پەیوەندی نییە بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە. ئێستا پەلی کێشاوە بۆ رۆژهەڵاتی دوور و ئاسیای نێوەڕاست و ئەفریقاش. تەنانەت هاتووەتە وڵاتانی خۆشمان لە ئەوروپا. بۆیە پێویستمان بە ستراتیژییەکە کە گشتگیر بێت. ستراتیژییەک لە ماوەیەکی کورتدا توندڕەوەکان لەناوببرێن و لە ماوەیەکی درێژخایەنیشدا ئایدیۆلۆژییەکەیان ببەزێنرێ.

**ڕووداو: هەندێک دەڵێن ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەرهەمی حکومەتە گەندەڵ و تایفییەکانی ناوچەکەیە، تۆ تا چەند لەگەڵ ئەمەی؟**

**تۆنی بلێر:** من دەڵێم کێشەکانی هەژاری و گەندەڵی و کەمیی پێشکەوتن هەموویان بەشێکن لە هۆکارەکان نەک هۆکاری سەرەکی بن. چونکە دەتوانم بڵێم وڵاتانێک هەن هەژارن و گەشەکردوو نین، بەڵام کێشەی توندڕەوییان نییە. بۆیە پێموایە توندڕەوی تەنیا بەرهەمی کێشە و تەحەددییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، کێشەکە ئەوەندە ئاسان نییە و بووەتە ئایدیۆلۆژیایەک کە ئاین بۆ خۆی دەشێوێنێ، بۆیە پێویستە لەو بوارەوە رووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببینەوە. راستییەکیش هەیە ئەمڕۆ زۆر هاوپەیمان هەن کە موسوڵمانن و ئامادەن لەگەڵمان شەڕ لە دژی شێواندنی دینەکەیان بکەن، بەڵام دەبێ ئەم شەڕە لە هەموو بوارەکاندا بێت. ئێمە دەتوانین هاوکاریی وڵاتان بکەین بۆ پێشخستنیان، بەڵام ئەو هاوکارییە ئەگەر لە هەموو بوارەکاندا نەبێ ئەوا ئەو تەحەددییە گەورەیە هەر دەمێنێ. هەتا رادیکاڵی ئیسلامیش هەبێ، زۆر زەحمەتە بۆ ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ پێشبکەون. ئەمڕۆ تەنیا کێشەیەک کە بووەتە هۆی کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی وڵاتانی ئەفریقا بریتییە لە گەشەی توندڕەوی.

**ڕووداو: بەهاری عەرەبی تا چەند هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەی ئێستا و سەرهەڵدانەوەی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی رادیکاڵە؟**

**تۆنی بلێر:** بەهاری عەرەبی پیشانیدا خەڵک ئامادە نییە بێدەنگ بێ لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی، یان ئەو هەستەی هەبێ کە وڵاتەکەی لەلایەن نوخبەیەکی بچووکەوە بەڕێوەدەبرێ. لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوانەی بەهاری عەرەبییان کرد، بریتی بوون لە دوو گرووپ، پێکەوە دژی سیستەمە کۆنەکان وەستانەوە و داوای رووخاندنیان کرد. ئەوانیش بریتی بوون لە خەڵکە لیبراڵەکان و ئیسلامییەکان. ئەم دوو گرووپە یەکیانگرت لە دژی سیستەمە کۆنەکە، بەڵام دواتر بینییان کە خۆیان لەناو خۆیاندا خاوەنی جیاوازیی زۆر گەورەن لەبارەی ئەوەی هەنگاوی داهاتوو چۆن بێ، لەکاتێکدا هەردوو گرووپەکە دیدگایان بۆ کۆمەڵگە جیاواز بوو. بۆیە بەهاری عەرەبی بەرهەمێکی رێگەلێنەگیراوی ستراکتۆری سیاسی و لێنەهاتوویی حکومەتە دواکەوتووەکانیان بوو. کێشەکە لەوەدایە بەهاری عەرەبی ئەوەشی پیشاندراین، کاتێک رزگارت دەبێ لە سیستەمە کۆنەکە، لە ژینگەکەی بێسەروبەری و بێ یاسادا بۆشاییەک دروست دەبێ بۆ بەهێزبوونی توندڕەوەکان.

**ڕووداو: دوێنێ قاعیدە و ئەمڕۆ داعش، سبەینێ بۆ ئەوەی لەوانە مەترسیدارتریش دروست نەبێ، دەبێ حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە چی بکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش چییان بۆ بکات؟**

**تۆنی بلێر:** دەبێ چەندین شت بکرێ: چونکە ئەوە لە داعشیش رزگارت بوو، هێشتا بۆکۆ حەرام و بزووتنەوەی شەباب و جەبهەتولنوسرە و نیو دەرزەن گرووپی دیکەش هەن. بۆیە من دەڵێم دیاردەکە بووەتە ئایدیۆلۆژیایەکی بەرفراوان. پرسیارەکە ئەوەیە دەبێ چی بکرێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی؟ یەکەم: دەبێ هێزێکی بە توانا هەبێ کە بتوانێ شەڕی ئەو گرووپانە بکات. دووەم: دەبێ لە سیستەمی خوێندنەوە دەستپێبکەین، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی نەوەیەک پەروەردە دەکەن، بەعەقڵێکی داخراو لە بەشەکەی دیکەی جیهان بڕوانن کە جیاوازن لێیان. جیهان لە سەردەمی ئەمڕۆدا لە دەستی خەڵکانێکە کە سنوورەکانی ئاین و کولتوور و نەتەوە نایانوەستێنێ بۆ ئەوەی بەیەک بگەن. بەڵام ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی تەسکبینە و هەر کەس وەک ئەوان بیرنەکاتەوە و هەمان تێگەیشتنی بۆ دین نەبێ، وەک دوژمنی خۆیان دەیبینن. بۆیە دەبێ لەم شەڕەدا هێرشیش بکەینە سەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە. سێیەم: رووبەڕووبوونەوەی پەیامەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەسەر ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی کاریگەرتر و دووربینانەتر لەوەی ئێستا دەکرێ. دوایین خاڵیش ئەوەیە کە پێویستە لەنێو ئیسلامدا دیبەیتی نیگایەکی مۆدێرن بۆ ئیسلام دەستپێبکات. ئەمەش تەحەدایەکی گەورەیە و پەیوەندی بە نەوەکانەوە هەیە.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانیتە ستراتیژییەتی ئۆباما بۆ لەناوبردنی داعش، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە هێرشی ئاسمانی نەیتوانیوە ئەو گرووپە لاواز بکات و هێشتا بەهێزن. ئایا تەنیا هێرشی ئاسمانی بەسە بۆ لەناوبردنی ئەو گرووپە؟**

**تۆنی بلێر:** پێموایە و لە چەند ساڵی رابردووشدا گوتوومە، هێرشی ئاسمانی بە تەنیا بەس نییە بۆ شکستهێنان بە گرووپی لەم جۆرە، بەڵکو دەبێ لەسەر زەمین ئەو گرووپە ببەزێنرێ. ئێستا ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەش هاوکاریی هێزە زەمینییەکانی وەک پێشمەرگە دەکەن کە دەجەنگن، بەڵام بە باوەڕی من ئەگەر بڵێین دەچین داعش لە نێو دەبەین، ئەوا دەبێ چەند پێوەرێکی پێویست هەیە بیگرینەبەر بۆ لە ناوبردنی.

**ڕووداو: ناکۆکییە گەورەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکا چۆن کاریگەرییان دەبێ لەسەر ئەم شەڕەی دژی تیرۆر؟**

**تۆنی بلێر:** دۆخێکی زەحمەتە، چونکە کێشەی زۆر گەورە هەیە لە نێوان رووسیا و ئەمریکا، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی ئۆکراینا. کێشەی گەورەشیان هەیە لەسووریا لەسەر پێگەی بەشار ئەسەد. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دوژمنێکی راستەقینەی هاوبەشیان هەیە کە دەبێ هەمووان پێکەوە بگەنە رادەیەک لە هاوکاری بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی.

**ڕووداو: ئایا دەستوەردانی راستەوخۆی رووسیا هاوکارە بۆ هێنانەکایەی چارەسەرێکی سیاسی لە سووریا؟**

**تۆنی بلێر:** بەڕای من دەستوەردانی رووسیا پێویست بوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە قۆناغێکی راگواستن هەبێ جارێکی دیکە دەرفەت بدات وڵاتەکە یەکبگرێتەوە. پێویستە چارەسەرێکی نوێی سیاسی بۆ سووریا هەبێ کە لە کۆتاییدا خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن لەسەر بنەماکانی سەروەریی یاسا و دیموکراسی.

## دەبێ سوور بین لەسەر ئەو هەڵوێستەی کە نابێ ئەسەد سەربکەوێ

## عێراق و سووریا دوو دەوڵەتی ساختەن و تەنیا لەسەر نەخشە وڵاتن

## پێویستە لەنێو ئیسلامدا دیبەیتی نیگایەکی مۆدێرن بۆ ئیسلام دەستپێبکات

**ڕووداو: هێشتا لەگەڵ دروستبوونی ناوچەی ئارامیت لەو وڵاتەدا؟**

**تۆنی بلێر:** بە قەناعەتی من گرنگە هەبێ.

**ڕووداو: تەنانەت دوای هاتنی رووسیاش؟**

**تۆنی بلێر:** بەڵێ پێموایە گرنگە سوور بین لەسەر ئەو هەڵوێستەی کە نابێ سەرۆک ئەسەد سەربکەوێ.

**ڕووداو: ئەسەد نامێنێتەوە؟**

**تۆنی بلێر:** پێموانییە لە ماوەیەکی درێژخایەندا هیچ داهاتوویەک بۆ سەرۆک ئەسەد لە سووریا هەبێ، پێموایە بۆ زۆرینەی خەڵکی سووریا مانەوەی جێگای قبوڵ نییە.

**ڕووداو: تۆ لەگەڵ ئەو دەنگانەیت کە دەڵێن پێویستە ئێستا ئەسەد بڕوات؟**

**تۆنی بلێر:** من بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەسەد لە سووریا کردوویەتی، بەڵام واقیعەکەش شتێکی دیکەیە، ئەو واقیعەی ئێستا ئێمە لەکوێداین. دەبێ ئێستا ئێمە پێکەوە کاربکەین بەرەو ئەنجامێک کە رێگایەکی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر پێبێ.

**ڕووداو: ولیام هێگ، وەزیری پێشووی دەرەوەی بەریتانیا وتارێکی نووسیبوو داوای کردبوو کە دەبێ بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی کراوە بن بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، راستەوخۆ مەبەستی ئەوەیە کە سایکس- پیکۆ بەرەو کۆتایی دەڕوات. تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەی؟**

**تۆنی بلێر:** ئاگادارم کە ماوەی چەندین ساڵە دیبەیتێک هەیە لەسەر سایکس- پیکۆ. شتێک هەیە دەبێ بیزانین کە سنوورەکان لە سەردەمێک و کاتێکی تەواو جیاواز لە ئێستا کێشراون. هەروەها لە کاتێکدا کێشراون کە دانیشتووانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر کەم بوون. سامانی نەوتیش لە ناوچەکە یان نەدۆزرابووەوە یان گەشەی نەکردبوو. بۆیە ئێستا لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و جیاوازداین بە بەراورد بەوکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە چەندین مەسەلەی هەنووکەیی هەن کە رەنگە لەم کاتەدا وەڵامەکانی بە ئاسانی دەست نەکەون. بۆ من ئێستا کێشەیەکی گەورەی ئەمنی هەیە کە دەبێ هەموو لا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە.

**ڕووداو: دیارە تۆش لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە هێشتا داوای یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەکەن؟**

**تۆنی بلێر:** من دەڵێم کە پێکهاتەی ئێستای حکومەتەکان کێشەیەکی گەورەن و بابەتێکن بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە ئێستا کات گونجاو نییە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەو مەسەلانەی دیکە.

**ڕووداو: بەڵام لە واقیعدا، زۆر کەس باوەڕیان وایە عێراق و سووریا دوو دەوڵەتی ساختەن و تەنیا لەسەر نەخشە وڵاتن؟**

**تۆنی بلێر:** ئەو قسەیە راستە.

**ڕووداو: مادام راستە چۆن ئەم دوو وڵاتە وەک جارانیان لێدێتەوە و جارێکی دیکە پێکدێنەوە؟**

**تۆنی بلێر:** راستە، بەڵام من وەک هەمیشە دەیڵێمەوە کە ئەوەی لە 1916 روویداوە و ساڵانی دواتریش هەرچی روویداوە بابەتگەلێکن بۆ گفتوگۆ کە ئایا راست بوون یان هەڵە. بەڵام ئەو شتانە روویانداوە، با بپرسین ئێستا لە کوێداین و دەبێ چی بکەین؟ دەزانم و دیارە کە ئەو مەسەلەیە لە کوردستان ئێستا گەرمترین بابەتە. بەڵام دەبێ وریا بین لەوەی لەم کاتەدا کۆمەڵێک بابەت نەورووژێن. ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی لێکدابڕینی هاوپەیمانەکان لەم کاتەدا کە دەبێ پێکەوە بن.

**ڕووداو: مەسەلەی سایکس پیکۆ راستە لە کوردستان بابەتێکی زۆر گەرمی گفتوگۆیە، پێتوانییە ئەوەی تۆ دەیڵێیت دژی ئیرادەی زۆرێکە لە خەڵکی عێراق کە نایانەوێ لەو وڵاتەدا بمێننەوە بە رەچاوکردنی ناکۆکییە گەورەکانی نێوان هەولێر و بەغدا؟**

**تۆنی بلێر:** نا، من زۆر بە باشی لەوە تێدەگەم، بەڵام کاتێک بیر لە وردەکاریی مەسەلەکە دەکەیتەوە کە چۆن هەندێک هەنگاو بنرێ بۆ پێشەوە، دەبینیت ئەم مەسەلانە زۆر زەحمەتن لەم کاتەدا. زۆر زەحمەتە هەموو گەلی کورد بدەیتە دەست داهاتوویەک کە نەزانی چۆن دەبێ. بۆیە من قسەکەم دەڵێمەوە کە لەم کاتەدا گرنگترین شت بریتییە لە پێکەوەبوون دژی دوژمنەکە.

**ڕووداو: گوتت هێرشە ئاسمانییەکان بەس نین بۆ لەناوبردنی داعش. کەواتە بەڕای تۆ بەبێ بوونی هێزی زەمینی بیانی دەتوانرێ داعش لەنێوببرێ؟**

**تۆنی بلێر:** من هەمیشە گوتوومە نابێ بژارەمان ئەوە بێ هیچ نەکەین نەوەک جارێکی دیکە کە کاتێک سەرۆکوەزیران بووم وەک ئەفغانستان و عێراق سەرباز بنێرینەوە. ئەگەر بمانەوێ داعش لەسەر زەمین لەناوبەرین، دەبێ ئەوەی پێویستە بیکەین. ئێستا ئەمریکا بەجدی و بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکارییەکانی زیاد کردووە بۆ ئەوانەی لەسەر زەمین شەڕی دژی داعش دەکەن. ئەمە گرنگە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر لەناوبردنی داعش بنەمایەکی سەرەکیمانە، ئەوا دەبێ ئەو پێوەر و رێگایانە بگرینەبەر کە دەبنە هۆی لەناوبردنیان بەزووترین کات. بۆ من شەڕ لە دژی داعش شتێکە، دەبێ هەموو ئەو ئامرازانە بەکاربهێنین لە دژیان کە دەتوانین بەکاریانبهێنین.

**ڕووداو: ئەگەر تۆ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوویتایە چیت دەکرد لە دژی داعش؟**

**تۆنی بلێر:** هەموو رێگا پێویستەکانم دەگرتە بەر بۆ لەناوبردنی.

**ڕووداو: کەواتە لە سیاسەتی ئێستای حکومەتی بەریتانیا رازیت؟**

**تۆنی بلێر:** راستییەکەی حکومەتی ئێستا سەرەڕای کەشوهەوا سنووردارە سیاسییەکە کە سەرۆکوەزیران تێیدا کار دەکات، ئەوەی لە رووی سیاسییەوە بکرێ کردوویەتی، بەڵام لە چەند مانگی رابردووشدا ئەوەم گوتووە کە ئەگەر بمانەوێ ئەو گرووپانە لەناو بەرین دەبێ دڵنیابین لەوەی دەتوانین و توانامان هەیە ئەو کارە بکەین.

**ڕووداو: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڕای تۆ خاڵی گەورەی لاوازیی ستراتیژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چییە لە بەرامبەر داعش؟**

**تۆنی بلێر:** دەبێ لەوە تێبگەین کە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کێشەیەکی قووڵ هەیە. کێشەیەک دەبێ رووبەڕووی بینەوە و لەناوی بەرین بە تێپەڕبوونی کات. بەهیچ شێوەیەک نابێ بهێڵین ئەو تیرۆریستانە خاک داگیربکەن و تێیدا بمێننەوە و خەڵکی مەدەنی بکوژن و بترسێنن. دەبێ پیشانی هەموو لایەکی بدەین کە پابەندین و ئیرادەمان هەیە ئەو تیرۆریستانە لەناوبەرین. هەمیشە ستراتیژی کورتخایەن و درێژخایەن هەیە. کورتخایەنەکە ئەوەیە کە هەموو رێگا پێویستەکان بگرینەبەر بۆ لەناوبردنیان بەشێوەیەکی کاریگەر. بۆ درێژخایەنەکەش بەڕای من گەورەترین خاڵی لاوازیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە بە بەرچاوی جیهانەوە ملیۆنان گەنج لە قوتابخانە فەرمی و نافەرمییەکان فێردەکرێن رقیان لەوانە بێ کە وەک ئەوان بیرناکەنەوە. سیستەمی پەروەردە دەبێ ببێتە ستراتیژی درێژخایەن بۆ پەروەردەکردنی گەنجان. پێویستمان بە دیدگا و پەیوەندی ئاین و سیاسەتە کە بگونجێ لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا. ئەوانە لە سەدەی 21دا جێگایان نابێتەوە کە دەیانەوێ بە بۆچوونێکی ئاینییەوە حوکم بکەن کە بەس خۆیان قبوڵ بێ و ئەوانی دیکە دوژمن بن. رۆژئاوا دەبێ باش لە کێشەکە تێبگات کە تەحەداکە گەورەیە و دەبێ لە هەموو لایەکەوە رووبەڕووی بینەوە.

**ڕووداو: وەکو خۆشت گوتت، زۆر لە کێشەکان ڕەهەندی ئاینییان هەیە و هەندێکجار مەزهەبی لە نێوان سوننە و شیعە، ئایا ئایین خۆی دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە؟**

**تۆنی بلێر:** دامەزراوەکەی من ئێستا لە کاردایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی لە روانگەی ئاینییەوە. توندڕەوەکانی ئاستی جیهانمان تاوتوێ کردووە. وێبسایتێکیشمان هەیە کە رۆژانە دەتوانی بزانی چی دەگوزەرێ. دەزانی چۆنە، بەشێک لەم شەڕە دەبێ شوێنکەوتووانی ئەم ئاینە بیکەن و هیچ کات رازی نەبن دینەکەیان بشێوێنرێ. ئیدی ئەو شێواندنە بۆ ئیسلامە لە دژی دینەکانی دیکە یان مەزهەبە جیاوازەکانی ناو ئیسلامە. بۆیە هەموو ئەم شتانە دەبێ لە روانگەیەکی دینییەوە بۆی بڕوانیت، نەک پێتوابێ هەمووی سیاسەتە.

## داعش تەنیا بە هێزی ئاسمانی لەنێوناچێت

## بۆ لەناوبردنی توندڕەوی دەبێ بەگژ ئایدیۆلۆژیاکەیدا بچینەوە

**ڕووداو: ئێستا کورد لە عێراق و سووریا تەنیا هێزێکی زەمینیی کاریگەرن لە دژی داعش. چەندین شوێنیان لەو گرووپە سەندووەتەوە. سەرکردەکانی کورد گلەییتان لێدەکەن کە هاوکارییان ناکەن، هێشتا کورد بە چەکی کۆن شەڕ دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی گەورەی دارایی بووە، بەغدا پارە نانێرێ و فەرمانبەران چەند مانگە مووچەیان نییە و حکومەت بەرەو ئیفلاسبوون دەڕوا. کوا هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هێزێک کە لەبری جیهان شەڕ دەکات؟**

**تۆنی بلێر:** وایە، من لە ماوەی رابردووشدا گوتوومە و دەیڵێمەوە کە دەبێ هەموو هاوکارییەک کە لەدەستماندایە بیدەین بەو کەسانەی ئێستا لەسەر زەوی ئەو شەڕە دەکەن، چونکە ئەوانە شەڕ بۆ من دەکەن هەروەک چۆن بۆ تۆش.

**ڕووداو: بەڵام ئەوان ئەو هاوکارییەیان پێناگات؟**

**تۆنی بلێر:** نابێ دەبێ بیانگاتێ، دەبێ هاوکاریی ئەو هێزانە بکرێ کە شەڕ دەکەن لە بری ئێمە. دەبێ هاوکارییەکان بە شێوەیەک بن شایستەی ئەو قوربانییە گەورەیە بن کە ئەو کەسانە لەو شەڕەدا دەیدەن.

**ڕووداو: بەڵام حکومەتەکەیان لەژێر گوشاردایە و خەریکە ئیفلاس دەکات؟**

**تۆنی بلێر:** لەگەڵتم، ئێستا کاتی کردارە.

**ڕووداو: هیچ قسەت هەیە لەسەر سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوان کورد و حکومەتی تورکیا؟**

**تۆنی بلێر:** جارێکی دیکە دۆخەکە زۆر ئاڵۆز و ناڕەحەتە. دەبێ هەموومان لەوە تێبگەین کە شەڕی داعش تەنیا شتێکی گرنگە لەم کاتەدا. دەبێ لەوەش تێبگەین هاوکاریی ئەو هێزانە بکەین کە شەڕی داعش دەکەن. دەزانیت کە من دەڵێم ئەگەر هەموومان لە مەترسی ئەو کێشەیە بۆ ئاسایشمان تێبگەین چەندە گەورە و جدییە، ئەوا رێگە بە خۆمان دەدەین هاوکاریی ئەو هێزانە بکەین کە لەم جەنگەدا نەک بە قسە و تیۆری، بەڵکو بە گیانیان رۆژانە قوربانی دەدەن.

کوردستانی
رووداو
ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8

## لە دیواندەرە خوێندنی کوردی دەستی پێکرد



**رووداو – سنە**

لە قوتابخانەکانی شارۆچکەی دیواندەرەی سەر بە پارێزگای سنە، بە هەوڵی دوو مامۆستای کورد، خوێندنی زمانی کوردی دەستی پێکرد. ئەو دوو مامۆستایە (لەتیف سوڵتانی و رەشید کەریمی) پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیان داناوە کە بریتییە لە پەرتووکێک بەنێوی "رێنووس و وێژەی کوردی". پەرتووکەکە لە 126 لاپەڕە پێکهاتووە و تایبەتە بە پۆلەکانی حەوت و هەشت و نۆی بنەڕەتی. ئەم پەرتووکە لە سەرەتای مانگی رێبەندانەوە (21ی کانوونی دووەم) بە فەرمی لە قوتابخانەکانی شارۆچکەکە و گوندەکانی دەخوێندرێت.

ئەمریکا و رووسیا..

# کێ کارتی کورد لە سووریا دەباتەوە؟

**رووداو– هەولێر**

چاودێرانی سیاسیی تورک پێیانوایە سەردانی برێت مەکگۆرک و شاندی هاوڕێی بۆ کۆبانێ، پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ تورکیا، ئاماژەیەکیش بوو بۆ قبوڵنەکردنی سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر سووریا. هەروەها پەیامێکە بۆ رووسیا کە جیهانی رۆژئاوا رێگا نادات رووسیا تاکە یاریکەری گۆڕەپانی سووریا بێت.

رۆژی 2016/1/30، برێت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، بەیاوەریی شاندێکی سەربازیی بەریتانی و فەرەنسی، سەردانی شاری کۆبانێی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری و سەربازیی کانتۆنی کۆبانێ کۆبووەوە.

مەکگۆرک و شاندی یاوەری، لە فرۆکەخانەی سەربازیی رمێلان دابەزین کە ئێستا وەکو بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکی لێهاتووە بۆ هاوکاریکردنی یەپەگە و دەستەخوشکەکانی لە هێزەکانی سووریای دیموکرات.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا وردەکارییەکان دەربارەی سەردانی ئەو بەرپرسە ئەمریکییە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام سەردانەکە تەنیا رۆژێک دوای دوورخستنەوەی پەیەدە بوو لە دانوستاندنەکانی جنێڤ 3. بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە سەردانی نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کۆبانێ بۆ ئەوەیە ترسی کوردی رۆژئاوا لە دوورخستنەوەیان لە دانوستاندنەکانی جنێڤ بڕەوێنێتەوە و پێیان بڵێ کە ئەوان فەرامۆش نەکراون و بەشێکن لە پرۆسەی سیاسیی سووریا.

بەڵام جۆن کێربی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی مەکگۆرک و شاندەکەی، بۆ یەکەمین ساڵیادی رزگارکردنی کۆبانێ لە 2015/1/24 گەڕاندەوە.

حکومەتی تورکیا، دوورخستنەوەی پەیەدەی لە جنێڤ 3، وەکو سەرکەوتنێکی دیپلۆماسیی خۆی راگەیاند، بەڵام سەردانەکەی مەکگۆرک بەلای هەندێکەوە، پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدات.



بەرپرسێکی یەپەگە لۆگۆی هێزەکەیان دەداتە برێت مەکگۆرک

پرۆفیسۆری تورک سلێمان ئۆزەرەن، پسپۆڕی کاروباری ستراتیژی پێیوایە سەردانی بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی بۆ ناوچەکە، لەداهاتوودا رۆڵێکی گرنگی دەبێت لەسەر رووداوەکان. ئۆزەرەن بە (رووداو)ی گوت "سەردانەکە نیشانی دەدات کە ئیعتیرافی ئەمریکا بە پەیەدە زۆر جیاوازە لە دانپێدانانی تورکیا. ئەگەرچی پەیەدە بانگی جنێڤ 3 نەکرا، بەڵام بەم سەردانە پەیەدە رەوایەتیی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا".

ئەو هەروەها دەڵێت "دیارە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەسەر پێشکەشکردنی هاوکاری بە یەپەگە کە لە کۆبانێ دەستی پێکردبوو. پەیەدە بووەتە ئەو ئەکتەرەی کە رۆژئاوا راستەوخۆ وەکو موخاتەب قبووڵی دەکات".

لەو ساتەی مەکگۆرک و شاندی یاوەری کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەربازی لە رۆژئاوای کوردستان دەکرد، تۆنی بیلکەن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە جنێڤ، لەگەڵ ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە کۆبوونەوەیەکی 40 خولەکیی کرد. ئەمە بەلای هەندێکەوە نیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا نەماوە. لەوەش زیاتر رێگریکردن لە بەشداریی پەیەدە لە کۆنگرەی جنێڤ لەلایەن تورکیاوە، پشتگیریی ئەمریکای بۆ رۆژئاوا لە حاڵەتێکی شاراوەوە کردە پشتگیرییەکی ئاشکرا.

ڤەردا ئۆزەر، گۆشەنووسی رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکی لەوبارەیەوە دەنووسێت "بە کورتی و بە پوختی، ئیدی تورکیا ناتوانێ ئاستەنگ بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە سووریا دروست بکات. پەیەدە لەسایەی بەرەنگاربوونەوەی داعش رەوایەتی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا و بەهۆی خوێندنەوەی بۆ دواڕۆژی سووریا، توانی متمانەی هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ خۆی رابکێشێ".

ئەو نووسەرە تورکە لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژە بە بەرتەسکبوونەوەی ناوچەی جموجووڵی ئەنقەرە لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسی دەکات و دەڵێت "کێشەکانی نێوان ئەنقەرە و پەیەدە، بەهۆی هەماهەنگیی ئەمریکا و پەیەدە پووچەڵ بووەوە. لەو کاتەی ئەمریکا پشتگیریی پەیەدە دەکات، تورکیا لەدژی رادەوەستێ. ئەمەش بوار بۆ پلانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەمریکا و تورکیا ناهێڵێتەوە".

پرۆفیسۆر دویگو سەزەر، لە زانکۆی دۆغوش لەبارەی سەردانەکەی مەکگۆرک بۆ کۆبانێ بە (رووداو)ی گوت "سەردانی گەورە بەرپرسێکی ئەمریکی بۆ کۆبانێ لەو ساتەوەختەدا نیشانی دەدات کە سیاسەتی تورکیا لەمەڕ سووریا سیاسەتێکی نەخوازراوە. ئیدی پێویستە تورکیا دان بەو راستییەدا بنێت، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەناوچەکەدا گۆشەگیر نەبێت".

### ترس لە رووسیا

هەندێک لە چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە هۆکارێکی دیکەی سەردانی مەکگۆرک بۆ رۆژئاوای کوردستان پەیوەندی بە ترسی ئەمریکاوە هەیە لەوەی رووسیا کارتی کورد لە دەستی ئەمریکا دەربهێنێ و ببێتە هێزی یەکەمی بێ رکابەر.

پرۆفیسۆر دویگو سەزەر، ئەو لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "ئێستا پەیەدە پشتگیری لە ئەمریکا و رووسیاش وەردەگرێت. بەتایبەتی دوای هاتنی رووسیا، پەیەدە زیاتر بەهێز بوو. لە پشت ئەو هەموو کارە دیپلۆماسیەی کە بە ئاشکرا دەکرێت، پەیامێک هەیە: ئەگەر ئەمریکا دەستبەرداری تورکیاش نەبێت، بەڵام لە ناوچەکەدا بەهۆی هاتنی رووسیاوە درێژە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەیەدە دەدات. ئەگەر ئەو پەیوەندیانە قەیرانێکیش دروست بکەن، دیسان ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی پەیەدە". بڕیارە رۆژی 10ی ئەم مانگە نوێنەرایەتی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا بکرێتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە بۆئەوەی کە پەیوەندیی رووسیا و کوردی رۆژئاوا بەرفراوانتر دەبێت و لە پەیوەندیی سەربازییەوە دەپەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسی. رەنگە ئەوەش وا بکات کە سەردانی مەکگورک دوا سەردانی بەرپرسانی باڵای ئەمریکا نەبێت بۆ رۆژئاوای کوردستان.

### ئەمریکا لە رۆژئاوا پلانی Bی نییە

گۆنول تۆڵ، گۆشەنووسی رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی کە لە ئەمریکا نیشتەجێیە، پێیوایە سەردانی بەرپرسە ئەمریکییەکە بۆ کۆبانێ سەرەتایەکی نوێیە لە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و کوردی رۆژئاوا "ئەمریکا ناخوازێت رووسیا لەوە زیاتر نزیکی کورد ببێتەوە. لەو کاتەی رووسیا راستەوخۆ هاتە ناو رووداوەکانی سووریاوە، پاشانیش خستنە خوارەوەی فرۆکە رووسییەکە لەلایەن تورکیاوە، تا ئەمڕۆ هەموو رۆژێک رووسیا زیاتر نزیکی کوردی سووریا دەبێتەوە. رۆیشتنی ئەو هێزەی کە بۆ ئەمریکا متمانەپێکراوترین هێزە بۆ لای رووسیا، کارەساتێکە بۆ ئیدارەی واشنتن".

ئەو نووسەرە هۆکاری ترسی ئەمریکا لە لەدەستدانی پەیەدە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "ئەمریکا لە سووریا، جگە لە کارکردن لەگەڵ کورد، پلانی Bی نییە".

# ماستەرپلانەکەی ئاکپارتی بە دڵی کورد نییە

**رووداو– هەولێر**

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، ماستەرپلانەکەی ئاکپارتی کە وەکو نەخشە رێگای چارەسەری کێشەی کورد راگەیەندرا، بەدەردی پاکێجەکانی رابردوو دەچێت و ئەنجامی نابێت، چونکە پەکەکە و هەدەپە بە موخاتەب نەگیراون.

رۆژی هەینی 2016/2/5 ئەحمەد داودئۆغڵو، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە زانکۆی ئارتوکلو لە ماردین، ماستەرپلانی حکومەتەکەی بەناوی "رێگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر" بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئاشکرا کرد. ئەو پلانە کە 10 ماددە لەخۆ دەگرێت، باس لە دروستکردنی سیستەمێکی گشتی و ئاستەنگکردنی تیرۆر دەکات. هەروەها بەڵێنی چاکسازیی دەستووری، بەرنامەی چاکسازیی خێزانی، پشتگیریی ئابووری بۆ هاووڵاتیان، ژیاندنەوەی شارەکانی باکووری کوردستان، سیستەمی نوێی ئیداری، یەکێتیی نیشتمانی لە تورکیا و برایەتی گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات.

وەهاب جۆشکون، مامۆستای زانکۆی دیجلە، پێیوایە حکومەت لەو ماستەرپلانەیدا تەنیا لە روانگەی ئەمنییەوە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەکە نەکردووە، ئەمەش وەکو لایەنێکی باشی ماستەرپلانەکەی داودئۆغڵو وەسف دەکات و دەڵێت "حکومەت دەخوازێ بە پلانێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری رووبەڕووی دۆخەکە ببێتەوە. لە پلانەکەدا بەر لەهەر شتێک بارە دەروونییەکە لەبەرچاو دەگیرێت و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. لەکاتی شەڕدا باس لە دیموکراسی ناکرێت، بەڵام داودئۆغڵو بە پێچەوانەوە باسی جێبەجێکردنی دیموکراسی دەکات و پێیوایە بەبێ رازیکردنی میللەت لەو ململانێیەدا سەرناکەون".

لەبارەی سەرکەوتنی پلانەکەشەوە جۆشکون بە (رووداو)ی گوت "پێویستمان بە کاتە بۆ ئەوەی بزانین پلانەکە کەڵکی هەیە یان نا. لەسەر کاغەز باشە، بەڵام رەنگدانەوەی لەسەر ژیان چی دەبێت؟ هەڵوێستی ئەو بیرۆکراتانە چییە کە پلانەکە جێبەجێ دەکەن؟ ئەمانە چارەنووسی پلانەکە دیاری دەکەن".

لە ساڵانی نەوەتەکانەوە، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا 17 پاکێجیان سەبارەت بە کێشەی کورد و لەناوبردنی پەکەکە ئامادە کردووە، بەڵام ئەنجامیان نەبووە. حکومەتی ئاکپارتیش بەسەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان لە کۆتایی ساڵی 2008 و بەر لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی، ماستەرپلانێکی بەناوی "بووژانەوەی گاپ" راگەیاند و بەڵێنی خەرجکردنی 15 ملیار دۆلاری لەماوەی 5 ساڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بووژانەوەی ناوچەکە دا، بەڵام ئەویش هیچ ئەنجامێکی نەبوو. چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ماستەرپلانەکەی ماردینیش هەمان چارەنووسی ئەوانەی پێشووتری دەبێت، ئەگەر کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا و دەسەڵاتی سیاسی تێگەیشتنی دەوڵەت لە کێشەی کورد نەگۆڕن.

هەندێک لە چاودێرانی سیاسی لۆژیکی ئامادەکردنی ئەو پاکێجە بە هەوڵێک بۆ بەستنەوەی دواڕۆژی سیاسیی تورکیا بە دواڕۆژی سیاسیی رەجەب تەیب ئەردۆغانەوە دەزانن.

ئاتیلا کارت پەرلەمانتاری پێشووی جەهەپە بە (رووداو)ی گوت "ئاکپارتی کێشەکانی بە مەبەست دروستکردووە و هەوڵیش دەدات بە مەبەست بانگەشە بۆ چارەسەرکردنیان بکات".

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە ئاکپارتی هیچ کاتێک لە پرسی کورددا راستگۆ نەبووە "رووداوەکە لە رای گشتی دەشارێتەوە. هەوڵ دەدات لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێ، دەچێت بەگوێرەی چەمک و بەرژەوەندییەکانی مێزەیەک خراپ دەکات و مێزەیەکی دیکە دروست دەکات".

ئاتیلا کارت بە ماستەرپلانە نوێیەکە گەشبین نییە و دەڵێت "سەرۆکوەزیر باسی ئاسۆیەکی زۆر بەرفراوانی کرد، زۆر بەجۆش قسەی کرد، بەگوێرەی جیهانبینیی ئایدیۆلۆژی خۆی، باسی رۆحی یەکێتیی میزۆپۆتامیا و قەفقاسیای کرد، بەڵام راستی تەواو پێچەوانەیە. با واز لە یەکێتی ئەو جوگرافیایە بێنێ، تۆ بە رۆژی رووناک جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیانت دەکەی. ناتوانیت یەکێتیی کۆمەڵایەتی لەناو سنووری وڵاتەکەت دروست بکەی".

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی جەهەپە رەخنە لە ئۆپۆزیسیۆن و پارتەکەشی دەگرێت "جەهەپە ناتوانێ راستی ئاکپارتی بەباشی روون بکاتەوە. ئەمەش بۆشایی دروست کردووە، ئەمە ئەوەندەی دیکە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە تورکیا دەخاتە ژێر مەترسییەوە".

بەهۆی شەڕی شارەکان، قەدەغەی هاتوچۆ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، گوشار و رەخنەی دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەسەر تورکیا رۆژانە لە هەڵکشاندایە. بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو ماستەر پلانەی ئاکپارتی بۆ هێورکردنەوەی ناوخۆی تورکیا و رای گشتیی نێودەوڵەتییە.

کەمال سوبحانداغ، توێژەر و نووسەر کە چەندین پەرتووکی لەبارەی مێژووی کورد هەیە، ماستەرپلانەکە بە هەوڵێک بۆ لەخشتەبردنی کورد لە قەڵەم دەدات. ئەو نووسەرە کوردە کە کوڕی نادر ئاغای حەیدەری، سەرکردەیەکی راپەڕینی ئاگرییە، بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی شەڕ و گەمارۆدانی شارۆچکە کوردییەکان، ئاگرێکی گەورە لەناو رای گشتی هەڵگیرساوە، حکومەت دەخوازێ بەو هەنگاوەی گوڕی ئەو ئاگرە کەم بکاتەوە. دەخوازێ کاردانەوەی ئەو کوردانەی زۆر تێکەڵی سیاسەت نین، کەم بکاتەوە".

سوبحانداغ پێیوایە ئاکپارتی بەردەوام بە رەنگێکی جیاواز خۆی نیشانی جیهانی دەرەوە دەدات. حکومەت لەیەک کاتدا بە چەند دەمامکێک خۆی دەردەخات. بە دەمامکێک خۆی نیشانی رای گشتیی تورکیا دەدات. بە دەمامکێکی دیکە خۆی نیشانی رای گشتیی جیهان دەدات. بە دەمامکێکی دیکەش خۆی نیشانی کورد دەدات. بەڵام کردەوەکانیشی لەو دەمامکانە زۆر جیاوازترە و لەسەر بنەمای دوژمنایەتی و لەناوبردن بونیاد نراوە "ئەو ماستەرپلانە هەنگاوێکە بۆ راگرتنی بەدەنگەوەهاتنی رای گشتیی نێودەوڵەتی لەسەر کوردی باکووری کوردستان. بۆیە ئەوەی ناوی لێناوە ماستەرپلان پڕوپاگەندەیە نەک نەخشە رێگای چارەسەری. هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی کردەوە و تاوانەکانی دژی کورد".

کێشەی بە موخاتەب زانین بە گەورەترین لاوازیی ئەو پاکێجەی حکومەتی ئاکپارتی دەزانرێت. چونکە داودئۆغڵو لە کاتی ئاشکراکردنی پاکێجەکەی دەڵێت "چەک بەدەستەکان موخاتەب نین، هەدەپە موخاتەب نییە. موخاتەب میللەتە". بەبڕوای چاودێران، بەهۆی ئەمەوە ئەو پاکێجە چانسی سەرکەوتنی نییە. نووسەری تورک و پسپۆڕی کێشەی کورد جونێد ئولسەڤەر، پێیوایە ماستەرپلانەکە هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی کورد لە پەکەکە بۆیە دەڵێت "ئەنجامی نابێت".

جونێد لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) گوتی "تورکیا ناتوانێ لەگەڵ هیچ بزووتنەوەیەکی دیکە جگە لە پەکەکە ئاشتی بەرقەرار بکات. ئەمە قەت نابێ، چەک لەدەستی هەندێکی دیکەدایە، تۆ دەچی لەگەڵ هەندێکی دیکە قسە دەکەیت، جگە لە بەموخاتەبگرتنی پەکەکە، هیچ رێگایەکی دیکەتان نییە. هەموو ئەزموونەکانی جیهان ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە".




ئەحمەد داودئۆغڵو پاکێجی "رێگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر"ی لە زانکۆی مێردین راگەیاند




# (ڕووداو) کۆنووسەکانی ئیمراڵی بڵاودەکاتەوە

## ئەردۆغان بۆ ئۆجەلان:
## ڕێگا نادەم قەوارەیەکی دیکەی وەکو باکووری عێراق لە سووریا دروست بکرێ

## ئۆجەلان بۆ ئەردۆغان:
## گەڕانەوەی کورد بۆ باوەشی سووریایەکی مەرکەزی، هێڵی سووری ئێمەیە

هێمن خۆشناو
ڕووداو - هەولێر

پەرتووکی "کۆنووسەکانی ئیمراڵی" پەردە لەسەر بەشێکی زۆری لایەنە شاراوەکانی گفتوگۆی نێوان شاندی هەدەپە و ئۆجەلان لە ئیمراڵی لەلایەک و دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان لەلایەکی دیکە هەڵدەداتەوە.

لەو پەرتووکەدا گفتوگۆیەکی نێوان ئۆجەلان و ئەردۆغان لە ڕێگەی شاندەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەردۆغان پەیامێکی بۆ ئۆجەلان ناردووە کە دەڵێت "هێڵی سووری ئێمە ئەوەیە ڕێگە نادەین قەوارەیەکی هاوشێوەی باکووری عێراق لە سووریا دروست ببێ". ئۆجەلانیش لەوەڵامدا دەڵێت "هێڵی سووری ئێمەش نەگەڕانەوەی کوردە بۆ باوەشی سووریایەکی مەرکەزی".

ئەو پەرتووکە کە 470 لاپەڕەیە، لەلایەن دەزگای میزۆپۆتامیا لە ئەڵمانیا چاپکراوە و مانگی تشرینی یەکەمی 2015 بڵاوکراوەتەوە.

### خۆپیشاندان کێشەیە

ڕۆژی 9ی کانوونی دووەمی 2015 شاندی هەدەپە کە لە سری سورەیا ئۆندەر، ئیدریس بالوکەن، پەروین بوڵدان و خەتیب دیجلە پێکهاتبوون، سەردانی ئۆجەلانیان کرد لە ئیمراڵی.

شاندەکە باسی کۆبوونەوەیەکی خۆیان لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغڵو و ئەفغان ئالا و یالچین ئاکدۆغان-یان کردووە، لەوێ بە شاندەکەی هەدەپە گوتراوە کە خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەمی 2014 لەدژی قسەکانی ئەردۆغان کە گوتبووی "کۆبانێ کەوتووە و دەکەوێت" درزێکی گەورەی خستووەتە نێو پرۆسەی چارەسەری. تەنانەت ئەحمەد داودئۆغڵو دوودڵ بووە لەگەڵ شاندەکەی هەدەپە کۆببێتەوە و گوتوویەتی کە ئەو خۆپیشاندانانە زیانێکی گەورەیان بە پرۆسەکە گەیاندووە.

**لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم گفتوگۆیە کراوە:**

**ئۆجەلان:** ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سەرۆکوەزیران ئەنجامتان دا، بڕیاردانی پێوە دیاربوو؟

**ئۆندەر:** هەڵوێستی حکومەت دیار نییە. ناتوانین بڵێین بەتەواوی بەبڕیارە. زۆر باسی مەسەلەی ئاسایشی گشتی دەکەن. هەموو شتێک بەوەوە دەبەستنەوە.

ڕاوێژکاری ئاسایشی گشتی کە لە پەرتووکەکەدا ناوی نەهێنراوە کێیە، بەردەوام پێش یان پاش شاندی هەدەپە، سەردانی ئیمراڵی کردووە و لەوێ لەوبارەیەوە گفتوگۆ کراوە.

**ڕاوێژکاری ئاسایشی گشتی:** ئەی سەرۆکوەزیر وەکو بەرپرسیاری ئەو پرۆسەیە بڕیاری خۆی نیشان نەداوە؟ ئەی نەیگوتووە دەپەڕینەوە بۆ قۆناغی ڕێککەوتن؟

**ئۆجەلان:** شتێک لەبارەی نیازی سەرۆکوەزیر ناڵێم. بەرەورووی سەرۆکوەزیرانێکی زۆر ڕۆمانسی بووینەتەوە. وەکو پێویست ئەزموونی نییە و زۆر سەرەڕۆیانە هەڵسوکەوت دەکات. دەربارەی ئاسایشی گشتی باسی هەندێک شت دەکەم. ئەو شتانەی باسی دەکەم بیگەینە بەڕێز یالچین و سەرۆکوەزیر.

### "دەمەوێ پەکەکە بگۆڕم"

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ڕاوێژکار لەلای ئۆجەلان گلەیی لە قەندیل کردووە:

**ڕاوێژکار:** پێویستە قەندیل کۆتایی بە شانۆی بێتەل بێنێت. ئێمە منداڵ نین. دەزانن گوێمان لە بێتەلەکانیان دەبێت، بە گەنجان دەڵێن وا مەکەن، بەڵام لەژێرەوە ڕێنوێنی گەنجانی جەزیرە دەکەن و پێیاندەڵێن دەستبەکار بن.

**ئۆجەلان:** بۆ ئەوە گرنگە کەناڵی پەیوەندیم لەگەڵ پەکەکەدا هەبێت.

**ڕاوێژکار:** لەوبارەیەوە ئێوە ناحەقی دەکەن. ئێوە لێرەوە پەکەکە بەڕێوەدەبەن. ئێمە ڕێگاتان پێدەدەین ئەوە بکەن.

هەر هەمان ڕۆژ ئۆجەلان ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ شاندی هەدەپە باس کردووە؟

**ئۆجەلان:** مەسەلەی جەزیرە چییە؟

**ئۆندەر:** سەرۆکی من، مەسەلەی جەزیرە، لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکوەزیر باس کرا. سەرۆکوەزیر لە ڕووداوەکانی جەزیرە بەرپرسیارێتی سەرەکی نەخستە ئەستۆی کەجەکە و گوتی خەتابەری سەرەکی هوداپار و لایەنەکەی دیکەیە.

**ئۆجەلان:** بە سەرۆکوەزیر بڵێن، باشە ئۆجەلان هێشتا دەژی. ئۆجەلان لەژێر ناوی سیستەمی نوێی دیموکراسی دەخوازێ گۆڕانکاری لەناو پەکەکە بکات. ئەگەر ئەمە نەبێ پەکەکە بەدرێژایی 100 ساڵی دیکە ئەو دەوڵەتە خەریک دەکات. ئەوە بە بەڕێز ئەفگان بڵێن. ئەو هەست بەوە دەکات و کاریشی بۆ دەکات. پێشی بڵێن پەکەکە ئەو هێزەی هەیە کە بتوانێ تورکیا سەراوبن بکات.

### پەیامەکەی ئەردۆغان بۆ بایک

لە کۆنووسی ئیمراڵیدا باسی گفتوگۆی شاندی هەدەپە لەگەڵ ئۆجەلان لە 9 تشرینی دووەمی 2013دا کراوە. سری سورەیا ئۆندەر، ئەندامی شاندی هەدەپە بۆ ئیمرالی، باسی گفتوگۆیەکی سێ سەعاتی لەگەڵ ئەردۆغان کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ناوبەناو گرژی لە کۆبوونەوەکەدا دروست بووە.

**ئۆندەر:** سەرۆکوەزیر بانگی کردم و سێ سەعات گفتوگۆمان کرد. تەنیا یالچین ئاکدۆغان لەوێ ئامادە بوو.

**ئۆجەلان:** ئاگادارم و زانیاریم هەیە. ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا بە ویستی سەرۆکوەزیران نەبوو. بەڵکو شاندەکەی دەوڵەت و منیش سووربووین لەسەر ئەوە. زۆر گرنگە، مێژووییە. بۆ هەدەپەش گرنگە چونکە لە کەسێتی تۆدا هەدەپە دەبێتە موخاتەب. درێژە بەو چاوپێکەوتنانە بدەن. ئەگەر جارێکی دیکە لەگەڵی دانیشتن بەناوی منەوە سوپاسی بکە. بەردەوام بە شاندی دەوڵەت دەڵێم پێویستە ئێوە هەدەپە بپارێزن.

**ئۆندەر:** لەسەر خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی قسەمان کرد. پێمگوت ئەو مەسەلەیە دوو ڕەهەندی هەیە، یەکێکیان یەکسانییە، ئەوەی دیکەشیان گەندەڵییە، لەسەروو هەمووشیانەوە دانبەخۆداگرتنێکی نا دیموکراتیانە هەیە. کاتێک مەسەلەکە هاتە سەر گەندەڵی، دانیشتنەکە ئاڵۆز بوو، گەیشتە ئەوەی کۆتایی پێبێت. ئەردۆغان گوتی لە مەسەلەی گەندەڵی زانیارییەکانت کۆن و هەڵەن، هەروەها زۆر بە سافی کەوتوومەتە ناو مەسەلەیەک کە کاری هەواڵگریی ئەڵمانیایە.

**ئۆجەلان:** (بەپێکەنینەوە) کەواتە وایگوت. لەبنەمادا ئەوەی سافە سەرۆکوەزیرە. گومانی هەیە کە ئەو مەسەلەیە لە دەرەوە دروستکراوە، بەڵام پێی بڵێن وانییە.

**ئۆندەر:** بە سەرۆکوەزیرانم گوت لەگەڵ شاندی هەدەپە دەچمە قەندیل، ئێوە لەبارەی پرۆسەکە بیر لەچی دەکەنەوە و پلانتان چییە. ئەویش پێیگوتم "بەجەمیل (جەمیل بایک) بڵێ با مەیدانم لێ نەخوێنێت".

**ئۆجەلان:** (بەپێکەنینەوە) کاری شەقاوەی تورکییە! من جەمیل ئاگادار دەکەمەوە. تۆش بە سەرۆکوەزیر بڵێ ئەو کارە بەو ئوسلوبە ناکرێت.

**ئۆندەر:** سەرۆکوەزیر درێژەی بە قسەکانی دا: ئێوە پرسیار دەکەن من چی دەکەم. هەموو شتێک دەکەم و لەگەڵ ئاپۆ ڕێککەوتووم. تەنیا یەک هێڵی سوور هەیە. ئەویش سووریایە. ڕێگا نادەم لەوێ قەوارەیەکی وەکو ئەوەی باکووری عێراق دروست بکرێ.

**ئۆجەلان:** (بە تووڕەبوونەوە) تۆش پێی بڵێ ئێمەش ڕێگا نادەین کورد لەنێو دەوڵەتێکی مەرکەزی لە سووریا بمێنێتەوە، ئەوەش هێڵی سووری ئێمەیە.

### سەرەتا ئۆجەلان پاشان پەرلەمان

بە گوێرەی پەرتووکی (کۆنووسەکانی ئیمراڵی)، بەر لەوەی ڕەشنووسی پرۆسەی چارەسەری لە 2014/6/26 پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، ئۆجەلان ڕەشنووسەکەی بینیوە و ڕەزامەندیی لەسەر داوە. ئۆجەلان لە گفتوگۆی لەگەڵ شاندی هەدەپە لە 2014/6/21 گوتوویەتی ئەگەر ئەم ڕەشنووسە لەماوەیەکی کورتدا نەکرێتە یاسا، شەڕ دەستپێدەکاتەوە.

**ئۆندەر:** دوێنێ لەگەڵ هەریەک لە بەشیر ئاتالای، ئەفگان ئالا و بەکر بۆزداغ ڕووداوەکانی ئەم دواییەمان هەڵسەنگاند. پێش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بانگی بەڕێز هاکان فیدانیان کرد. کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ ئەو درێژەی کێشا. گوتیان ڕەشنووسی یاساکەیان داوەتە ئێوە، ئێوەش ڕەزامەندیتان لەسەرداوە. ئەوان داوایان کرد بەتایبەتی گوێ لە ئێوە بگرین لەبارەی ئەو ڕەشنووسە. هەر بۆیە بە پەلە بڕیارمان لەسەر ئەو گفتوگۆیە دا. سەرۆکی من، پێویست بوو ئێوە لەسەر نەخشەی ڕێگا، کات و پێشنیازەکانی چارەسەری هەندێک شت پێشکەش بکەن. دەربارەی ئەوانە هیچ هەیە؟

**ئۆجەلان:** (دوو لاپەڕەیان لە دۆسیەکە دەرهێناوە) بەڵگەکانم بەدەست گەیشتووە. بۆتان دەخوێنمەوە. دەبێت ئەو بەڵگەیە جێبەجێ بکرێت. ئەگەر جێبەجێ کرا دەبێتە چوارچێوەی یاسا، وەکو شۆڕشێک وایە. پێی ئیقناع بووم. بۆتان دەخوێنمەوە بەجیا بۆچوونی هەمووتان وەردەگرم. (دوای خوێندنەوەی ڕەشنووسەکە)، دەخوازم بە جیا بۆچوونتان وەربگرم.

**ئۆندەر:** کێشەیەک هەیە، پێناسەی مەسەلەی موخاتەب نەکراوە.

**ئۆجەلان:** ئەو مەسەلەیە لە ماددەی 5 ڕاست دەکرێتەوە.

**ئۆندەر:** سەرۆکی من، ماددەی 5 مەسەلەی جێبەجێکردنە، واتە ماددەیەکی تەکنیکییە. ئەگەر مەسەلەی موخاتەب لە ماددەی دوودا چارەسەر بکرێت باشترە.

**ئۆجەلان:** پێی ئیقناع بووم و هەستێکی باشی لەلا دروست کردم.

ئیدریس بالوکەن: پێناسەی تیرۆر لە سەرەتا و ناوەڕۆکی ڕەشنووسەکەدا کێشەیە. ئەگەر لە جێگەی تیرۆر دەستەواژەی توندوتیژی بەکاربهێنرێ، لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت.

**ئۆجەلان:** منیش بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە، بەڵام پێویستە زۆر خۆمان بەوەوە خەریک نەکەین. تیرۆر وشەیەکی فەرەنسیە و تورکی نییە، بۆ شەڕ و بۆ توندوتیژیش بەکاردێ، ئەوانە زۆر گرنگ نین.

**پەروین بوڵدان:** لە ماددەی دوودا ئەگەر لە شوێنی گفتوگۆ بڵێین ڕێککەوتن ڕاستترە. ئێوەش پێشنیازتان کردبوو.

**ئۆجەلان:** نزیکەی 25 ڕۆژمان لەپێشە. ئێستا ئێوە هەر کە لێرە تەواو بوون دەچنە ئەنقەرە، لەگەڵ بەڕێز بەشیر، بەڕێز ئەفگان و موخاتەبەکانی دیکە گفتوگۆ دەکەن. پێیاندەڵێن: لەگەڵ ئۆجەلان یاری ناکرێت، ناتوانین بە ساڵان چاوەڕێ بکەین. بەر لەوەی پەرلەمان پشوو بدات دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت.

بەرپرسێکی دەوڵەت: سەرۆکی بەڕێز، ناتوانی ماوەی ئەمە سنووردار بکەی، باشتر نییە دوای ئەوەی لەگەڵ موخاتەبەکانت قسەت کرد، باسی ئەو مەسەلەیە بکەی؟

**ئۆجەلان:** پێویستە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار ئەو ڕەشنووسە بکرێتە یاسا. ئەگەر نەکرێتە یاسا من گەرەنتی نادەم شەڕ هەڵنەگیرسێتەوە. جارێکی دیکە ئاکپارتیمان ئاگادار کردەوە ئەگەر بەهۆکاری دیکە قبوڵی نەکەن شەڕ دەقەومێ.

لە شوێنێکی دیکەدا ئۆجەلان وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن ئاپۆ، ئەردۆغان دەکاتە بەڵا بەسەر تورکیاوە.

ئۆجەلان دەڵێت "لە ڕاگەیاندن دەخوێنمەوە. محەمەد ئاڵتان و ئەوانەی وەکو ئەو فێری دیموکراسیم دەکەن (بەپێکەنینەوە)، مایەی سەرسوڕمان نییە؟ باوکی، کوڕی و نەوەکانی هەموویان بەیەکەوە دەنووسن، دەڵێن: ئەو کەسەی ئەردۆغان دەکاتە بەڵا لەسەر گەلی تورک، ئاپۆیە. بەڵام پێیان بڵێن تەنیا کەس بتوانێت ڕێگە لە ئەردۆغان بگرێ، منم".

### بارودۆخی ئۆجەلان لە ئیمراڵی

سێیەمین سەردانی شاندی هەدەپە (بەدەپەی پێشوو) بۆ ئیمراڵی لە 2013/3/18 بووە کە سەلاحەددین دەمیرتاش یەکێک بووە لە ئەندامانی شاندەکە. ئۆجەلان سەبارەت بە سەردانی شاندەکانی هەدەپە بۆ ئیمراڵی قسە دەکات و دەڵێت: ئەو کارەی ئێمە لێرە دەیکەین پێویستی بە یاسایە. لە پەرلەمان یاسایەک دەردەچێت و کۆتایی بەمە دێنێ. چونکە ئەوەی ئێمە لێرە دەیکەین نایاساییە، وانییە! باشە بۆچی ویستیان لێکۆڵینەوە لەگەڵ دوو ڕاوێژکاری میت بکەن و زیاتر لە 90 پارێزەری من زیندانی کراون! ئەگەر ئێوەش پەرلەمانتار نەبوونایە ئەگەری ئەوە هەبوو هەمان شتتان بەسەر هاتبا. ناڵێم ئێوە کارێکی ناڕەوا دەکەن. بەڵام پێویستە ئەو کارەی دەیکەن گەرەنتییەکی یاسایی هەبێت. من پێگەم هەیە. ئەو کەسەم کە ئەو یاخیبوونە دەگەیێنمە ئەنجام. مەهەپە و جەهەپە بەشەو و ڕۆژ هاوار دەکەن ئەو کارە نایاساییە. ڕاست دەڵێن. ئێوە یەکسەر بڕۆنە لای وەزیری داد و قسەی لەگەڵ بکەن، پێویستە کۆتایی بەو پرۆسە نایاساییە بێ.

ئۆجەلان سەبارەت بە بارودۆخی خۆیشی لە زیندان قسە دەکات و دەڵێت: لەبارەی بارودۆخی من چی دەبێت؟ ڕەنگە لە سێدارەدان دوابخەن. سەرۆککۆماریش لەوبارەیەوە ئەو ویستەی هەیە. بەبیانووی کێشەی تەندروستی، تا دوای پرۆسەکە. بەڵام پێموانییە ئەمانە بکرێن. پێویستە ئێوە جارێکی دیکە لەوبارەیەوە لەگەڵ ئاکپارتی قسە بکەن. پەشیمان نیم لەبەر ئەوەی قسەتان لەو بارەیەوە نەکردووە.

**ئۆندەر:** هۆکارەکەی ئەوە بوو کە جارەکەی دیکە پرسیارم لە بارودۆخی ئێوە کرد. دووجار وەڵامتان نەدایەوە، جاری سێیەم کە پرسیارم کرد وەڵامت دایەوە.

**ئۆجەلان:** ڕاستە من باسی ماڵێکی زیندانی و لێبووردنم کرد. گوتم لەگەڵ پرۆسەکە هەموومان ئازاد دەبین.

**ئۆندەر:** تۆ وا دەڵێی، ئێمەش لەلای خۆمان گوتمان ئەو ناخوازێ باسی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئێمە بکات.

**ئۆجەلان:** ڕاستە، باشە. ئێوە جارێکی دیکە دەتوانن ئەو مەسەلەیە لەگەڵ وەزیری داد باس بکەن.

**دەمیرتاش:** سەرۆکی من، هەڤاڵان (قەندیل) ئەو کارەی بەدەپە لەگەڵ ئێوە زۆر بە گرنگ دەزانن، بەڵام بۆ ڕازیکردنی گەریلا سوورن لەسەر ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ئێوەدا هەبێ.

**ئۆجەلان:** لەوە تێدەگەم. بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا پێم زەحمەتە. لە قۆناغی دووەمدا منیش داوای ئەمە دەکەم. تەنیا لەگەڵ قەندیل نا، بەڵکو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانیش. پێویستە پەیوەندیم لەگەڵ هەندێکیان هەبێ. دەڵێن ئۆجەلان ئازاد دەبێت، باسی لێبووردن دەکەن. من هیچ تاوانێکم نەکردووە تا لێم ببوورن. ئەگەر پێم بڵێن ئەو هەفتەیە، یان ئەو مانگە بڕۆ دەرەوە، لێرە مانەوەم پێ باشترە. بەبێ ئامادەکردنی زەمینە ناچمە دەرەوە. من کەسێکم مەسەلەیەکی سیاسیم هەیە، بۆیە لێرەم. دەرچوونیشم لێرە، دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی سیاسەت بێ، بەڵام ڕەنگە ئەم هاوینە شوێنەکەم بگۆڕن. لەوانەیە بچمە شوێنێکی فراوانتر. لەوانەیە شوێنێک بێ تا بتوانم لەگەڵ میوانەکانم کۆببمەوە. ڕەنگە دەستیان بە دروستکردنی ئەو شوێنەش کردبێ. ئەوکات ڕەنگە ئەوانەی قەندیل بێنە ئێرە. لەوانەشە مەسەلەی وازهێنان لەچەک بە کۆنگرە بکرێت. دەبێت منیش بەشداری لەو کۆنگرەیە بکەم.

### ئۆجەلان لەبارەی دەمیرتاش

ئەستێرەی سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە بەردەوام لە گەشانەوەدایە، بە جۆرێک هەندێک کەس دەڵێن پەکەکە و خودی ئۆجەلانیش بەمە دڵخۆش نین. بەڵام لە دیداری شاندی هەدەپە لە 2014/6/26، ئۆجەلان قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکات.

**ئۆجەلان:** من پێشتریش بە سەلاحەددینم گوت (ڕوو لە پەروین بوڵدان دەکات) بە ئێوەشم گوت. ئامادەم هەموو دەسەڵاتەکانم بدەمە ئێوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو بەرپرسیارێتییەی من بۆ ماوەی 24 سەعات بخەنە سەرشانی خۆتان. ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە. با کەسێک هەبێ بەرپرسیارێتییەکان بخاتە ئەستۆی خۆی، من ئامادەم هەموو دەسەڵاتەکانی بدەمێ.

ئەوانەی سەبارەت بە سەڵاحەدین دەڵێن: "ئاپۆی ئەوی ناوێ". درۆ دەکەن. من زۆر ڕێزی دەگرم، زۆر هەوڵ دەدەم تا پێشبکەوێت. بەخۆشی کەسێکی دڵنزمە، هەوڵ دەدات فێرببێ. دەخوازم سەڵاحەدین سیاسەتی کوردی بناسێ و بزانێ هەوراز و نشێوەکانی 40 ساڵی ململانێ چۆن بووە. پێویستە هەوڵی زیاتر بدات. پەکەکەشی لەگەڵدابێ، کەس شێوازی منی سەرۆکایەتی پێش ناخات. تێگەیشتن لە ئۆجەلان چارەنووسسازە.

### داوای لێبووردن لە دەمیرتاش

پێشتر میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە ئۆجەلان بە دەمیرتاشی گوتووە "پێنەگەیشتوو". ئۆجەلان نکۆڵی لەوە ناکات و لە دیداری شاندی هەدەپەدا لە 2013/8/17 باسی ئەو بابەتە دەکات.

**ئۆجەلان:** بە ئێوە (دەمیرتاش)م گوتبوو پێنەگەیشتوو، داوای لێبووردنتان لێدەکەم تکایە.

**دەمیرتاش:** ئەستەغفیروڵڵا سەرۆکی من، ڕەخنەکانی تۆ گرانبەهان.

**ئۆجەلان:** من ڕەخنە لە خۆشم دەگرم. بەهەڵە لێم تێمەگەن، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان تەمەنی مرۆڤ دەگۆڕن. لەوانەیە وەکو کەسێکی سادەی گوندی بمبینن. بەڵام ئەگەر بشمرم سەرکردەیەک نیم تێمپەڕێنن.

ئۆجەلان ئامۆژگاریی شاندەکەی هەدەپە دەکات و دەڵێت "تا دەتوانن لە تەلەفزیۆن قسە بکەن. خاتوو پەروینیش دەبێت وابێ. باوەڕ بە دەوڵەت مەکەن. دەوڵەت چییە؟ من دەوڵەت دروست دەکەم. بە کوردیش دەوڵەت دروست دەکەم. دەوڵەت دەکەمە کورد و کوردیش دەکەمە دەوڵەت، بەڵام بۆ ئەمە خۆتان ئامادە بکەن، خۆتان بەهێز بکەن.

### کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار

شاندی هەدەپە ڕۆژی 2014/6/1 جارێکی دیکە سەردانی ئۆجەلانیان کردووە، یەکێک لەو بابەتانەی باسیان کردووە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بووە لە 2014/8/10. ئۆجەلان لەوبارەیەوە قسەی خۆی هەبووە.

**ئۆجەلان:** دەتوانین مەسەلەی دەستوور و سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ ئاکپارتی باس بکەین. بۆ ئەوەی بەرەو قۆناغی یاسا و دەستوور بچین پێویستە ڕێککەوتن هەبێ، بەڵام دەستڕۆیشتوویی ئەردۆغان و قۆرخکاریی ئاکپارتی قبوڵ ناکەین. هەندێک پێماندەڵێن "ببنە پارێزوانی ئاکپارتی". لەبنەمادا بارودۆخەکە بەتەواوەتی پێچەوانەیە. پێویستە ئاکپارتی چاو لە ئێمە بکات. ئێمە ئاکپارتی بەلای خۆماندا ڕادەکێشین. لەگەڵ جەهەپەش گفتوگۆ بکەن. هەمان شت بە ئەوانیش بڵێن.

### لەبارەی خۆکاندیدکردنی دەمیرتاش

لە دیداری 2014/6/26شدا جارێکی دیکە ئۆجەلان دەربارەی کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار قسە دەکات.

**ئۆجەلان:** با بێینە سەر مەسەلەی سەرۆکایەتی کۆمار. چیتان کرد، با لەسەر ئەوە قسە بکەین.

**پەروین بوڵدان:** ناوی سەڵاحەدین دەمیرتاش زیاتر دەهێنن.

**ئۆجەلان:** پێموایە پێویستە هەوڵەکانتان لەسەر کاندیدێکی عەلەویی تورک بێ. شتێکی بەم جۆرە گفتوگۆ دروست دەکات. دوێنی ویستیان فیگان (فیگان یوکسەلداغ) تەنگاو بکەن. پرسیاری ئەوەیان لێکرد کە "بزووتنەوەی کورد دەخوازێ تۆ وەکو هەوێنی تورکی بەکاربێنێ". ئەگەرنا سەڵاحەددین شیاوە. بەڵام پێموایە کاندیدێکی عەلەویی تورک کاریگەرییەکی باشتر دروست دەکات.

ئۆجەلان ڕووی لە سری سورەیا دەکات: باشە کێی دیکە هەیە؟ تۆ یان ئەرتوغرول دەبن؟

**ئۆندەر:** هەردووکمان دەرچووی زانکۆ نین، بۆیە نابێت.

**ئۆجەلان:** فیگان دەبێت؟ خەڵکی کوێیە؟

**ئۆندەر:** خەڵکی جەیهانە. بەڵام ئەویش دەرچووی زانکۆ نییە.

**ئۆجەلان:** باشە. لێرە کاندید دەستنیشان ناکەین. ئێوە بە گفتوگۆ لەگەڵ ئۆرگانەکان کاندیدێک دەستنیشان بکەن. بێگومان دەمیرتاش باشە. من ڤیتۆم لەسەری نییە.



## یەکێتیی ئەوروپا ئاوی ژێرزەوی کوردستان دەپارێزێ

**کارزان حەیدەر/ رووداو — هەولێر**

حەمەدەمین فارس پێندرۆیی، بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند رێکخراوی یونسکۆ بڕیاریداوە بڕی 5 ملیۆن یۆرۆ بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان و عێراق تەرخان بکات. پێندرۆیی رایگەیاند پێشتر لە ئیتاڵیا لەگەڵ رێکخراوی یونسکۆ کۆبوونەتەوە. لەوێ باس لە کارێز و کانیاوەکانی کوردستان کراوە کە یونسکۆ پێشتر 645 هەزار یۆرۆی بۆ خەرجکردبوو. گوتیشی "یونسکۆ بەنیازە پێنج ملیۆن یۆرۆی دیکە بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی لە عێراق و هەرێمی کوردستان خەرج بکات".

**هاوشێوەی نەوەتەکان**

# لە هەولێر هەڕاجکردنی نێوماڵ سەرهەڵدەداتەوە

### کۆنەفرۆشێک: کاتێکیش ماڵەکانیان لێدەکڕین، ژن و منداڵەکانیان چاویان پڕ دەبێ لە فرمێسک

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

هاوشێوەی ناوەڕاستی نەوەتەکان کە خەڵکی کوردستان بە دەست دوو گەمارۆی ئابوورییەوە دەیاننالاند، هەڕاجکردنی کەلوپەلی نێوماڵ لە هەولێر سەری هەڵداوەتەوە. کۆنەفرۆشێکی بازاڕی کۆنەی هەولێر دەڵێت رۆژانە خەڵک دێن کەلوپەلی نێو ماڵیان بۆ بژێوی ژیانیان دەفرۆشن.

بازاڕی کۆنەفرۆشانی هەولێر کە بە بازاڕی سوورچییان ناسراوە، یەکێکە لە بازاڕە میللییەکانی شاری هەولێر و تایبەتە بە کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلی بەکارهاتووی نێوماڵ. بازاڕەکە لە 150 شوێنی فرۆشتن پێکهاتووە و بەردەوام کراوەیە، بەڵام رۆژانی هەینی زۆر قەرەباڵغە.

غازی ئەحمەد کە 23 ساڵە لەو بازاڕە کار دەکات، دەڵێت"لەساڵانی نەوەتەکاندا هەندێک خەڵک لە برسان و هەندێکیش بۆ چوونە دەرەوە نێوماڵی خۆیان دەفرۆشت، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق کە گوزەرانی خەڵک باش بوو، خەڵک کەلوپەلی کۆنی دەفرۆشت و ماڵی نوێی دەکڕی، بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و بێکاری، جارێکی دیکە خەڵک وەک ساڵانی نەوەتەکان لە برسان و بۆ چوونە دەرەوە ماڵ هەڕاج دەکەن، یان بەشێکی دەفرۆشن".

سەبارەت بەو کەلوپەلانەی زۆرتر دەفرۆشرێن، غازی گوتی "خەڵک ئێستا پێویستییەکانی ماڵەکەی وەک بەفرگر، سۆپا، جلشۆر، فێنککەرەوە، کاوەنتەر، تەلەفزیۆن و تاخمی نووستن دەفرۆشن، هەشە ماڵەکەی بە تەواوی هەڕاج دەکات".

بە گوتەی غازی، ئەوانەی ماڵیان هەڕاج دەکەن زۆرتر ئەوانەن کە بەنیازن بچنە دەرەوەی وڵات، یان نەخۆشن، غازی گوتی "رۆژانە لانیکەم 4-5 ماڵ لەم بازاڕە هەڕاج دەکرێن، کاتێکیش ماڵەکانیان لێدەکڕین ژن و منداڵەکانیان چاویان پڕ دەبێ لە فرمێسک، بەڕاستی دیمەنەکان ناخی ئینسان دەهەژێنن".

هاوشێوەی بازاڕەکانی دیکە، قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە، کاریگەری لەسەر بازاڕی کۆنەفرۆشانیش هەبووە، فرۆشیار زۆرە و کڕیار کەمە. غازی دەڵێت "کەلوپەلەکان زۆر هەرزان دەفرۆشرێنەوە، بەڵام هێشتا بازاڕمان کزە و بەراورد بە رابردوو 70% دابەزیوە".

لە بازاڕی کۆنەفرۆشانی هەولێر لەگەڵ هەر کۆنەفرۆشێک قسە دەکەی، چیرۆکی پشت هەڕاجکردنی ماڵەکانیان لەلایە و رەنگە ئەوان زیاتر لە خەڵکی دیکە ئاگایان لە نەهامەتیی خەڵک بێت.


کۆنەفرۆشێک: رۆژانە 4-5 ماڵ لەم بازاڕەدا هەڕاج دەکرێن (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

مەولود عەولا، کۆنەفرۆشێکی دیکەی بازاڕی سوورچییانی هەولێر کە ماوەی 15 ساڵە لەو بازاڕە کار دەکات، لەبارەی ئەو کەسانەی نێو ماڵەکانیان دەفرۆشن، دەڵێت "خەڵکانێک هەن بۆ چارەسەری نەخۆشی، ماڵ دەفرۆشن. هەیە بۆ کرێی خانوو بەشێک لە نێوماڵەکەی دەفرۆشێت، هەشە بۆ دانەوەی قەرزی دوکاندار، یان بۆ خواردنی رۆژانەی منداڵەکانی".

بەگوتەی مەولود، ئێستا خەڵک زیاتر جلشۆر دەفرۆشن، چونکە بە دەستیش دەتوانێت جل بشوات، یان سەلاجە و موجەمیدە و موبەڕیدە دەفرۆشن، چونکە ئێستا پێویستیان پێی نییە و چاوەڕێن بارودۆخەکە باش بێت و لە وەرزی هاویندا بیکڕنەوە.

مەولود عەولا گوتی "هەفتەی رابردوو ژنێکی گەنج لەگەڵ منداڵێک هاتە بازاڕ و گوتی ماڵەکەم دەفرۆشم، چووم بۆ کڕینی ماڵەکەی، بینیم مێردەکەی نەخۆشە و لە خانووی کرێدان، هەر کە دەستمان بە بارکردنی ماڵەکە کرد، ژنەکە دەستی کرد بە گریان، منیش نەمتوانی ماڵەکە بکڕم، لە جیاتی ئەوە یارمەتیم دان".

مەولود، بارودۆخی ئێستای خەڵک بە کارەسات ناودەبات و دەڵێت "خەڵک لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان، ئەگەر بەرپرسان بیرێک لە ژیانی ئەو خەڵکە نەکەنەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەدەیان چیرۆکی زۆر دڵتەزێنی وەک خۆکوشتن، لێکهەڵوەشانەوەی خێزان، فڕێدانی منداڵ لەسەر شەقام بڵاودەبێتەوە".

پێشتر خەڵکانێک هەبوون لەکاتی ژنهێنان زۆرجار بەشێک لە کەلوپەلی نێوماڵیان لە بازاڕی کۆنەفرۆشان دەکڕی، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستا هەندێک کەس دوای چەند مانگێک لە ژنهێنان، بەشێک لەنێوماڵەکەیان دەفرۆشن.

ئەیوب حەمەد محێدین، کۆنەفرۆشێکە و چیرۆکێکی لەو بارەیەوە هەیە و دەڵێت "لەو ماوەیە نێوماڵی گەنجێکم کڕییەوە کە تەنیا شەش مانگ بوو ژنی هێنابوو، بە گەنجەکەم گوت تۆ تازە ژنت هێناوە بۆ نێو ماڵەکەت دەفرۆشی، ئەویش گوتی لە کۆمپانیایەک کارم دەکرد، کۆمپانیاکە بەهۆی قەیرانی دارایی زۆربەی کارمەندەکانی دەرکرد، منیش هیچ ئیشم نییە بیکەم و کرێچیشم، بۆیە ناچارم نێوماڵەکەم بۆ کرێی خانوو بفرۆشم. ژنەکەم ناردەوە ماڵی باوکی و خۆشم ئێستا لە ماڵی باوکمم".

ئەیوب حەمەد، تەواوی ماڵی ئەو گەنجەی بە 1200 دۆلار کڕییەوە، بەڵام ئەو گەنجە بۆ نێو ماڵەکەی 6000 دۆلاری خەرج کردبوو. ئەیوب گوتی "پێشتر ئەو نێوماڵە 4000 دۆلاری دەکرد، بەڵام ئێستا بەهۆی بێ مووچەیی و نەبوونی پارە کەس ماڵ ناکڕێت، ئێمە ناچارین بە نرخێک بیکڕین کە زەرەر نەکەین".

سەبارەت بە کڕیاری کەلوپەلەکانیش، ئەیوب حەمەد دەڵێت "پێشتر بەشی زۆری کەلوپەلەکان بۆ شارەکانی عێراق دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا بەشی زۆری کڕیارەکانمان ئەو ئاوارە عەرەبانەن کە مووچەیان لە بەغداوە بۆ دێت".

# بەغدا زیانی گەورە لە کێڵگەکانی پەلەوەر لە کوردستان دەدات

### سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستان بۆ پیشەسازی پەلەوەر: لە کیلۆیەک مریشک 600 دینار زەرەر دەکەین

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی دارایی و قەدەغەکردنی هەناردەی مریشکی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق، نرخی مریشک بۆ نیوە دادەبەزێت و خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەریش دەڵێن تووشی زیانێکی زۆر بوون.

دوای دەرکەوتنی دوو حاڵەتی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە لەپارێزگای دهۆک، رۆژی 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، حکومەتی عێراق بڕیاری دا چیدی رێگە نەدات مریشکی کێڵگە پەلەوەرییەکانی کوردستان بچێتە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور. ئەم بڕیارەش نرخی مریشکی بۆ نیوەی نرخی پێشتر دابەزاند.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەری لە کوردستان تووشی زیانی هەزاران دۆلار کردووە، بۆیە بۆ هاوسەنگیی نرخی بازاڕ، بە فەرمانی وەزیر هاوردەی مریشکمان بۆ نیوە دابەزاند، وەک قۆناغی یەکەمیش پێشنیازمان کردووە بازرگانەکان 5%ی ئەو بڕەی هاوردەی دەکەن لە کێڵگەکانی ناوخۆ بیکڕنەوە".

بەگوتەی رەمەزان محەممەد، ئەو دوو حاڵەتەی لە پارێزگای دهۆک دەرکەوتن بەتەواوی کۆنترۆڵ کراوە و لێژنەیەکی باڵای ئەنفلۆنزای باڵندەش لە عێراق بۆ دڵنیابوون لە هەموو پارێزگاکان نموونەیان وەرگرتووە و لە پشکینەکانیان دەرکەوت نەخۆشییەکە لە کوردستان نەماوە، بەڵام وەک رەمەزان محەممەد دەڵێت "تا ئێستا بڕیاری قەدەغەکردنەکە هەڵنەوەشێنراوەتەوە".

هەفتەی رابردوو عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی رووداودا گوتی "ئەگەر بەغدا بڕیارەکە هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەوا ئەو بڕە ئاوەی لە بەنداوەکانی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق بەردەدرێتەوە کەمی دەکەینەوە".

رەمەزان محەممەد دەڵێت "لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندیداین کە بڕیارەکەیان هەڵبوەشێننەوە، ئەگەر هەڵیاننەوەشاندەوە، یەکێک لە بژارەکانمان گرتنەوەی ئاو دەبێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ 1264 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت لە کوردستان هەن کە 65%یان کار دەکەن، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 90 هەزار تۆن مریشک، بەڵام هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 130 هەزار تۆن مریشکە، کەچی مریشکی ناوخۆ گرفتی بە بازاڕکردنی هەیە و خاوەنی کێڵگەکان هەموو ئومێدێکیان لەسەر بازاڕەکانی عێراق هەڵچنیوە.

رەمەزان محەممەد دەڵێت "جگە لە بڕیارەکەی بەغدا، بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیکەی دوو ساڵە خواستی خەڵک بۆ کڕین کەمبووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نرخی مریشک دابەزێت".

بەئامانجی بەبازاڕکردنی مریشک لەکاتی دابەزینی نرخ، ساڵی رابردوو وەزارەتی کشتوکاڵ بڕی 7 ملیار و 710 ملیۆن دیناری لە بودجەی هاندانی کشتوکاڵی تەرخان کرد، لەسەرجەم پارێزگاکانیش زیاتر لەجارێک تەندەری بۆ پرۆژەکە راگەیاند، بەڵام هیچ بەڵێندەر و کۆمپانیایەک تەندەری وەرنەگرت، بۆیە پرۆژەکە شکستی هێنا.

رەمەزان محەممەد، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی متمانەی بەڵێندەر و کۆمپانیاکان بە حکومەت گەڕاندەوە و گوتی "بەڵێندەر و کۆمپانیاکان متمانەیان بەوە نەبوو حکومەت لەم بارودۆخەدا لەکاتی خۆی پارەکەیان بە کاش بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆیە کەس تەندەری پرۆژەکەی وەرنەگرت".

کێڵگە نێوخۆییەکان پڕن لە پەلەوەر، بەڵام بەپێی ئامارێک کە دەست (رووداو) کەوتووە، لە شەش مانگی رابردوودا زیاتر لە 38 هەزار و 200 تۆن مریشک هاوردە کراوە، هەروەها وەزارەتەکانی پێشمەرگە، تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی مریشک هاوردە دەکەن.

پێشڕەو خالید، خاوەنی پرۆژەی پەلەوەری جوتیار لە قەزای شەقڵاوە، زیاتر لە 30 هەزار مریشکی هەیە کە کێشی هەر یەکێکیان سێ کیلۆیە و هەر کیلۆیەکیشی 2600 دینار خەرجیی بووە، بەڵام لە بازاڕ تەنیا 1600 دینار دەکات. پێشڕەو دەڵێت "بە دوو خاوەن سەربڕخانەی هەولێرم راگەیاندووە، مریشکەکانم بە زەرەر و تەنانەت بە قەرزیش دەفرۆشم، بەڵام هێشتا رازی نین و دەڵێن بەهۆی مریشکی هاوردەکراو بۆمان ساغ نابێتەوە". گوتیشی "تەنیا لە قەزای شەقڵاوە 100 هەزار مریشک لە کێڵگەکانن و کەس ئامادە نییە بیانکڕێت".

بەشێک لە خەڵکی کوردستان خواستیان لەسەر مریشکی زیندووە، بەشێکیشیان مریشکی بەستوو دەکڕن. ئەمەش وایکردووە وەزارەتی کشتوکاڵ ناچار بێت رێگە بەهاوردەکردنی مریشک بدات.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "لەبەر ئەوەی مریشکی زیندوو نرخی باشتر بۆ خاوەن کێڵگەکان دەکات، بۆیە بەشێکی زۆر کەمیان مریشک دەبەنە سەربڕخانەکان، ئەوەش ئێمەی ناچار کردووە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ لە مریشکی بەستوو، رێگە بە هاوردەکردنی بدەین".

#### دهۆک زەرەرمەندی یەکەمە

بەو پێیەی زۆربەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک مریشکی بەستوو دەخۆن، نەخۆشیی ئەنفلەوەنزاکەش لەو پارێزگایە بڵاوبووەتەوە، بۆیە خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکانی ئەو پارێزگایە زەرەرمەندی یەکەم بوون لە بڕیارەکەی بەغدا.

دەستەهەل مەمێ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای دهۆک دەڵێت "زەرەری خاوەن کێڵگەکانی دهۆک ئەوەندە زۆرە ناتوانم بیخەملێنم". دەستەهەل گوتیشی "هیچکات لە پارێزگای دهۆک بەم شێوەیەی ئێستا نرخی مریشک دانەبەزیوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو) نەخۆشییەکە لەکێڵگەیەکی بەخێوکردنی مریشکی دایکانەی هێلکەکەردا سەری هەڵداوە، بەڵام هەزوو بەرپرسانی تەندروستیی ئاژەڵ سەرجەم مریشکەکانی ئەو کێڵگەیەیان لەناوبردووە کە ژمارەیان 700 هەزار مریشک بووە، نەخۆشییەکەش کۆنترۆڵ کراوە.


دوو مریشکی نەخۆش زیانی سەتان هەزار دۆلار لە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر لە کوردستان دەدەن (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

#### زیانی سەدان هەزار دۆلار

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستان بۆ پیشەسازیی پەلەوەر، زیانی کێڵگەکانی پەلەوەر بە سەدان هەزار دۆلار دەخەملێنێ و دەڵێت "خاوەن کێڵگە لەهەر کیلۆیەک گۆشت 600 دینار تەنیا لە تێچووی بەخێوکردن زەرەر دەکات، ئەم زەرەرەش بەدەیان خاوەن کێڵگەی پەلەوەری خستووەتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێک بۆ ساغکردنەوە و بە بازاڕکردنی مریشکی کێڵگەکان نەدۆزێتەوە، لەوانەیە زۆربەی خاوەن کێڵگەکان ئیفلاس بکەن".

حەیدەر فەرحان چارەسەری بۆ ئەوە پێیە و داوای لە حکومەت کرد وەزارەتەکانی پێشمەرگە و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ناچار بکات مریشکی ناوخۆ بۆ پێشمەرگە و نەخۆش و زیندانییەکان بکڕنەوە.

د.ئەنوەر عومەر، دەڵێت "ئەو داواکارییەمان 6 جار بەنووسراو بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

د.ئەنوەر، پلانی نوێی وەزارەتەکەیانی ئاشکرا کرد و گوتی "بۆ هاوسەنگکردنی نرخ لە بازاڕ، لەپلانماندایە بەشێک لە مریشکی کێڵگەکان بکڕینەوە و لە کۆگاکان هەڵیگرین. دواتر 75%ی هاوردە کەم بکەینەوە، هەر کاتێک مریشک لە بازاڕ کەم بوو، ئەوەی هەڵمانگرتووە بیخەینە بازاڕەوە".

کۆمپانیایەکی راوێژکاری دارایی:

# تا کۆتایی ئەمساڵ نرخی نەوت لە دەوروبەری 30 دۆلار یاری دەکات

رووداو — The Week

نرخی نەوت لە یەکەم هەفتەی مانگی شوباتیشدا هەڵبەزودابەزی زۆری بەخۆوەبینی، ئەگەرچی ئاماژەکان لە چاو ئاماژەکانی مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئەرێنیتر بوون.

شارەزایان پێیانوایە هۆکاری سەرەکی ئەم یاریکردنە بەردەوامەی بەهای نەوت بۆ ئەو دەنگۆ دژانە دەگەڕێتەوە کە لە بازاڕەکاندا هەن، لەلایەکەوە کۆمەڵێک ئاماژە باس لە شکانی دۆلار و دەستپێکردنی دانوستاندنەکان بە مەبەستی دابەزاندنی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز دەکەن، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک ئاماژە بە وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی نەوتی ئەمریکا و لەوێشەوە بەرزتربوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان دەکەن.

لە هەفتەی رابردوودا نرخی نەوتی خاوی ئەمریکی بە رێژەی 19% یاری کرد، تەنانەت رۆژ هەبووە نرخی نەوتی خاو بە رێژەی 11% هەڵکشان و داکشانی هەبووە.

کۆمپانیای مۆرگان ستانلی کە کۆمپانیایەکی راوێژکاریی داراییە، لە پێشبینییەکانی خۆیدا بۆ ساڵی 2016، ئاماژە بەوە دەکات کە پێناچێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەم نزیکانە دابەزێت، هەر بۆیەش چاوەڕێ ناکرێت بەرزبوونەوەیەکی ئەوتۆ لە نرخی نەوتدا رووبدات.

شرۆڤەکارێکی مۆرگان ستانلی لە بارەی دابەزینی بەهای نەوت و هۆکارەکانی دەڵێت "ئاستی داواکاری کەمترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا، ئاستی بەرهەمهێنانیش چاوەڕوانییەکانی تێپەڕاندووە، بەرزبوونەوەی رێژەی سەرچاوە سروشتییەکان وایان کردووە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕ دوابکەوێت".

ئەو کۆمپانیا راوێژکارییە پێشتر لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا پێشبینی کردبوو نرخی نەوت لە کۆتایی 2016دا بگاتە 59 دۆلار و تێکڕای بەهای نەوت بە درێژایی ساڵ هەتا 49 دۆلاریش بەرز ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ یارییە بەردەوامەکانی بەهای نەوت لە مانگی یەکەمدا، مۆرگان ستانلی بە پێشبینییەکانی خۆیدا چووەوە و لە دوایین پێشبینیدا ئاماژە بەوە دەکەن کە نرخی نەوت بە درێژایی ساڵ لە دەوروبەری 30 دۆلار یاری بکات و لە نیوەی دووەمی ساڵی 2017دا نرخەکە جارێکی دیکە بەرەو 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرز ببێتەوە.



مانگی پێشوو دابەزینی نرخی یەک بەرمیل نەوت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، کاتێک بەهای یەک بەرمیل نەوت گەیشتە 27 دۆلار، بەمەش کەمترین نرخی لە ماوەی 13 ساڵی رابردوودا تۆمار کرد. بەڵام دواتر و لە سەرەتای ئەم مانگەدا بەهاکەی بە رێژەی زیاتر لە 30% بەرز بووەوە و گەیشتە 36 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

هەندێک لە چاودێرانی بازاڕی نەوت پێیانوایە هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە بۆ دەنگۆی دانوستاندنی نێوان سعودیە و رووسیا دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا لەگەڵ کزبوونەوەی دەنگۆیەکان نرخی نەوت جارێکی دیکە بۆ 34 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی.

مۆرگان ستانلی پێشبینی دەکات بەهۆی بەردەوامبوونی ئەو بڕە لە بەرهەمهێنانی نەوت، لە سێ چارەکی یەکەمی 2016دا تێکڕای گشتیی نرخی یەک بەرمیل نەوت لە نێوان 30 بۆ 31 دۆلار بمێنێتەوە، بەڵام لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵ و چارەکی یەکەمی ساڵی داهاتوودا تێکڕای گشتیی نرخی نەوت دادەبەزێتەوە و هەتا 29 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەچێت.

بەڵام مۆرگان ستالی لەم پێشبینییەدا تەنیا نییە، پێشتر بێن ڤان بوردن، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی شێڵ لە ئەمریکا، بە رۆژنامەی تایمزی بەریتانی راگەیاندبوو کە ئەوان دڵنیان "نرخی نەوت لەوەی کە هەیە زیاتر دادەبەزێت" و هەتا کۆتایی ئەمساڵ و رەنگە سەرەتای ساڵی داهاتووش نەوت لە دەوروبەری 30 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک یاری بکات.

شرۆڤەکارانی مۆرگان ستانلی بەرزبوونەوەی خێرای بەهای دۆلار بە بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم گەڕاندنەوەی باڵانس بۆ بازاڕەکانی جیهان و هەڵسانەوەی نرخی نەوت دەزانن.

فوئاد رەزازادە، شرۆڤەکاری تەکنیکی نەوت، پێیوایە هەموو یارییەکان لەسەر دانوستاندنەکەی نێوان رووسیا و ئۆپێک وەستاون و لەبارەی دوو ئەگەری دوای دانوستاندنەکان گوتی "ئەگەر ئۆپێک و رووسیا رێکبکەون، ئەوە بەهای نەوتیش هەناسەیەکی بە بەردا دێتەوە، بەڵام ئەگەر هیچ رێککەوتنێک لە ئارادا نەبێت، ئەوە چاوەڕێ دەکرێت بازاڕی نەوت تووشی نائومێدیی دیکە ببێتەوە."

رووسیا لە کاتێکدا داوای کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوی هەناردەکارانی نەوت (ئۆپێک) دەکات کە بەپێی دوایین زانیارییەکان لە مانگی کانوونی دووەمدا رێژەیەکی پێوانەیی لە دەرهێنانی نەوتدا تۆمار کردووە و 10.88 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە یەک رۆژدا بەرهەمهێناوە. ئەمەش هەم بەرزترین رادەی بەرهەمهێنانی نەوت لە قۆناغی دوای سۆڤیەتە و هەمیش 80 هەزار بەرمیل زیاترە لەو بڕەی لە مانگی کانوونی یەکەمی 2015دا بەرهەمی هێنابوو.

نیگەرانییەکان لە مانەوەی نرخی نەوت لە دەوروبەری 30 دۆلاردا، حکومەتی رووسیای ناچار کردووە پەنا بۆ پارەی یەدەگی وڵاتەکەی بەرێت، لەم پەیوەندییەشدا ئانتۆن سیلوانۆڤ، وەزیری دارایی رووسیا رایگەیاند "ئەگەر نرخەکان هەر لە ئاستی 30 دۆلار بمێننەوە، ئەوە رەنگە ناچار بین پارەی یەدەگی وڵات بەکاربهێنین، بەڵام بەو مەرجەی هەوڵ بدەین کەمتر هانا بۆ ئەو پارەیە بەرین" ئەگەر بەهای نەوت لە 30 دۆلار بوەستێت، ئەوە رووسیا تووشی کورتهێنانی بودجە بە بڕی 26 -32 ملیار دۆلار دەبێتەوە.

زۆربەی شرۆڤەکاران پێیانوایە ئاماژەکان دەرخەری ئەو راستیەن کە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان سوورن لەسەر ئەوەی بەردەوامی بە ستراتیژی پاراستنی بازاڕی نەوتی خۆیان بدەن، ئەگەرچی ئەم ستراتیژە زیانێکی بەرچاویشی بەو وڵاتانە گەیاندووە. رووسیا بەهۆی ئەم قەیرانەوە نزمترین ئاستی گەشەی ئابووری لە 6 ساڵی رابردوودا تۆمار کردووە، سعودیە تووشی کورتهێنانی بودجەی بەرچاو بووە و رێژەی هەڵئاوسانیش لە ڤەنزوێلا چاوەڕێ دەکرێت هەتا کۆتایی ئەمساڵ بگاتە 720%.

# ئایا سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان شکستی هێنا؟

عومەر ئەحمەد

لەم کاتەدا کە هەرێمی کوردستان بە ساتەوەختێکی ئەستەمدا تێدەپەڕێت، هەمووان رووی دەمیان کردووەتە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کێشە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شکستی سیاسەتی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێننەوە. هەموو رەخنەکانیش هەر ئاراستەی ئەو وەزارەتە و کەسی وەزیر دەکرێن. لە کاتێکدا پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە رادەیەک لە چەند ساڵی رابردوودا سەرکەوت، کە تەنانەت شرۆڤەکارانی وزە لەسەر ئاستی جیهان وەک نموونەیەکی سەرکەوتن باسی دەکەن.

راکێشانی ئەو هەموو کۆمپانیا نێودەوڵەتییەی نەوت و گەیشتن بە ئاستی هەناردەکردنی رۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت جگە لە دابینکردنی رۆژانە 150 هەزار بەرمیل بۆ پێداویستیی ناوخۆ، یەکێکە لە دەسکەوتە گرینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 10 ساڵی رابردوودا. ئێران کە 90 ساڵە نەوت بەرهەم دێنێ و پیشەسازییەکی پێشکەوتووی نەوتی هەیە، ئێستا کەمتر لە دوو هێندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت هەناردە دەکات، بۆ نموونە لە ساڵی 2015 دا تێکڕا رۆژانە یەک ملیۆن و 100 هەزار بەرمیلی هەناردە کردووە.

چانس یاوەری هەرێمی کوردستان نەبوو کە نرخی نەوت لە 18 مانگی رابردوودا بەڕێژەی 75% بەهای خۆی لەدەست دا، خۆ ئەگەر نرخی نەوت نزیکەی 100 دۆلاری دوو ساڵ لەمەوبەر دەبوو، بە داهاتی مانگێک بەو بڕەی کە ئێستا نەوت هەناردە دەکرێت، حکومەت دەیتوانی مووچەی سێ مانگی فەرمانبەران بە داهاتی یەک مانگی نەوت دابین بکات.

سرووشتی نرخی نەوتیش وەکوو کاڵا گرینگەکانی دیکە سرووشتێکی بازنەییە و کەس ناتوانێت بە دروستی پێشبینی بکات.

کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە سەرچاوەیەکی دیکەی جگە لە فرۆشتنی نەوت و ئەو پارەیەی لە بەغداوە بۆی دەهات بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەمە هەڵەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان نییە.

ئەگەر حکومەتی ئێمە ژێر بایەو بۆ مەرامی سیاسی لە ساڵانی رابردوودا دەستی نەکردبایە بە کڕینی هاووڵاتیان و بە مشەخۆر و مووچەخۆرکردنیان و هەوڵی دابا کەرتی تایبەتی بەهێز کردبایە و پاڵپشتی لە سەکتەرەکانی دیکەی وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ کردبایە، خۆ ئێستا بارودۆخمان وەها نەدەبوو.

ئەگەر کەرتەکانی دیکە هاوتەریب لەگەڵ کەرتی نەوت نەبووژاونەتە، ئەمە بۆچی تەقسیری وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە؟

با کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و دارایی هەرێمی کوردستانیش وەک کەرتی نەوت گەشەیان کردبایە، وەک کەرتی نەوت بەرهەمی دیار و روونیان دوای ئەو هەموو ئیدیعایەی کە وەزارەت و دامودەزگاکانی پەیوەست بەوانەوە دەیکەن، هەبووایە.

با کەرتی کشتوکاڵ بیتوانیایە نەک رۆژانە، بەڵکوو لە ساڵێکدا 600 هەزار تەن بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردەی وڵاتانی دیکە کردبایە کە ئەگەر بۆ هەر کیلۆیەک یەک دۆلار و نیو داهات بگەڕایەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوا داهاتی یەک ملیار دۆلاری بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکرد.

خەتای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان چییە کە هەرێمی کوردستان بووەتە وڵاتێکی بەکاربەر و ناتوانێ هیچ بەرهەمێکی پیشەسازی تەنانەت لە ئاستێکی زۆر بچووکدا هەناردەی دەرەوە بکات و داهاتێک بۆ ئەم وڵاتە دەستەبەر بکات؟

ئەی باشە کەرتی بانکداری و بیمە کە کوردستان تێیاندا زۆر دواکەوتووە، ئەوەش خەتای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە؟ خۆ دەکرا هەرێمی کوردستان هەر بە داهاتی بانکە تایبەتەکان و کۆمپانیاکانی بیمە و خزمەتگوزارییە داراییەکان بودجەی خۆی دابین بکات.

خەتای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان چییە، حکومەت 12 ساڵە وەزارەتێکی دارایی هەیە وەکوو قاسەیەک وابووە و پارەی بۆ رەوانە کراوە و تەنیا مووچەی دابەش کردووە؟ توخوا ئەوە وەزارەتی داراییە، کەی ئیشی وەزارەتی دارایی ئەوەیە؟!

لە جیاتی ئەوە، دەبوو وەزارەتێکی داراییمان هەبێت سیاسەتی دارایی و بودجەدانانی ئەم وڵاتە دابڕێژێ و ئەسڵەن هەر پێویستی بە داهاتی نەوت نەبووایە بۆ دابینکردنی بودجەی حکومەت. خۆ ئەگەر ئەوان کارێکی دیکە جگە لە دابەشکردنی مووچەیان کردبا، ئێستا دەیانتوانی بە داهێنانی سیستەمێکی رێکوپێک و ستانداردی دارایی و ئابووری و بە زیادکردنی داهاتەکان و رێکخستنی باجەکان و هاندانی بانکەکان و کەرتی تایبەت باشترین بودجەیان بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکردایە.

خۆ ئەگەر کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکی گونجاودا پەرەی پێنەدرایە کە ئەوەش بەپارەی خودی کۆمپانیاکانی نەوت کرا بەبێ ئەوەی حکومەت یەک دۆلار خەرجیی ئەو کەرتە بکات، کەی دەکرا بەم نرخەی ئێستای نەوت کۆمپانیایەکی نەوتی هان بدرێ نەوت لە هەرێمی کوردستان دەربهێنێ؟ هیچ نەبێت وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان تا ئێستا زیاتر لە 10 ملیار دۆلار داهاتی بۆ ئەو وڵاتە دەستخستووە. زۆر لە شرۆڤەکارانی بیانی پێیانوایە ئەگەر هەرێمی کوردستان پەرەی بە کەرتی نەوتی خۆی نەدایە، ئەوا چارەنووسی لە پارێزگا سوننیەکانی عێراق کە لەلایەن داعشەوە داگیرکراون باشتر نەدەبوو.

وەک چۆن سندووقی نێودەوڵەتیی دراو رایگەیاندووە دابەزینی نرخی نەوت هەلێکە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وا باشە حکومەت بەخۆیدا بچێتەوە و فریای کەرتەکانی دیکە بکەوێت و واز لە کەرتی نەوت بهێنێ با خراپتری نەکات.



ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8



## ئەرسەلان دەیەوێ بیتەقێنێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ ئەرسەلان هەورامی یەکەمین کلیپی بڵاودەکاتەوە و ئومێد دەکات ئەو بەرهەمەی دەنگدانەوەی هەبێت.

ئەرسەلان هەورامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەرهەمەکەم بەنێوی گەشتێک بۆ هەورامانە. سوودم لە ئاوازی گۆرانییەکانی هونەرمەندان عوسمان هەورامی و عەزیز سەعید وەرگرتووە". گوتیشی "بەرهەمەکە تێکەڵەیەکە لە دوو ئاوازی مامۆستا عوسمان هەورامی و ئاوازێکی عەزیز سەعید، هۆنراوەکانیش فۆلکلۆرن و گۆڕانکاریم لە مۆزیک و گوتنەوەیاندا کردووە".

ئەو بەرهەمە یەکەمین کلیپی ئەرسەلان هەورامییە کە خۆیشی زۆر ئومێدی پێیەتی و گوتی "بەرهەمەکە لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە و ئومێدێکی زۆرم هەیە کە لەنێو گۆرانییە هەورامییەکاندا بتەقێتەوە".

کێیکو هەیاشی، میوزیکژەنی یابانی بۆ (ڕووداو):

# کوردێک فێری تەمبوور و سێتاری کردم

**کێیکو هەیاشی، میوزیسیانی ژاپۆنی دەڵێت، ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی جیاوازی ناسیوە، بەڵام هیچ نەتەوەیەکی نەناسیوە کە لە گەلی کورد ڕاستگۆتر بووبێت. فۆلکلۆر و زمانی کورد، وای لەو خانمە ژاپۆنیە کردووە ماوەیەکی زۆرتر لەو ماوەیەی دیاریی کردبوو، لە ئێران بمێنێتەوە.**

**کێیکۆ هەیاشی لە تارانی پایتەختی ئێران ئاشنایەتی لەگەڵ خێزانێکی کوردی کرماشان پەیدا دەکات کە سەرجەمیان میوزیکژەنن. ئێستا ئەو بووەتە ئەندامێکی گرووپەکەیان "لەو خێزانەوە ئامێر و ئاوازی جیاواز فێر بووم، وەک ئەندامێکی خێزانەکەی خۆیان منیان قبوڵ کرد و خزمەتیان کردم". هەیاشی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زیاتر لەبارەی ئەو خێزانە کوردە و میوزیکی کوردی قسە دەکات.**

ئیمرە ئاکبولاک
ڕووداو - هەولێر



**ڕووداو: بەرلەوەی باسی میوزیکی کوردی بکەین، کەمێک باسی خۆتان بکەن؟**

**هەیاشی:** من لە تەمەنی پێنج ساڵاندا فێری پیانۆژەنین بووم. لە خوێندنی سەرەتاییدا بەشداریم لە ئۆرکێسترای کلاسیک کرد و چوومە ناو دنیای میوزیکەوە. لە 11 ساڵیدا فێری ژەنینی ئامێری زیلۆفۆن و کلارنێت بووم. لە ئامادەیی دەستم بە میوزیکی ڕۆکیش کرد. لە تەمەنی 24 ساڵیشدا بۆ ماوەی 10 ساڵ لێکۆڵینەوەم لەسەر میوزیکی کلاسیکی هیندی کرد. دواتریش مەیلم بەلای میوزیکی فارسیدا جوڵا و سەردانی ئێرانم کرد؟

**ڕووداو: بۆچی ئێرانت هەڵبژارد؟**

**هەیاشی:** لە کاتی قوڵبوونەوەم لە میوزیکی کلاسیکی هیندی، بۆم ڕوون بووەوە کە میوزیکی هیندی کاریگەرییەکی زۆری میوزیکی ئێرانیی بەسەرەوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئاشنای شیعرەکانی مەولانا بووم، بەو هۆیەوە حەزی ئاشنابوونم بە میوزیک و ئەدەبیاتی فارسی زیاتر بوو، بەڵام زانیاری پێویستم دەستنەکەوت. لە 2006دا بۆ ماوەی هەفتەیەک سەردانی ئێرانم کرد. کەسانێکم ناسی کە وایان لێکردم بڕیاری زۆر قورس بدەم لە ژیانمدا. لە 2007دا کەیهان کەلهور و شەهرام نازری کۆنسێرتێکی میوزیک و گۆرانییان هەبوو لە ژاپۆن، منیش چووم بۆ کۆنسێرتەکە. دواى ئەوە بڕیارم دا گەشت بۆ ئێران بکەم بۆ فێربوونی زمان و میوزیکی فارسی. پلانی من ئەوە بوو تەنیا نۆ مانگ بمێنمەوە، بەڵام ئەوە نزیکەی 9 ساڵە لە ئێرانم.

### میوزیکی کوردی وەکوو بەشێک لەخۆم دەبینم

**ڕووداو: ئەی ئاشنایەتیت لەگەڵ میوزیکی کوردی چۆن پەیدا کرد؟ کوردی دەزانیت؟**

**هەیاشی:** دەتوانم بڵێم دوای ناسینی چەند کوردێک لە ئێران، بە میوزیکی کوردیش ئاشنا بووم. لێرە (تاران) خێزانێکی کرماشانیی کورد هەن، بەناوی ڕەعنایی. وەک منداڵی خۆیان منیان خۆشویست و لەخۆیان گرتم. کوردی کرماشانن، بەڵام لە تاران دەژین. سێتار و تەمبوور لە شۆڕش ڕەعناییەوە فێربووم. شۆڕش، میوزیسیانیکی زۆر شارەزایە. پسپۆڕی سێتار، عود، تەمبوور و کەمانە. باوکی شۆڕش، یەحیا ڕەعنایی پسپۆڕی تەمبوورە. دایکی و براکەشی بەباشی تەمبوور دەژەنن و گۆرانی دەڵێن.

### باشترین هاوڕێکانم لە ئێران کوردن

لە زانکۆی هونەریی تاران کە دەمخوێند، زۆر قوتابی کوردم ناسین. هەموویان بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم. لە بەشی ناوخۆیی زانکۆ دەمامەوە و یەکێک لە باشترین هاوڕێکانم کچە کوردێکی خەڵکی مەهاباد بوو. کوردم خۆشدەوێن، چونکە کەسانی پاک و دڵساف و باش بوون. بۆیە خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ میوزیک و کولتووری کوردی هەیە. ناتوانم بەباشی بە کوردی بئاخڤم، بەڵام دەتوانم بە شێوەزارەکانی کوردی گۆرانی بڵێم. پێشتر لە ئێرانییەکانەوە بیستبووم کە کورد مرۆڤی بەسۆز و باشن. کە چوومە ئێران، ئەمەم بە چاوی خۆم بینی. زۆر ئێرانیم ناسی کە لە شارە جیاوازەکانی ئێرانەوە هاتبوون، بەڵام هیچکامیان بەقەدەر کورد باش نەبوون.

**ڕووداو: ئەو خێزانەی لە تاران ناسیت، ڕەعنایی، کێن؟ ئەم خێزانەت چۆن ناسی؟**

**هەیاشی:** کە سەردانی ئێرانم کرد، وانەی دەنگی کلاسیکم وەرگرت. شۆڕش ڕەعنایی کە ئەوکاتە تەمەنی 20 ساڵان بوو، یاریدەدەری مامۆستاکەم بوو. ڕۆژێک دوای وانەکان چووم بۆ ماڵی ڕەعنایی. بەو جۆرە ناسیمن، ئەوان هەموویان میوزیسیانن. لە سایەی ئەوانەوە ئاشنای میوزیکی کوردی بووم و حەزم لێکرد.

**ڕووداو: ڕات لەسەر میوزیکی کوردی چییە؟**

**هەیاشی:** میوزیکی کوردی بەهێز و سەرنجڕاکێشە. بەجۆرێکە کە وزە دەبەخشێت بە ناخی مرۆڤ. سەرەتا نامۆ بوو بۆم، بەڵام دوای تێکەڵبوونم لەگەڵ کورد چیدی نامۆ نییە، وەک بەشێک لەخۆم دەیبینم.

**ڕووداو: شارەزای کام ئامێری میوزیکی و چ جۆرە ئاوازێک دەژەنیت؟**

**هەیاشی:** شارەزای سێتار و تەمبوورم. میوزیکی فارسی و ئاوازی کوردی کرماشان دەژەنم. ڕۆژی 2016/1/24 کۆنسێرتێکی گۆرانیم هەبوو، لە کۆنسێرتەکەدا ئاوازی کوردیم ژەنی و گۆرانی "ئەی وەی زارا"م بە کوردی پێشکەش کرد.

### دەتوانم بە شێوەزارەکانی کوردی گۆرانی بڵێم

**ڕووداو: خەڵکی ژاپۆن تا چەند ئاگایان لە کورد و میوزیکی کوردییە؟**

**هەیاشی:** زۆرینەی ژاپۆنییەکان بێ ئاگان لە زمان و کولتووری کوردی، بەڵام لە نزیک تۆکیۆ، لە شاری وارابی کوردی لێیە. بەو شارە دەڵێن وارابستان.

**ڕووداو: بەنیاز نیت سەردانی هەرێمی کوردستان بکەی؟**

**هەیاشی:** چوار جار سەردانی کوردستانی ئێرانم کرد. حەزدەکەم زیاتریش سەردانی بکەم.

### دەمەوێت سەرجەم شارەکانی کوردستان بگەڕێم

سروشتی کوردستان مرۆڤ ڕادەکێشێ. دەمەوێت سەرجەم شارەکانی کوردستان بگەڕێم. دەمەوێت ئاشنای تەواوی گۆرانی، هەڵپەڕکێ و جلوبەرگی کوردی ببم.



ڕۆژین:

# پرسی کوردی باکوور بە لێدانی خەندەق چارەسەر نابێ

- لەگەڵ گوڵستان 40 هونەرمەند کۆدەکەینەوە
- ژیان بۆ ئافرەتانی کوردی ئێزدی دەگەڕێنمەوە

**خانمە گۆرانیبێژی کورد ڕۆژین، جگە لە گۆرانیگوتن، شانی داوەتە بەر چەند پرۆژەیەک، لەوانەش پرۆژەی "دووبارە ژیانەوە" بۆ گەڕاندنەوەی ژنانی کوردی ئێزدی بۆ نێو کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکانیان. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕووداو، ڕۆژین دەڵێت ئەوکاتەی لە قوتابخانە بووە دوو مستەفای ناسیوە، مەلا مستەفا بارزانی و مستەفا کەمال ئەتاتورک، وێنەی یەکێکیان دەخرایە حەوت چینی ژێر زەوییەوە، ئەوی دیکەشیان لە بەرزترین شوێندا هەڵدەواسرا".**

هەڤپەیڤین: گوڵبەهار ئاڵتاش
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: ئێستا ڕۆژین بە چییەوە سەرقاڵە؟**

**ڕۆژین:** کۆمپانیایەکی میوزیکیمان دامەزراندووە بەناوی "R.B.I". لەڕێگەی ئەم کۆمپانیایەوە هاوکاریی گەنجانی بەهرەمەند دەکەین. لەگەڵ "ئەورووپا میوزیک"یش کارێکی هاوبەشمان هەبوو. ساڵی ڕابردوو ئەلبوومێکم بەناوی "ژ نوڤە" بڵاوکردەوە. دوایین ئەلبوومم کورتەی ژیان و بەسەرهاتی ناوچەکەیە. دەتوانم بڵێم، تەواوی هەستەکانم لەو ئەلبوومەدا دەربڕیوە. گەلەکەشم لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە، ئەو ئەلبوومە وەک شیعرێکی دەنگ و ڕەنگدار وایە.

هەروەها پرۆژەیەکی دیکەشم ڕەنگە زوو بێت بۆ باسکردنی، بەڵام دەمەوێت وەک کەسێک کە بەرەوڕووی توندوتیژیی بوومەتەوە، ژیانی خۆم بنووسمەوە. وەک شاعیر دەڵێت "هەنگوین دەکەم بە ئازارەکاندا" و دەیانگێڕمەوە، چونکە زۆر ئازارم چەشت. بایۆگرافییەک کە لەکاتی پێکەنیندا دەتگریێنێ.

لەگەڵ گوڵستان پەروەریش پرۆژەیەکمان هەیە، 30-40 هونەرمەندی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆدەبینەوە و پێکەوە کارێک دەکەین. ئامانجمان کۆکردنەوەی هەموو لایەکە پێکەوە، چونکە ئاگر چواردەوری کوردستانی گرتووە و پەیامی "یەکبگرن"ی داوە بە ئێمە.

**ڕووداو: ئەی پڕۆژەیەکتان هەیە تایبەت بە کچانی کوردی ئێزدی، ئەو پڕۆژەیە چییە؟**

**ڕۆژین:** پرۆژەکە ناوی "دووبارە ژیانەوە"یە و لە کەمپێکی شاری دهۆکەوە دەستمان پێکرد. ئامانجی سەرەتاییمان دۆزینەوەی کارە بۆ ئەو کچانە، بەڵام پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان ڕێگربوو لەبەردەمماندا. سەرەڕای ئەوەش بەردەوامین لە هەوڵەکانمان. لە کەمپەکەدا شوێنێکی بچووکمان کردەوە و دەستمان بە کار کردووە.

بەشێک لە کچەکان بەهۆی ئەو ناسەقامگیرییەی بینییان ڕۆیشتن بۆ دەرەوە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە وا لەوان بکەین لە ئارامیدا بژین، مامۆستایانی چارەسەر لە ڕێگەی میوزیک و دراما سوودیان بۆ ئەوان دەبێت. هەموو ڕێگەیەک دەگرینەبەر بۆ ئەوەی ئەوان توندتر باوەش بە ژیاندا بکەن.

لەگەڵ ئەو هاوکارانەی دیکە کە لە کەمپەکە دەمێننەوە و لەگەڵ زانکۆی دهۆک سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ کۆنسێرتێک. داهاتی کۆنسێرتەکە دەدرێت بەوانەی لە کەمپەکە دەمێننەوە. پڕۆژەیەکیشمان بۆ منداڵان دەبێت، بە کورتییەکەی پڕۆژەی "دووبارە ژیانەوە" بە خێرایی بەرەوپێش دەڕوات.

**ڕووداو: بۆ پڕۆژەی دووبارە ژیانەوە کێ هاوکاریتان دەکات؟**

**ڕۆژین:** کۆمپانیایەکی جلوبەرگ لە تورکیا هاوکاریی کردین. دەبێت ئەوەش بپرسم: ئەوەی بەسەر کچەکانماندا هێنراوە و وەک کۆیلە فرۆشران و بەکارهێنران بۆ سێکس، لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان بووایە، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ دەبوو؟

ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی ژنانیش لەم بابەتەدا بەرپرسانە مامەڵەیان نەکرد. داوای هاوکاریمان لە زۆر ڕێکخراوی مافی ژنان لە تورکیا کرد، تەنیا "ئوچان سوپورگە" وەڵامیان داینەوە و ئەوانیش تا ئێستا هیچ هاوکارییەکیان نەکردووین.

**ڕووداو: زوو زوو دێیتە باشووری کوردستان، ئێرە چ هەستێکت پێدەبەخشێ؟**

**ڕۆژین:** کە لە قۆناغی سەرەتایی بووم، دوو مستەفام ناسی، ئەوانیش مەلا مستەفا بارزانی و مستەفا کەمال ئەتاتورک بوون. وێنەی یەکێکیان قەدەغە بوو، دەخرایە حەوت چینی ژێر زەوی، ئەوی دیکەشیان بە بەرزترین شوێندا هەڵدەواسرا. بەهۆی ئەوەی تەمەنم لەسەر پێناسەکەم گەورەتر نووسرابوو، بەر لەوەی فێری تورکی ببم لە تەمەنی 5 ساڵان چوومە قوتابخانە. منداڵێکی پێنج ساڵان کە هەمیشە هێرش و گوشار دەکرایە سەر ماڵەکەی، ئازاردانی خێزانەکەی لەبەر ئەوەی وێنەیەکی مەلا مستەفایان هەڵواسیوە کە لەسەر ئەسپەکەی گرتوویەتی، ئەمە چی لە مێشکی منداڵێکدا دروست دەکات؟ دەبێت باری دەروونی ئەو منداڵە چۆن بێت؟

کاتێک هاتم بۆ کوردستان، پاسپۆرتەکەم دایە پێشمەرگەیەک، ئەویش گوتی: بەخێر بێیت ڕۆژین. ناتوانم باسی هەستی خۆمت بۆ بکەم کە لەوکاتەدا هەمبوو. کە دێم بۆ کوردستان، هەستێکی زۆر خۆشم هەیە. وا هەست دەکەم 40 دەرگای داخراو بەڕووی دڵمدا کراونەتەوە، دەمەوێت وەک منداڵ لە فرۆکەخانە بە هەڵبەز و دابەز بێمە دەرەوە.

**ڕووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە باشووری کوردستان نیشتەجێ ببی؟**

**ڕۆژین:** ئێستا خەریکی ماستەرم، دەبێت تەواوی بکەم. هەندێک کاری دیکەشم هەیە، دوای ئەوە بیر لە نیشتەجێبوون دەکەمەوە.

### بیر لەوە دەکەمەوە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ببم

**ڕووداو: لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە چی دەڵێی؟**

**ڕۆژین:** ساڵانێکی زۆرە، وەک هەموو کوردێک چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم کوردستان سەربەخۆ ببێت و بڵێم وڵاتی خۆم. خۆر بە قوڕ داناپۆشرێت! جیهان ئەمە دەزانێت. نەتەوەپەرستێکی توندڕەو نیم، بەڵام ڕوونە کە لەناوچەکەدا بە ئیمکانیاتێکی کەمەوە شەڕی مەدەنی دەکەین. کە هەموو نەتەوەیەک وڵاتی خۆی هەبێت بۆ من نەمبێت!

لە فیلمی ئاڤاتاری جەیمس کامیرۆندا، هەمیشە هیوایان بە دوعا و خواوەند هەیە. کورد بە ئاڤاتار دەچوێنم، دڵنیام لە کۆتاییدا سەردەکەون و دەگەن بە ئامانجەکانیان.

**ڕووداو: لە میدیاکانی تورکیادا پڕوپاگەندەی زۆر لە دژی تۆ دەکرێت، هۆکارەکەی چییە؟**

**ڕۆژین:** ئەو هەواڵانە بە ئەنقەست دروست دەکرێن. هەواڵەکان پڕن لە سووکایەتی بەمن. بۆ نموونە دەڵێن "ڕۆژین گوتی خۆزگە کورد نەبوومایە"، ڕۆژین باوکێکی قاچاخی بۆ منداڵەکەی هێنا، پۆلیس بەسەر ڕۆژینی دادا، ڕۆژین دەڵێت گوێم لە پەککەکە نەگرت گوێم لە دایکم گرت، سەردار توروت بە ڕۆژینی گوت کۆیلەی سێکس و ئەویش قبووڵی کرد و... هتد".

من ئەو هەموو چالاکییەم هەیە، بەڵام میدیای تورکی باسی ناکات، بەردەوام لە هەوڵی ناشیرینکردنی مندان، دەبێ میدیای کوردیش لەوە ئاگاداربن و بەقسەی ئەوان نەخەڵەتێن.

من هەرگیز سڵم لە کوردبوونم نەکردووەتەوە. بەهۆی کوردبوونیشمەوە تووشی زۆر ناڕەحەتی بووم. هەرگیز پاشگەز نابمەوە لە هەنگاونان بەرەو ڕاستییەکان. دەبێت گەلەکەم لە هەوڵە فاشیستییەکانی میدیای تورکی ئاگادار بێت و بزانێت. بە دڵنیاییەوە هاوڕێی باشمان هەیە لە میدیای تورکیدا، بەڵام تواناکانی ئەوان وەکوو پێویست نییە. ئەگەر سکاڵام لە دژی ئەو هەواڵانە تۆمار بکردایە و داوای قەرەبووم بکردایە، بە پارەی ئەو قەرەبووانە دەژیام.

**ڕووداو: ئەی لەبارەی بارودۆخی باکووری کوردستان چی دەڵێی؟**

**ڕۆژین:** زۆر نیگەرانم. کوشتنی خەڵکی سڤیل تووڕەم دەکات. پێموایە بە تێپەڕینی کات هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە و ئاشکرا دەبێت. ماوەیەک سەرکەوتنمان بەدەستهێنا لە وەستاندنی خوێنڕشتندا. بەڵام دیارە شتێک هەیە کە گەڕاینەوە بۆ خاڵی سەرەتا. نە خەندەق و نە نیشانەشکێن ئەم پرسە چارەسەر ناکەن. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی ئاشتی و دانوستاندن.

رووداو تاراوگە
ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8



## پرسی کۆچبەران یەکێتیی ئەوروپا کۆدەکاتەوە

**رووداو- ئەمستردام**

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا لەسەر پرسی کۆچبەران کۆبوونەوە و تاوتوێی قەیرانەکەیان کرد. توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی ئەوروپا، هێواشکردنەوەی لێشاوی کۆچبەران بۆ وڵاتانی بالکان، دابینکردنی خەرجی و پێداویستییەکانی کۆچبەران مژاری گەرمی کۆبوونەوەکەی رۆژی شەممەی رابردووی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا بوون لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا. لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانی، فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا رایگەیاند "پشتگیری تورکیامان کردووە بۆ ئەوەی گەرەنتی دابینکردنی بڕی دارایی بکات بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە بەدوای مافی پەناخوازیدا دەگەڕێن".

# لە ئیزمیر بازرگانی بە تەرمی کۆچبەرانەوە دەکرێت

**رووداو- ئیزمیر**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر کە ئێستا وەکو خۆبەخشێک سەرقاڵی هێنانەوەی تەرمی ئەو کۆچبەرە کوردانەیە کە لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن، دەڵێت هەندێک لە قاچاخچییەکان تەنانەت بازرگانی بە تەرمی کۆچبەرەکانیشەوە دەکەن.

نقومبوونی یەختێک لە ناوچەی فۆجەی شاری ئیزمیر وا لە موئەیەد فەتاح، تەمەن 34 ساڵ دەکات لە هەولێر دەستبەرداری کار و پرۆژەکانی ببێت و روو لەو شارەی تورکیا بکات بۆئەوەی خۆبەخشانە هاوکاریی کەسوکاری قوربانیانی دەریای ئیجە بکات.

موئەیەد ماوەی 8 رۆژ لە ئیزمیر دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا مامەڵە و دۆکیۆمێنتە یاساییەکانی تەرمی 16 کۆچبەری جێبەجێ کردووە و بەڕێی کردوونەتەوە بۆ کوردستان. ئەو دەڵێت "ناخۆشترین شت ئەوە بوو، خەڵکانێک دەیانویست بازرگانی بەتەرمەکانیشیانەوە بکەن و بە پارە بە کەسوکاریانی بفرۆشنەوە".

موئەیەد کە پێشتر وەکو خۆبەخشێک لە رێکخراوە ناحکومییە لۆکاڵییەکانی کوردستان کاری کردووە، خاوەنی دوو کارگەیە و کۆمپانیایەکی تایبەت بە گواستنەوەشی هەیە کە بەشێک لە کارەکانی لە تورکیایە. بەڵام دەڵێت "زۆر حەزم لە کاری مرۆییە و ئامادەم هەموو سەروەت و سامانەکەمی لەسەر دابنێم".

ئەو کە ئێستا خاوەنی زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلارە، لەکارەکەی دوورکەوتووەتەوە و سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر کەسانی بێسەروشوێنی رێگەی کۆچ "لە دەرگای هەموو کەس دەدەم تەنیا بۆ ئەوەی رێکارێکی باشم بۆ هێنانەوەی تەرمەکان دەستبکەوێت".

موئەیەد تاوەکو ئێستا تەرمی 13 لە قوربانیانی رووداوەکەی فۆجەی هێناوەتەوە و دەڵێت "هەموو کارەکانی پاسپۆرت و رێگە یاساییەکان و ئامادەکارییەکانی ناردن و وەرگرتنەوەی تەرمەکانم کردووە".

ئەوەی کارەکەی موئەیەدی سەخت کردبوو، کەسوکاری قوربانییەکان بوون "زۆر بێ تەحەممول بوون، زۆربەی کات خەریکی هێورکردنەوەیان بووم، بەهۆی ئەوەی شەممە و یەکشەممەی بەسەردا هات و لەوێش ئەو دوو رۆژە پشووی فەرمییە، خەڵک تەحەمولیان نەدەکرد و کێشەیان دروست دەکرد".

زەحمەتییەکی دیکەی زیندووەکان بۆ موئەیەد وەک خۆی باسی دەکات "نەبوونی پاسپۆرت و دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانی کۆچبەرە رزگاربووەکان و کەسوکاریان بوو، زۆر بە زەحمەت لە هوتێلەکان ژووریان پێدەدان".

بەپێی سیستمی وڵاتانی دنیا و لە نێویاندا تورکیا، هێنانەوەی تەرم رێکاری تایبەتی خۆی هەیە. هیچی کەمتر نییە لە گەشتی کەسێک کە پێویستی بە ڤیزا هەیە. موئەیەد دەڵێت "مردووەکان و تەنانەت زیندووەکانیش کێشەی دۆکیۆمێنتیان هەبوو".

دواجار موئەیەد لە رێگەی بازرگانەکانی هاوڕێی و دوای هاتنە سەرخەتی کچە کوردێک لە باڵیۆزخانەی عێراق، توانی سەرکەوتووانە 13 تەرم و 16 کەس لە رزگاربووەکان بهێنێتەوە. موئەیەد گوتی "زیندووەکان زۆربەیان وەک شێتیان لێهاتبوو، نەیاندەزانی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن".

هادی کۆچبەرێکی کوردە و ژنەکەی و دوو منداڵەکەی لە دەریای ئیجەدا خنکاون، ئەو دەڵێت چاکەی موئەیەد قەت لە یاد ناکات "ئەگەر موئەیەد نەبووایە تەرمی ژنەکەم و منداڵێکم نەدەدۆزرانەوە".

بەپێی زانیارییەکانی رووداو، لەماوەی 20 ساڵی رابردوودا نزیکەی 42 هەزار تەرمی کۆچبەران لە کەنار دەریاکان دۆزراونەتەوە، یان لەلایەن هێزی دەریایی و تیمەکانی فریاگوزارییەوە لە دەریاکان دەرهێنراون و وەکو تەرمی نەناسراو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و نێژراون.

بە گوتەی موئەیەد، دەرهێنانی هەر تەرمێک 5000 دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت، ئەمەش وای کردووە کە حکومەتی تورکیا زۆر خەم لە دۆزینەوەی تەرمەکان نەخوات. لە کاتێکدا فەرامۆشکردنی تەرمە بێسەروشوێنەکان لادانە لە رێککەوتننامەی پاراستنی مافی کۆچبەر و پەنابەر کە تورکیا پێشتر واژووی کردووە.

موئەیەد دەڵێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کارەکەی، هەوڵ دەدات کۆمەک کۆبکاتەوە، چونکە بە گوتەی ئەو کرێی گەڕانی ژێردەریایی زۆر گرانە و بۆ 24 کاژێر 8000 دۆلار وەردەگرن.

هەندێک لەو تەرمانە بۆ ماوەیەک لەژێر ئاودا دەمێننەوە و دواتر شەپۆلەکان فڕێیان دەدەنە کەنار دەریاکان، بەڵام ئەو جۆرە تەرمانە بە زەحمەت دەناسرێنەوە و تاکە رێگای ناسینەوەیان، پشکنینی DNOیە، کە ئەمەش دووبارە بارگرانییە لەسەر دەوڵەت.

ئۆزجان یەڵماز کە پزیشکە لەو نەخۆشخانەیەی لە ئیزمیر تەرمی کۆچبەرانی تێدا هەڵدەگیرێ، بە (رووداو)ی گوت "دەبێت رێکخراوەکان و یەکێتیی ئەوروپا هاوکار بن بۆ پشکنینی ئەو تەرمانە، بەڵام ئەم هاوکارییە تەنیا بۆ یۆنان و ئیتاڵیا خەرج کراوە".

مانەوەی بەشێک لە تەرمەکان کە هیچ شوناسێکیان دیار نەبوو، کەسیش نەدەهات بە دەنگیانەوە، لەو کێشانەیە کە هاتوونەتە بەردەم ئەم گەنجە خۆبەخشە و بگرە نەخۆشخانەکانیش "نەخۆشخانە ناچار بوو دوای مانەوەی 48 کاژێر، تەرمەکان بنێژێت". موئەیەد گوتیشی "پەنام بۆ میدیاکانی کوردستان و سۆشیال میدیاش برد، کەس بەهاناماوە نەهات".

زۆری نەمابوو نەخۆشخانەکەی ئیزمیر تەرمی سەهەند و بەیان بنێژێت کە دوو کۆچبەری کورد بوون و لە ئیجەدا خنکابوون، بەڵام موئەیەد فریاکەوت، ئەو گوتی "بە هەوڵی خۆم توانیم کەسوکاریان بدۆزمەوە و تەرمەکانیان بۆ وەربگرمەوە".

### بازرگانیکردن بە تەرم

ئەو ساتەی کۆچبەرەکان سواری یەختەکە دەبن، تەلەفۆن بۆ کەسوکاریان دەکەن و دەڵێن دوای 24 کاژێر پارە خەوتووەکان بۆ فڵان کەس لە هەولێر ببەن، بەڵام دوای رووداوەکە نوێنەری قاچاخچییەکان لە هەولێر خۆی ون کردووە. موئەیەد تا ئێرە حاڵەتەکە بە ئاسایی دەبینێت، وەک ئەوەی لای هەموو کۆچبەران هەیە، بەڵام دەڵێت "ئەوەی زۆر بێزاری کردم، خەڵکانێک بوون کە پێدەچوو قاچاخچی بن، دەیانویست بازرگانی بە تەرمەکانیشەوە بکەن". موئەیەد دەڵێت "لە نەخۆشخانەکە، کەسانێک داوای رێککەوتن دەکەن کە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکان و تەسلیمکردنەوەی بە کەسوکاریان 1500 دۆلار وەربگرن".

بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە دامەزراوەی ناحکومی و لایەنی پەیوەندیدار داویانەتە (رووداو)، لەو ماوەیەدا 388 کۆچبەری کورد لە دەریای ئیجەدا خنکاون.

ئێستا موئەیەد خەون بەوەوە دەبینێ گرووپێک یان رێکخراوێکی تایبەت بە دۆزینەوە و هێنانەوەی تەرمی کۆچبەران دروست بکات. موئەیەد گوتی "بۆ ئەو مەبەستە لە هەوڵی پەیداکردنی هاوکاریی لۆجستی وماڵیدام".





تەرمی کۆچبەرێکی کورد لە نەخۆشخانەیەکی ئیزمیر (فۆتۆ: رووداو)

## ژمارەیەکیان رەگەزنامەی بەریتانیشیان هەیە

# کۆچبەرە کوردەکانی دونکیرک چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیارن

**رووداو — The Guardian**

لە نزیک شاری دونکیرک لە فەرەنسا، لە دارستانێکی سارد، باراناوی و پڕ لە قوڕ و چڵپاودا 1500 کۆچبەری کورد چادریان هەڵداوە و خەون بە ئاودیوبوونەوە بۆ بەریتانیا دەبینن.

لە تەنیشت چادرەکەی رەوەند عەزیزدا مشکێکی مردوو لەناو قوڕدا گەوزاوە، بارانی بەردەوامیش هەموو ناوچەکەی کردووە بە قوڕاو و چڵپاو، پلەی گەرما لە شەواندا هەتا ئاستی رەقبوونەوە دادەبەزێت، هەر بۆیە منداڵەکەی رەوەند کە ناوی ئۆسکارە، وەکوو زۆربەی کۆچبەرەکانی ئەم کەمپە ناهەقی نییە بە بەردەوامی نەخۆش بێت.

کەمپەکەی دونکیرک کە هەر بەنێو کەمپە، 35 کیلۆمەتر لە کەمپەکانی کالای دوورە. رێگەی ئاودیوبوونی بەریتانیا لەم کەمپەوە جیاوازە لەوەی کالای، لێرە خەڵک چاوەڕێی کەشتیەکان دەکەن بۆ ئەوەی لەم رەوشە سەختە رزگاریان ببێت.

ئەوەی دۆخی هەندێک لە دانیشتووانی ئەم بەنێو کەمپە لە کەمپەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ژمارەیەکیان هەڵگری پاسپۆرتی بەریتانین و ئەگەر هەر خۆیان بوونایە زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بچنە بەریتانیا، هەر بۆیەش رەوەند دەڵێت "من خۆم بەریتانیم، مەبەستم ئەوەیە بووم بە بەریتانی، من کولتووری بەریتانیا دەناسم، وڵاتەکە و یاساکەی دەناسم."

بەڵام بەریتانیا دەرگای لەسەر خەڵکانی ئەم کەمپە داخستووە. کۆتاییەکانی مانگی پێشوو، دەیڤد کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، لە دیبەیتێکی پەرلەمانیدا کۆچبەرانی کالای و ناوچەکانی دیکەی سەر سنووری نێوان فەرەنسا و بەریتانیای بە "مشتێک کۆچبەر" ناوبرد. حکومەتی بەریتانیا رایگەیاندووە کە ئامادە نییە کۆچبەرانی کالای وەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان ئێستا لە فەرەنسان و لەو وڵاتە دەتوانن داوای مافی پەنابەرێتی بکەن.

بەڵام وەکوو رەوەند دەڵێت، دۆخی ئەو جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەو رەگەزنامەی بەریتانی هەیە و هاتووەتە دونکیرک بۆ ئەوەی لەگەڵ هەتاوی خێزانی و ئۆسکاری کوڕیدا بێت، لە کاتێکدا حکومەتی بەریتانیا ئامادە نەبووە پاسپۆرتی بەریتانی بە ژن و منداڵەکەی بدات.

رەوەند دەیگێڕێتەوە کە لەساڵی 2007دا پاش جارێک رەتکردنەوە، مافی پەنابەرێتی پێ بەخشراوە و ئەمە بۆ ئەو وەکوو لەدایکبوونەوە وابووە، ئەگەرچی پێدانی ئەم مافە وای نەکرد باری ژیان لەسەر شانی سووکتر ببێت. ئەو یەکەمجار زمانی ئینگلیزی و داتریش لە کۆلێژی ساڵفۆرد بیرکاریی خوێند، بەڵام هیچکات نەیتوانیبوو پیشەیەکی پەیوەندیدار بە بەشەکەی خۆی بدۆزێتەوە. هەر بۆیەش زۆربەی جاران کاری خاوێنکردنەوەی کردبوو کە بۆ هەر کاژێرێکی تەنیا 4 پاوەندی بەریتانی وەردەگرت. لەساڵی 2009دا رەوەند رەگەزنامەی بەریتانی پێدەدرێ.

لەگەڵ سەقامگیربوونەوەی رەوشی باشووری کوردستان، رەوەند بڕیاری دا بگەڕێتەوە وڵات، دوای گەڕانەوەی لەگەڵ هەتاو زەماوەند دەکەن. رەوەند پێشمەرگە بووە و بەشداریی جەنگی دژی داعشی کردووە. هەر بە رێکەوت ئەو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی ساڵی پار پێشوازییان لە مایکڵ فالۆن، وەزیری بەرگریی بەریتانیا، کردووە، تەنانەت لە یەکێک لە ڤیدیۆکاندا لە پشت سەری وەزیری بەرگریی بەریتانیاوە دەردەکەوێت.

بەپێی یاسای بەریتانیا، بەهۆی کەمیی داهاتییەوە، رەوەند نەیدەتوانی داوای ڤیزای بەریتانیا بۆ هەتاو و ئۆسکار بکات. هەر بۆیەش لە پاییزی ساڵی پاردا ژن و کوڕەکەی بردە تورکیا، لەوێوە بە بەلەم بەرەو یۆنان چوون، لە یۆنانیشەوە بەرەو ئەم کەمپە لە باکووری فەرەنسا هاتوون و لێرە لە پشت دەرگای بەریتانیاوە گیریان خواردووە.

رەوەند عەزیز تاکە کەس نییە کە بە دۆسیەیەکی ئاڵۆزەوە لەناو قوڕ و چڵپاوی ئەم کەمپەدا گیربووبێ. بارودۆخی سامان شەریف نموونەی یەکێکی دیکەیە لە دۆسیە ئاڵۆزەکان. سامان ساڵی 2002 مافی پەنابەرێتی لە بەریتانیا وەرگرتووە و لە بێرمینگهام ژیاوە و لە ئێڤیێسهام لە کارگەیەکی خۆراکدا کاری کردووە. ساڵی 2007 رەگەزنامە و پاسپۆرتی بەریتانی وەرگرتووە. سامان لەو کاتەوە بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکانی رابکێشێتە بەریتانیا. هاوڕێکانی سامان باسی ئەوە دەکەن کە ئەو چەندین کاژێر لە رۆژێکدا کار دەکات و لەگەڵ ئەمەدا زوو زوو سەردانی فەرەنساش دەکات بۆ ئەوەی چاوێکی لەسەر خێزانەکەی بێت. بەڵام داهاتەکەی بۆی دەرناهێنێ ژن و منداڵەکەی بەشێوەیەکی یاسایی بەرێتە بەریتانیا.

سامان هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت "چواردە ساڵی رەبەقە هەوڵ دەدەم، لە 2007، 2009، 2011 و 2013 هەوڵم داوە و ناویانم بە حکومەت داوە، بەڵام چی بکەم سەرناگرێت".

هاتوچۆی بەردەوامی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا پاشەکەوتی بەدەست سامانەوە نەهێشتووە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەم بارودۆخەوە ئەو چیدی ناتوانێت خاوەن کارێکی جێگیر و هەمیشەییش بێت.

رەوشی ناخۆشی دانیشتووانی ئەم کەمپە دواجار جیریمی کۆربن، سەرۆکی پارتی کاری بەریتانیای وا لێکرد خۆی سەردانی کەمپەکە بکات و بەڵێنیشی بە خەڵکی کەمپەکە دا سەیری کەیسەکانیان بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەنجوومەنی پەنابەرانی بەریتانیاش دڵگرانیی خۆیان بە رەوشی دانیشتووانی ئەم کەمپە راگەیاندووە و داوایان لە خێزانەکانی ئەم کەمپە کردووە لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەرێتی بکەن و دواتر دەتوانن داوای گواستنەوە بۆ بەریتانیا بکەن.

لیزا دۆیڵ، سەرۆکی پارێزەرانی ئەنجوومەنی پەنابەرانی بەریتانیا لەوبارەیەوە دەڵێت "مایەی نیگەرانییەکی زۆرە کە دەبیستین خێزانی هاووڵاتیانی بەریتانی رێگەیان پێنادرێت بێن و لەگەڵ هاوژینەکانیان لە ژیانێکی سەلامەت و ئارامدا بژین، لەکاتێکدا ئەوان لە ترسی پێشڕەوییەکانی گرووپێکی مرۆڤکوژی وەکوو داعش رایانکردووە".

دۆیڵ هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەتی بەریتانیا دەبێت گەرەنتی ئەوە بکات پەنابەران و ئازیزەکانیان بە سەلامەتی و بە یاسایی یەکبگرنەوە. نەک ئەوەی وایان لێبکەین خۆیان بە دەریای نێوەڕاستدا بدەن و دواتریش لە رەوشی نالەباری دونکیرکدا ژیانی چەرمەسەری بەسەربەرن".

لە نێو کەمپەکەدا نیشانە و ئاماژەکانی بەریتانیا بەرچاو دەکەون، یەکێک لە رێگاکانی نێو کەمپەکە نێونراوە "شەقامی شاژن ئەلیزابێتی دووەم"، لە چادری یەکێک لە دانیشتووانی کەمپەکە دروشمی بە ناوبانگی یانەی لیڤەرپولی بەریتانی دەبینرێ "قەت ناهێڵین بە تەنیا رێبکەیت"، بەڵام وەکوو لە رەوشی کەمپەکەوە دیارە، دانیشتووانی کەمپی دونکیرک خۆیان بە تەنیا جێهێڵراون، وەکوو رەوەند و سامان دەگێڕنەوە خێزانەکەیان سەدان کیلۆمەتر بە تەنیا رێیان کردووە.



خێزانێکی کورد لە کەمپی دونکیرک لە فەرەنسا چاوەڕێی پەرینەوەن بۆ بەریتانیا


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333




DANIA CITY
better life style

info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد

divan

erbil



# Viva L'Italia!

Enjoy the special italian menu prepared by
Chef Giancarlo Gottardo
at Divan Erbil between 13-25 January.

LVX
Preferred Hotels & Resorts

CHOPIN
Piano Bar

Gulan Street
Erbil, Kurdistan Region of Iraq
T:+964 66 210 5000 F:+964 66 210 5001
info.erbil@divan.com
www.divan.com

Divan.Hotel.Erbil /DivanHotelErbil



## پیاوێک هەوڵی کوشتنی ژنەکەی دەدات

**ڕووداو- سلێمانی**

لەشاری سلێمانی پیاوێک دەدات ژنەکەی خۆی بکوژێت، بەڵام دواتر لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە ڕێگری لێکراوە. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/2/7 پیاوێک کە کارمەندی هێزەکانی ناوخۆیە لەسەر کێشەیەکی خێزانی هەوڵیداوە ژنەکەی خۆی بکوژێت. ئەو سەرچاوەیە گوتی "دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و ئاسایش لەلایەن دراوسێکانیانەوە، دەستبەجێ هێزەکان گەیشتنە ماڵەکە، سەرەتا پیاوەکە ئامادە نەبووە خۆی ڕادەست بکات، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە توانراوە ڕێگری لە کوشتنی ژنەکەی بکرێت و پیاوەکەش لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە".

# دوای وەرگرتنەوەی نمرەکانی خۆی خنکاند

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەلار**

چەند ڕۆژێکی کەم دوای وەرگرتنەوەی نمرەکانی و لەنێو ماڵی خۆیاندا بە لەچکەکەی خۆی، خۆی خنکاند. باوکی ئەو کچە مێرمنداڵە دەڵێت کچەکەی لە وەرزی یەکەمی خوێندندا لە سێ وانە کەوتبوو، بۆیە خۆی خنکاند.

بانە سیامەند، تەمەن 16 ساڵ کە قوتابی پۆلی نۆی بنەڕەتی بوو، پاشنیوەڕۆی 2016/1/26 لە ماڵی خۆیاندا لە شارۆچکەی کەلار، بەهۆی خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سیامەند محەممەد، باوکی ئەو کچە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا بانەی زۆر بە ئاسایی بینیوە و لەوباوەڕەدا نەبووە خۆی بخنکێنێ "پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەگەڵ بانە خەریکی چاندنی گوڵ بووین، دوای نانخواردن و نوێژکردن گوتم دەچین بۆ باخەکەمان، بڕیار بوو لەگەڵ خۆم بیبەم، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە و بە تەنیا ڕۆیشتم".

لە کاتی ڕووداوەکەدا، تەنیا دایکی بانە و کچێک و کچەزایەکیان لە ماڵ بوونە. سیامەند گوتی "من دوای بانگی عەسر چوومە دەرەوە، کاژێر 4:30 خولەک تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان بانە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنە و خەریکە دەمرێ".


باوکی ئەو کچە وەکوو بۆیان گێڕاوەتەوە، دەڵێت کچەکەی گوتوویەتی دەچێتە گەرماو خۆی دەشوات، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەک بەدوایدا دەگەڕێن، دەبینن بە لەچکەکەی، خۆی بە موحەجەرەی قادرمەکاندا هەڵواسیوە.

دوای ڕووداوەکە، نهێنی خۆکوشتنی بانە بۆ کەسوکاری ئاشکرا بووە. باوکی گوتی "بانە ڕۆژی 2016/1/23 نمرەی وەرزی یەکەمی وەرگرتەوە، لە سێ وانە دەرنەچووبوو، هەر ئەوکات لەلای هاوڕێکانی زۆر گریابوو گوتبووی خۆم دەکوژم، بەڵام کە هاتەوە بۆ ماڵەوە بەخەندەوە قسەی لەگەڵ کردم و کاتێکیش پێیگوتم کە دەرنەچووە، دڵنەواییم کرد و گوتم زاواکەمان یارمەتیت دەدات، بەڵام کاتێک هاوڕێکانی هاتن بۆ پرسەکە، گوتیان باسی خۆکوشتنی کردووە. ئەگەر پێشتر ئەوەم زانیبایە چاودێریم دەکرد و نەمدەهێشت خۆی بخنکێنێ".

سیروان مستەفا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە سێ ڕۆژ دوای پێدانەوەی نمرەی قوتابیان بووە "بانە یەکەمین ساڵی خوێندنی بووە لە پۆلی نۆ و هێشتا وەرزی یەکەمیش بووە، لەبەرئەوە زەحمەتە لەبەر دەرنەچوونی خۆی خنکاندبێ. پاشان کاتی وەرگرتنەوەی نمرە و کاتی خۆکوشتنەکەشی سێ ڕۆژ نێوانیان بووە".

گوتیشی "بەهۆی ئەوەی بایکۆتی دەوامەمان کردووە، هاوڕێکانی بانەم نەبینیوە تاوەکو لێیان بپرسم ئەو کچە چ کێشەیەکی هەبووە، هەروەها بانە سەردانی توێژەر و ئیدارەی نەکردووە تا بزانرێت کێشەی هەیە یاخود نا. منیش لە خەڵکم بیستووە دەڵێن گوایە بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە، خۆی خنکاندووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان، لە ساڵی 2015دا پێنج ئافرەت لەو سنوورە خۆیان کوشتووە کە بەشێکیان لەڕێگەی خۆخنکاندنەوە بووە. عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە ئەو کچە، خۆی خنکاندووە، بەڵام سەردانی قوتابخانەکەشیان دەکەین و لێکۆڵینەوەی ورد لە هۆکاری خۆکوشتنەکە دەکەین".



# ژنێک بەو مەرجەی لێی بدرێت شوو دەکات



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتییەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان دەڵێت دۆسیەی ژن و پیاوێکیان لەلایە، پیاوەکە بەو مەرجە ژنەکەی خواستووە کە لەگەڵی توندوتیژ بێت، ژنەکە و کەسوکاریشی بەو مەرجە ڕازی بوون.

سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی لە گەرمیان لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ڕابردووەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی سنووری گەرمیان کراوەتەوە. کارمەندانی ئەو سەنتەرە ڕۆژانە گوێیان لە چیرۆکی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەبێت کە هەندێک لەو چیرۆکانە بۆ ئەوان جێی سەرسوڕمانن.

## بۆ سێ هەزار دۆلار جیادەبووەوە

بەختیار عەباس، بەرپرسی سەنتەرەکە ڕایگەیاند تا ئێستا کاریان لە 52 دۆسیەدا کردووە کە هەندێکیان تەنیا بە مەبەستی ڕاوێژکردن سەردانیان کردوون، بەشێکیشیان کێشەیان هەبووە، هەر کێشەیەکیش لەلای ئەوان چارەسەر نەکرێ ڕەوانەی نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانی دەکەن.

بەختیار یەکێک لەو کێشانەی باس کرد کە کێشەی ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بووە و دایکی دوو منداڵ بووە. بەختیار گوتی "لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت دەستی دەرەکی لە کێشەکەدا هەیە و ژنەکە زۆر بێزار کرابوو، بۆیە ئامادە بوو لە بەرامبەر وەرگرتنی تەنیا 3 هەزار دۆلاردا جیاببێتەوە، خێزانەکەی بەلایانەوە ئاسایی بوو جیاببێتەوە و مێردەکەشی ئامادە بوو پارەکە بدات، بەڵام دواتر کێشەکەمان بۆ چارەسەرکردن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان کە دراوەتە (ڕووداو)، لە ساڵی ڕابردوودا 771 سکاڵا تۆمارکراون کە نزیکەی 620یان لەلایەن ژنانەوە تۆمارکراون.

## لەبەر خوێندن تەڵاقی دا

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان دەڵێت لێکۆڵینەوە لەسەرجەم ئەو سکاڵایانە دەکەن کە ئاراستەیان دەکرێن.

لەمیعە کە ئاگاداری وردەکاریی کێشە خێزانییەکانە، چیرۆکی ژن و مێردێکی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئەو ژن و مێردە پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە، کچەکە بەو مەرجە ڕازی بووە شووی پێبکات کە ڕێگری لە خوێندنەکەی نەکات، کوڕەکەش بەڵێنی پێداوە و بوونەتە ژن و مێرد، بەڵام کاتێک ژنەکە گەیشتووەتە قۆناغی زانکۆ، مێردەکەی پێیگوتووە نابێت بچێتە زانکۆ، بەڵام ژنەکە بەو داواکارییە ڕازی نەبووە و جیابوونەتەوە".

## ژنێک بە مەرجی لێدان دەهێنێ

لەمیعە محەممەد، چیرۆکی ژنێکی دانیشتووی قەزای خانەقینی گێڕایەوە کە تەنیا سێ مانگە شووی کردووە، بەڵام بەهۆی ڕەفتاری توندوتیژی پیاوەکەوە بەرامبەر ژنەکەی، مانگی ڕابردوو سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیانی کردووە. لەمیعە گوتی "ئەو ژنە کە هاتە لامان هەموو گیانی شین بووەوە، پیاوەکەش گوتی پێشتر بە ماڵی باوکی ژنەکەم گوتووە بەو مەرجە دەیخوازم کە هەموو ڕۆژێک لێی دەدەم و ئەوانیش ڕازیبوون و کچەکەشی بە خواستی خۆی شووی پێکردووم".

کاتێک عەقید لەمیعە لە کچەکەی پرسیوە چۆن ڕازی بووی بەو مەرجە شوو بەو پیاوە بکەی؟ ئەو گوتبووی "سەرەتا ئەو مەرجەم بە هەند وەرنەگرت، وامزانی مێردەکەم دوای گواستنەوەم لەگەڵم باش دەبێت، بەڵام ڕۆژانە بە کێبڵ لێی دەدام".

وەکو لەمیعە باسیکرد، ئەو پیاوە ژنێکی دیکەشی هەبووە، بەڵام لە ژنەکە منداڵی نەبووە، ژنی دووەمیشی تەنیا بۆ منداڵبوون هێناوە. عەقید لەمیعە گوتی "هەردوو ژنەکەشی لە یەک خانوودا دانابوو، کاتێک سەردانمان کردن، ژنی یەکەمیشی دەیگوت هەموو ڕۆژێ لەمنیش دەدات".

ئەو چیرۆکە عەقید لەمیعەی تاساندووە "تێناگەم ماڵی باوکی ژنەکە چۆن ڕازیبوون بەو مەرجە کچەکەیان بە شوو بدەن، لەوەش تراژیدیتر کە ژنەکە سەردانی کردین، هێشتا ماڵی باوکی دەیانگوت با جیانەبنەوە".

## سکی پڕکرد و نەیخواست

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان هۆشداری دایە کچان کە بە قسەی خۆشی پیاوان هەڵنەخەڵەتێن و چارەنووسی خۆیان نەدەنە دەست هەموو کەسێک.

عەقید لەمیعە لەو بارەیەوە بەسەرهاتێکی گێڕایەوە و گوتی "لەو ڕۆژانەدا کچێک سەردانی کردین کە لەلایەن پیاوێکەوە بە قسەی خۆش لە خشتە برابوو، ئەو پیاوە بەڵێنی پێدابوو بیخوازێت، بەڵام پێش ئەوەی بیهێنێ، سکی پڕ کردبوو، دواتریش حاشای لێکردبوو".

## لە تەمەنی 27 ساڵی خەتەنە دەکرێت

# کەوای بووکێنی بۆ خەتەنەکردنی کچەکانی دەفرۆشێت

**ئیڤان عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک ماڵی خەسووی دەزانن مریەم خەتەنە نەکراوە، دەیکەن بە هەرا و داوا لە کوڕەکەیان دەکەن یان دەبێت تەڵاقی بدات، یانیش خەتەنەی بکات، چونکە دەڵێن بەو شێوەیە "پاک نییە و نان و ئاوی دەستی حەرامە".

مریەم دانیشتووی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێرە، دایکی دوو کچە، لە ماڵی خەسووی بێ کێشە دەژیا، تا ڕۆژێکیان خەسوو و دشێکی باسی خەتەنەکردنی کچێکی بچووکیان دەکەن، مریەم سەری لەوە سوڕدەمێنێ و دەڵێ: بۆچی خەتەنەی دەکەن! بۆ داهاتووی خراپە. خۆ منیش خەتەنە نەکراوم و هیچ کێشەم نییە.

کاتێک خەسووی و دشەکەی گوێیان لەو قسەیە دەبێ، واقیان وڕدەمێنێ و دەڵێن "چۆن خەتەنە نەکراوی، ئەی بۆچی تاوەکو ئێستا باست نەکردووە؟ ئەوەی خەتەنە نەکرابێ وەکو شەیتان نەفرەتی لێکراوە و ئاو و نانی دەستی حەرامە، دەبێت تۆش خەتەنە بکرێی".

مریەم زۆر بەرگری لە قسەکەی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات قەناعەتیان پێ بێنێت کە خەتەنەکردن شتێکی خراپە، بەڵام سوودی نابێت، خەسووی و دشەکەی گوشار بۆ سەر مێردەکەی دەبەن کە مریەم ناچار بکات خۆی خەتەنە بکات.

مریەم دەڵێت "بەڕاستی من تاسابووم، نەمدەزانی چی بکەم، بە مێردەکەمم گوت تۆ مێردی منی، تۆ بڕیارێک بدە، ئەویش نەیدەتوانی لە قسەی دایکی دەربچێت و دەیگوت ئەوان کەسێکیان قبووڵ نییە خەتەنە نەکرابێ، بۆیە دەبێت خۆت خەتەنە بکەی".

مریەم لە دووڕیانێکدا مابووەوە یان دەبووایە بچێتەوە ماڵی باوکی، یانیش خۆی خەتەنە بکات. سەرەتا ڕێگەی یەکەمی هەڵبژارد و چووەوە ماڵی باوکی، بەڵام کاتێک بۆی دەردەکەوێ دووگیانە، دەگەڕێتەوە لای مێردەکەی و بەو مەرجە ڕازی دەبێت خەتەنە بکرێ، چیدی لەگەڵ خەسووی نەژیت و ئەگەر کچیشیان بوو خەتەنە نەکرێ.

مریەم گوتی "تەمەنم 27 ساڵان بوو، وەکو منداڵێکی حەوت ساڵان، خەسووم و دوو لە دشەکانم منیان بردە لای پیرەژنێک، وام هەست دەکرد بەرەو دۆزەخم ڕادەکێشن، خەسووم گوایە دڵنەواییم دەداتەوە دەیگوت هیچ نییە مەترسە، دوای خەتەنەکە تۆبەیەک بکە و خۆت جوان بشۆ، با خودا لە گوناهەکانت خۆش بێ".

مریەم بە سکێک دوو کچی دەبێت، لەگەڵ مێردەکەی وا ڕێکدەکەون کە کچەکان خەتەنە نەکەن، بەڵام ئەوە نهێنی دەبێت لە نێوان خۆیاندا و وا ڕێکدەکەون لەلای داپیری کچەکان بڵێن خەتەنەمان کردوون.

مریەم گوتی "خەسووم هەرزوو پێیگوتم ئەو دوو کچە زوو خەتەنە بکەن، با وەکو تۆ بە پیسی گەورە نەبن، منیش گوتم باشە بەسەرچاو، بەڵام بە قسەم نەکرد".

ساڵێک دوای لەدایکبوونی دووانەکەی، مریەم دووبارە دووگیان دەبێت، ئەمجارەش کچێکی دەبێت، بۆ ئەوەش هەر وا ڕێکدەکەون کە خەتەنەی نەکەن، بەڵام ئەمجارە ئەوەی بۆ ناچێتە سەر.

مریەم گێڕایەوە "مێردەکەم لە دەوام بوو، خەسووم بەسەردان هاتە لام، من خەوتبووم، ئەویش کچەکانی بردبووە حەمام، لە هاواری ئەو خەبەرم بووەوە، بینیم هەردوو کچەکەی بە ڕووتی لەژوور سەرم ڕاگرتووە و هاواری دەکرد: بۆچی درۆت لەگەڵ کردم، کوا ئەو کچانەت خەتەنە کردوون؟".

مریەم بۆ ئەوەی لانەی لێ تێکنەچێ، ناچار دەبێت بە قسەی خەسووی بکات. چونکە خەسووی ئەمجارە زیاتر لە جاری پێشوو تووڕە بووبوو، ڕۆژانە شەڕی بە مریەم دەفرۆشت.

مریەم گوتی "خەسووم شەوێکیان ئەوەندەی شەڕ پێ فرۆشتم، مێردەکەم لە دەوام بوو، پارەم پێنەبوو، ناچار بۆ بەیانی کەوای بووکێنیم کە زۆر جوان بوو، لە بازاڕی پیرەژنان فرۆشت، بە پارەکەی هەر سێ کچەکەم خەتەنە کرد".

مریەم هەر کاتێک ئەو ڕۆژەی بیردەکەوێتەوە کە کچەکانی خەتەنە کردووە، کوڵێک خەم دەخوات، بەڵام دەڵێت "ناچار بووین، چونکە بەرگەی قسەی خەسووم و دانیشتووانی گوندمان نەدەگرت".





## پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- کەلار**

لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار پێشمەرگەیەکی تەمەن 49 ساڵ خۆی کوشت. ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو پێشمەرگەیە سەر لەبەیانی ڕۆژی 2016/2/5 لە ماڵی خووشکەکەیدا خۆی کوشتووە. ناوبراو گوتی "ئەو پێشمەرگەیە ماوەی دوو مانگە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و ئەو ماوەیە لە ماڵی خوشکەکەی بووە. بە گوتەی کەسوکارەکەی، کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە و بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە و بە چەکەکەی خۆی فیشەکی بە سکییەوە ناوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە".

ژمارە (395) دووشەممە 2016/2/8

### ژن بە ژن و سوڵحی عەشایەری سەریان خوارد

# زاواکەی بە چەقۆ دەیکوژێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سۆران

پیاوێک لەبەردەم ماڵی خۆی لەلایەن زاواکەیەوە بە چەقۆ دەکوژرێت. لەسەر سکاڵای کەسوکارەکەی، زاوا و برای زاواکەیان دەستگیرکراون، کوڕی کوژراوەکەش دەڵێت "گومانمان هەیە باوکمان لەسەر پارە کوژرابێت".

شەوی 2016/1/28 پیاوێکی تەمەن 63 ساڵ بەنێوی حەسەن محەممەد، دانیشتووی گەڕەکی بەختیاری لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر لەبەردەم ماڵەکەیدا درایە بەر چەقۆ و بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. کوڕی ئەو پیاوە دەڵێت باوکم پێش مردنی گوتی (م)ی زاوامان بە چەقۆ لێیدام.

تاریق حەسەن، کوڕی کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو شەوە دوای نوێژی مەغریب زاوا و برای زاوا و زاوای زاواکەمان هاتوونەتە بەر دەرگا و باوکمیان بانگ کردووەتە دەرەوە، سەرەتا بلۆکێکیان لە سکی داوە، پاشانیش زاواکەمان چەقۆی لێداوە و هەڵاتوون. برایەکم دوای ڕووداوەکە هاتووەتە دەرەوە و بینیویەتی باوکم لەبەردەرگا کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات، خێرا گەیاندبوویە نەخۆشخانە".

تاریق دەڵێت باوکی و زاواکەیان پێشتر کێشەیەکی بچووکی خێزانی لەنێوانیاندا هەبووە "لەڕێی ژن بە ژنەوە خزمایەتیمان لەگەڵ ئەو زاوایەمان دروست بوو، خوشکێکمان داوەتە برای زاواکەمان و خوشکێکی زاواکەشمان بۆ برایەکمان خواست".

بە گوتەی تارق، ساڵی ڕابردوو برا و براژنەکەی کێشەیان هەبووە و بەو هۆیەشەوە جیابوونەتەوە، بەڵام خوشکەکەی کە منداڵێکیشی هەیە، گوتوویەتی لەگەڵ مێردەکەی کێشەی نییە و جیانابێتەوە. تارق گوتی "لەڕێگەی یاساوە برا و براژنەکەم جیابوونەوە. دواتر بە سوڵحی عەشایەری کۆتاییمان بە جیابوونەوەکە هێنا و بڕی 6500 دۆلارمان لە ماڵی خەزووری خوشکەکەم وەرگرت، لەبەرئەوەی کچەکەیان گوتی جیادەبمەوە، بەو پارەیەش ژنمان بۆ براکەمان هێنایەوە".

دوای ڕووداوەکە، وا بڵاوبووەوە کە ئەو پیاوە لەسەر 15 هەزار دینار کوژراوە، گوایە 15 هەزار دیناری لەلای زاواکەیان بووەو داوای لێکردووەتەوە، هەر لەسەر ئەوەش بەشەڕ هاتوون، بەڵام تارق دەڵێت "زاواکەمان قەرزداری باوکم نەبوو، بەڵکو خاڵی زاواکەمان کە فەرمانبەرە، لەم ماوەیەی ڕابردوودا داوای 15 هەزاری لە باوکم کردووە و ئەویش پێی داوە، بەڵام نازانم خاڵی زاواکەمان پارەکەی دابووەوە بە باوکم یاخود نا، بڕواش ناکەم لەسەر ئەو 15 هەزارە کێشە لەنێوان باوکم و خاڵی زاواکەماندا هەبووبێت، چونکە ئەگەر وابووایە باوکم لای دایکم باسی دەکرد".


تارق پێیوایە کوژرانی باوکی بە "پیلان" بووە و دەڵێت "ئەوەندەی بزانین باوکی پیلانی بۆ ئەو کارە داناوە، چونکە لە دوای نوێژی عەسری ئەو ڕۆژەوە خوشکەکەم کە لە ماڵی خەزووری بووە، لە ماڵەوە بەندیان کردووە و تەلەفۆنیشیان لێ وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئێمە لەو پیلانە ئاگادار نەکاتەوە، باوکیشیان گوتوویەتی بڕۆن 6500 دۆلارەکە بهێننەوە، تەنانەت لە دوای عەسرەوە تاوەکو کاتی کوشتنەکە سێ جار هەڕەشەیان لە باوکم کردووە".

ئێستا خێزانی حەسەن دوو گومانیان هەیە، وەک تارق گوتی "100% گومانمان لەسەر هەردوو حاڵەتەکەیە کە ئاخۆ خاڵی زاواکەمان بە زاواکەمانی گوتووە 15 هەزار دیناری باوکم قەرزدارە، چونکە ڕەنگە ئەگەر باسی نەکردبێت ئەو کێشەش ڕوونەدابا، یان ئەوەیە لەسەر ئەو 6500 دۆلارە بووە".

خێزانی حەسەن ئامادە نین لەو سێ کەسە خۆش ببن، تارق گوتی "سکاڵامان لە دژی زاوا و براکەی و زاواکەشیان هەیە و بەهیچ شێوەیەک لێیان خۆش نابین، چونکە باوکم تاوانبار نییە و بەردەوام ئامۆژگاری زاواکەی دەکرد".

ڕائید سەعدوون نەبی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بکوژ لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی لەسەر کێشەیەک لەگەڵ خەزووری بووەتە دەمەقاڵێیان و بەمەبەستی کوشتنیش چەقۆکەی لێ نەداوە". ناوبراو لە زاری تۆمەتبارەکەوە گوتیشی "بکوژ ڕەتیکردووەتەوە بۆ ئەو کارە پلانیان دانابێت".

سەبارەت بە قسەکانی کوڕی کوژراوەکەش کە گومانیان هەیە باوکیان لەسەر قەرز و پارەی تەڵاقدانی بووکەکەیان کوژرابێ. ڕائید سەعدوون گوتی "لەبەرئەوەی خێزانی کوژراوەکە بە پرسەوە سەرقاڵن، تائێستا نەتوانراوە گوتەیان لێ وەربگیرێت، هەر کاتێک گوتەیان وەرگیرا، ئەو کاتە ئیفادەی تازە لە تۆمەتبارەکە وەردەگرینەوە".





موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## سکاڵای لەسەر باوک و براکانی تۆمار کرد

کچێک سکاڵای لەسەر باوک و دوو برای تۆمارکرد، بەبیانووی ئەوەی ڕێگەی نادەن کار بکات. ئەو کچە تەمەنی 30 ساڵ بوو، پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو کردبوو، چەند ساڵێک کاری بەرگدروویی کردبوو، بەڵام لەو پیشەیە بێزار بوو، دەیویست لە دەرەوەی ماڵ کارێکی دیکە بکات. ئەو هەرچەندە کارێکی باشی دەستکەوتبوو، بەڵام باوک و براکانی ڕێگەیان نەدەدا بچێتە دەرەوە.

کاتێک دۆسیەی ئەو کچە ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بڕیاری دا باوک و براکانی کچەکە بەپێی ماددەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ. باوک و براکانی کچەکە ئاگادارکرانەوە ئامادەبن و ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی ناهێڵن ئەو کچە لە دەرەوەی ماڵ کار بکات؟

باوک و برای کچەکە لەو ڕۆژەی بۆیان دیاری کرابوو، ئامادە بوون. کاتێک پرسیاریان لێکرا بۆچی ڕێگری لەو کچە دەکەن لە دەرەوەی ماڵ کار بکات، لە وەڵامدا گوتیان ئێمە لاریمان نییە لە ماڵەوە کاری بەرگدروویی بکات، یان وەکو فەرمانبەرێک لە کەرتی گشتی دابمەزرێ، بەڵام قبووڵ ناکەین بچێت لە مۆڵێک کار بکات و شەوانە درەنگ بگەڕێتەوە، چونکە ئێمە نیشتەجێی گەڕەکێکی میللیی شاری هەولێرین و حەز ناکەین خەڵکی گەڕەک بەهۆی کچەکەمانەوە قسەمان لەسەر بکات.

ئەوان نەیانشاردەوە کە داواکاریی کچەکەیان بۆ کارکردن لە دەرەوە، کێشەی خستووەتە نێو خێزانەکەیان. ئەوان گوتیان ئێمە بەو مەرجە ڕازین لە دەرەوە کار بکات کە لەلای ناسیاوێک بێت، تەنانەت کاریشمان بۆ دۆزیەوە لەلای ناسیاوێک، بەڵام ئەو کارەکەی ڕەتکردەوە و بەوە ڕازی نەبوو.

گوتەی کچەکە و باوک و براکانی ڕەوانەی بەردەم دادوەر کران، دادوەر بڕیاری دا باوک و براکانی کچەکە بە کەفالەت ئازاد بکات. دوای ماوەیەک کچەکە سەردانی کردین و پێیڕاگەیاندین لە مۆڵێکی شاری هەولێر کاری دەستکەوتووە و باوک و براکانیشی ڕازی بوون لەوێ کار بکات، بۆیە دەستبەرداری سکاڵاکەی دەبێت.

دۆسیەی کچەکە داخرا، بەڵام زۆری نەبرد باوکەکە سەردانی کردین و داوای لێکردین ئامۆژگاری کچەکەی بکەین، چونکە پێشتر بەڵێنی پێدابوون بەیانیان لە مۆڵەکە دەوام بکات، بەڵام ئێستا دەوامەکەی گۆڕیوە بۆ شیفتی ئێواران و کاژێر 12ی شەو دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەر قسەیەکی لەگەڵ بکەین هەڕەشەمان لێدەکات و دەڵێت سکاڵاتان لەسەر تۆمار دەکەم. باوکەکە دەیگوت من لە کچەکەم دڵنیام کارێکی هەڵە ناکات ئابڕوومان بەرێت، بەڵام براکانی زۆریان پێناخۆشە کە درەنگ دەگەڕێتەوە. لەسەر داوای باوکی کچەکە، بانگی کچەکە کرا و ئامۆژگاری کرا کە لەگەڵ باوک و براکانی بگونجێ، ئەوان ڕێگەیان پێدا لە دەرەوە کار بکات، با ئەویش بە قسەی ئەوان بکات و دەوامەکەی لە ئێوارانەوە بگۆڕێت بۆ بەیانیان. ڕاستە ئەو مافی کارکردنی هەیە، بەڵام دەبێ دڵگرانیی خێزانەکەشی لەبەرچاو بگرێ. کچەکەش بە داواکارییەکە ڕازی بوو.

لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011دا داهاتووە "بە توندوتیژی خێزانی ئەژمار دەکرێت هەر کەسێک، تاکێکی خێزانەکەی ناچار بکات، واز لە فەرمانبەرایەتی یان کار بهێنێ، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی ئەو کەسەی لەسەر بێ". یاساکە سزاشی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە بریتییە لە "حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، پێبژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بازرگانێکی تورک لە سلێمانی خۆی دەخنکێنێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بازرگانێکی بەڕەگەز تورک لە شاری سلێمانی لە شوێنی کارەکەی خۆی کە پێشانگای مۆبیلیاتە، خۆی خنکاند. بەگوتەی هاوڕێ نزیکەکانی، ئەو بازرگانە پارەیەکی زۆری بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکانی تورکیا قەرزدار بووە، هەر بۆیە خۆی خنکاندووە.

میقداد بەگ، تەمەن 60 ساڵ، دانیشتووی شاری ئەدەنەی تورکیا، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/1/29 لەنێو پێشانگای مۆبیلیاتەکەی خۆی لە شاری سلێمانی، بە پەتێک خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند.

پێشانگای مۆبیلیاتەکەی میقداد دەکەوێتە سەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموود، هێشتا شریتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس بە پێش بیناکەوە ماون.

ڕێبین دڵشاد، تەنیا مانگ و نیوێک بوو میقدادی ناسیبوو، کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە. ڕێبین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو بازرگانە نزیکەی چوار ساڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری کردووە، شەش مانگیش دەبێت لە سلێمانی پێشانگای کردووەتەوە و بریکاری چەند کۆمپانیایەکی مۆبیلیات بووە لە تورکیا.

ڕێبین گوتی "ئەو ڕۆژەی خۆی کوشت، ترێلەیەک کەلوپەلی لە تورکیاوە بۆ هات، من و هاوڕێیەکیشم نزیکەی کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆ چووین بۆ پێشانگاکە و لە دەرگامان دا، بەڵام نەکرایەوە و پەیوەندیشمان پێوە کرد داخرابوو، گوتمان ڕەنگە لەبەرئەوەی هەینییە تەلەفۆنەکەی داخستبێت و بیەوێت پشوو بدات".

دوای گەیشتنی ڕێبین و هاوڕێکەی بۆ پێشانگاکە، ئەو دوو کەسەش کە لە تورکیاوە کەلوپەلەکانیان بۆ میقداد هێنابوو، گەیشتوونەتە شوێنەکە. ڕێبین گوتی "دواتر کە دەنگی نەبوو پەیوەندیمان بە دەزگا ئەمنییەکانەوە کرد و کە هاتن پێکەوە چووینە ژوورەوە و بینیمان هەر لەنێو مۆبیلیاتەکە خۆی خنکاندبوو".

ئەو هاوڕێیەی میقداد لەو ماوەیەی ناسیویەتی، ئاگاداری مامەڵەکانی بووە و گوتی "خۆکوشتنەکەی بەهۆی قەرزدارییەوە بوو، لە کوردستان نزیکەی 40 هەزار دۆلار قەرزدار بوو، ئەویش کرێی بیناکە بوو کە مانگانە بە 4500 دۆلار بە کرێی گرتبوو، هەروەها پارەی چەند کەسێکی ئێرەش قەرزدار بوو".

دوای ڕووداوی خۆکوشتنی میقداد، ئەو بازرگانانەی کە لە تورکیاوە کەلوپەلیان بۆ ناردووە، لەگەڵ خاڵێکی میقداد بەمەبەستی وەرگرتنەوەی تەرمەکەی سەردانی شاری سلێمانییان کردووە و ڕۆژی 2016/2/2یش تەرمەکەیان بردووەتەوە بۆ تورکیا، بەڵام لەگەڵ هاتنیاندا قەرزی زیاتری میقداد ئاشکرا بوون.

ڕێبین گوتی "ئەوان کە هاتن 3 کەسیان ئەو بازرگانانە بوون کە لەوێوە کەلوپەلیان بۆ ناردووە و هەریەکەیان باسی دەیان هەزار دۆلاریان دەکرد کە میقداد قەرزداریان بووە، جگە لەوەش وەکو ئەوان باسیان دەکرد، ڕەنگە پارەی خەڵکی دیکەش لە تورکیا قەرزدار بووبێت، بەڵام گوتیان پێش ئەوەی بێتە سلێمانی سەنەدێکی پڕکردووەتەوە کە چەندێک قەرزدارە، هەر بە قسەی ئەوان لە مووسڵیش کۆگایەکی گەورەی کەلوپەلی کەوتووەتە دەست داعش".

دوای خۆکوشتنی میقداد، کوڕەکەی لە تورکیاوە بریکارنامەیەکی بۆ ڕێبین ناردووە تاوەکو تەرمەکەیان بۆ ڕەوانە بکەنەوە. ڕێبین گوتی "لە بریکارنامەکەدا نووسیبووی لە دوای تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکانی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنەوەی پێشانگاکە، ئەو کەلوپەلانەی لەنێو مۆبیلیاتەکەدان بیانفرۆشن و قەرزەکانی کوردستانی بۆ بدەنەوە، ئەوەشی مایەوە بۆمی ڕەوانە بکەنەوە".

بەبۆچوونی ئەو هاوڕێیەی، میقداد لەژێر گوشاری بازرگانەکانی تورکیا پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە و گوتی "لە کوردستان جگە لەو قەرزەی کە 40 هەزار دۆلار بوو، کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدام بازرگانەکانی تورکیا کە قەرزیان لای بووە، گوشاریان بۆ هێنابێ. جگە لەوەش ئەو قەیرانی داراییەی کوردستانی گرتووەتەوە کاریگەری تەواوی هەبوو. هەروەها ئەو ماوەیەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل داخرابوو، کەلوپەلی بۆ نەدەهات".


هاوڕێیەکی دیکەی میقداد لە سلێمانی کە ماوەی زیاتر لە مانگێکە دەیناسێ و جارجار مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلیان کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت، پێشتر وەکو کەسێک کە پێشانگای هەیە ناسیبووی، بەڵام دوای داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل داوای لێکردووە لە فرۆشتنی کەلوپەلەکاندا هاوکاریی بکات و گوتی "دیارە لە تورکیاوە گوشاری لەسەر بوو بۆ ناردنی پارە، ئیدی کەلوپەلی بۆ دەناردم و منیش بۆم دەفرۆشت و ئەویش بڕێک پارەی پێدەدام، لێرەش لەبەرئەوەی کەس نەبوو ڕێنیشاندەری بێت، زۆرجار پێکەوە دەڕۆیشتینە دەرەوە بۆ مارکێت و حەمام".

هەروەها گوتیشی "لەو ماوەیەی ناسیم بەهیچ شێوەیەک باسی قەرزداربوونی خۆی نەکرد، هەتا بازرگانەکانی تورکیا هاتن، ئینجا زانیمان پارەیەکی زۆر قەرزدارە".

بە گوتەی نەوزاد ڕەباتی، ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بۆ (ڕووداو)، هیچ بازرگانێکی کورد بەهۆی ئەو قەیرانەوە پەنایان بۆ خۆکوشتن نەبردووە، ئەمە یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنی بازرگانانە لە شاری سلێمانی، بەڵام هۆکاری خۆکوشتنەکەی نازانن.



# دراوی یەدەگی ڕووسیا بەرەو تەواوبوونە



ڕووداو- ئاژانسەکان

ساڵی ڕابردوو لەڕووی ئابوورییەوە ساڵێکی سەخت بوو بۆ ڕووسەکان. لەلایەک لە هەندێک هەرێمدا مووچەی هەندێ توێژی وەکوو مامۆستایان بە ڕێژەی یەک لەسەر سێ کەم کرایەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئابووریی ڕووسیا 4% دابەزی و ئاستی هەڵئاوسانیش گەیشتە 12.9%.

لە هەرێمی کراسنۆدار کە دەکەوێتە باشووری ڕووسیا، بڕیاری کەمکردنەوەی پشتیوانی دارایی بۆ هێنان و بردنی کەسانی بەتەمەن بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێنرا. ئەم ڕەوشە ترس و نیگەرانی لای زۆربەی خەڵکی ڕووسیا دروستکردووە و ڕێپێوانەکان بوون بە دیاردەیەکی ڕۆژانە.

زۆربەی ئەوانەی بەشداریی خۆپیشاندانەکان دەکەن، مامۆستا و کرێکارانی کارخانەکانن کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، مووچەیان کەمکراوەتەوە. وەکوو نەریتێک کە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ ڕووسیا ماوەتەوە، زۆربەی کۆمپانیاکان، بە تایبەتیش ئەوانەی حکومین، لە بری ئەوەی خەڵک لە کارەکانیان دەربکەن، کاتەکانی کارکردن و بڕی مووچەیان کەم دەکەنەوە.

نرخی نەوت بە لەدەستدانی 70%ی بەهای خۆی خەریکە پەیوەندییە ئابوورییەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕێکدەخاتەوە، بەڵام ئەمە لەسەر وڵاتێکی وەکوو ڕووسیا زۆر قورس کەوتووە، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ بۆ 50%ی بودجەی فیدراڵی پشت بە داهاتە نەوتییەکان دەبەستێ.

لەکانوونی یەکەمی 2015دا، ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، بە گەشبینییەوە بە خەڵکی وڵاتەکەی ڕاگەیاند "خراپترین دۆخی بەهای نەوت کۆتایی هاتووە و ئابووریی ڕووسیا لە 2016دا جارێکی دیکە ڕوو لە گەشە دەکاتەوە". پوتین ئەو قەیرانەی بە دەرفەتێک بۆ ڕووسەکان وەسف کرد، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کار بکەن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی داهات.

بەڵام پێشبینییەکەی پوتین ڕاست دەرنەچوو. لە یەکەم مانگی 2016دا نرخی بەرمیلێک نەوت هەتا خوار 30 دۆلاریش دابەزی و نرخی یەک دۆلاری ئەمریکی هەتا 85 ڕۆبڵی ڕووسی سەرکەوت.

دوایین جار کە بەهای نەوت بەو ڕێژەیە دابەزیبێت بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانی لە سەرەتای نەوتەکاندا بەدوادا هات، بەڵام بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دوای ساڵی 2000ەوە ڕووسیای لە هەژاری و قەیرانی ئابووری ڕزگار کرد. پوتین بەختی هەبوو کە لە بەشی هەرە زۆری قۆناغی بەهای بەرزی نەوتدا سەرۆکی ڕووسیا بووە و دەتوانێت گەشەی ئابووریی ڕووسیا لەو ماوەیە بۆ سیاسەتەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە. بەڵام وەکوو دیارە ئەویش دەبێت ئیدارەی قۆناغێکی سەختی ڕووسیا بکات.

بودجەی فیدراڵیی 2016ی ڕووسیا لەسەر بنەمای 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک دانرابوو، بەڵام ئانتۆن سیلوانۆڤ، وەزیری دارایی ڕووسیا هۆشداری داوەتە حکومەت کە ڕووسیا لە 2016دا تووشی کورتهێنانی بودجە بەبڕی 40 ملیار دۆلار دەبێت، هەربۆیە فەرمان بە وەزارەتەکان کراوە خەرجییەکانیان بە ڕێژەی 10% کەم بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکان، نرخی خۆراک بە ڕێژەی زیاتر لە 20% بەرزبووەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەندێک لە خەڵکی ڕووسیا دەڵێن ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک هەتا 30%یش چووە. هەر بەپێی داتاکانی حکومەت، مووچەی بنەڕەتی بە ڕێژەی 9.5% دابەزیوە و لە ئەنجامیشدا کڕین و فرۆشتن لە ڕووسیا بە هەمان ڕێژە دابەزیوە.

ئەوەی گوشارە ئابوورییەکانی لەسەر ڕووسیا قورستر کردووە، تەنیا دابەزینی نرخی نەوت نییە، بەڵکو سزا ئابووری و بازرگانییەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکایە لەسەر مۆسکۆ کە ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی ئەم قەیرانەدا بینیوە. سزا نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییان بە دەستتێوەردانی ڕووسیا لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و داگیرکردنی نیمچە دوورگەی کریمیاوە هەیە. دەستتێوەردانی ڕووسیا لە قەیرانی سووریاش بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی سوورتر بن لەسەر توندکردنی ئەو سزایانەی هەتا ئێستاش بەردەوامن.

هەندێک ڕاوێژکاری سیاسی، ڕووسیا تۆمەتبار دەکەن بەوەی لەسەر حیسابی سکی خەڵک مانۆڕی سەربازی و سیاسی لە جیهاندا دەکات. ڤالێری فیدۆرۆڤ، بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی توێژینەوەی ڕای گشتی ڕووسیا لەبارەی قەیرانی ئابووریی ڕووسیا و کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، دەڵێت "خەڵک تا دێت نیگەرانتر دەبن، لەبەر ئەوەی چیدی کێشەکە تەنیا تێکچوونی خۆشگوزەرانیی خەڵک نییە، بەڵکو مەترسییەکی جددی کەوتووەتە سەر ژیان و داهاتی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی".

زۆربەی شرۆڤەکارانی لایەنگری حکومەت پێیانوایە خەڵکی ڕووسیا دەبێت هەمان شێوازی ژیان بگرنەوە بەر کە پێشتر لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا پەیڕەویان کردبوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵی ڕابردوودا خەڵک لەسەر خۆشگوزەرانی ڕاهاتوون.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زیانەی دابەزینی بەهای نەوت دەشیا دروستی بکات، ڕووسیا ساڵی 2015 بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی هەتا 11 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز کردەوە کە ژمارەیەکی پێوانەییە، بەڵام ئەم هەنگاوەش نەیتوانی ڕووسیا ڕزگار بکات. بەگوێرەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، تێکڕای بەرهەمی ناپوختەی ناوخۆیی (GDP) بە ڕێژەی 3.8% دابەزیوە و چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ بەردەوامبوونی قەیرانی نرخی نەوت لە ساڵی 2016، هەتا 5%یش دابەزێت. ئەم ڕێژەیەش وای کردووە، ڕووسیا ببێتە خاوەنی دەیەم خراپترین ئابووری لە جیهاندا.

سیاسەتی سەرەکیی کریملین لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا کەمکردنەوەی خەرجییەکان و پشتبەستن بە پارەی یەدەگی وڵات بووە کە 360 ملیاری لە یەدەگی دراوە بیانییەکان و 120 ملیاری لە دوو سندووقی یەدەگی کاتی تەنگانەدایە. بڕی پارەی نێو سندووقی یەدەگی کاتی تەنگانە لە سەرەتای 2015دا زیاتر لە 160 ملیار دۆلار بووە. شارەزایان پێشبینی دەکەن ئەگەر بڕی خەرجییەکانی حکومەت لەم ئاستەی ئێستایدا بمێنێتەوە، ئەوە لە ماوەی 18 مانگی داهاتوودا هەردوو سندووقەکەی یەدەگی کاتی تەنگانە بەتاڵ دەبن. هەروەها چاوەڕێ دەکرێت حکومەت ناچار بێت بەشێکی زۆر لە پشکەکانی هەردوو کۆمپانیا زەبەلاحە حکومییەکەی ڕووسیا، واتە ڕۆزنەفت (Roseneft) و سبێربانک (Sberbank) بفرۆشێت و پێشناچێت مۆسکۆ بتوانێت خەرجییەکانی هێزی سەربازیی ڕووسیا بەرز بکاتەوە.

بڕیار وایە لە مانگی شوباتدا کۆبوونەوەیەک لە نێوان ڕووسیا و ڕێخکراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، ناسراو بە ئۆپێک، بەڕێوەبچێت، بە گوتەی ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا، مژاری سەرەکیی دانوستاندنەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆپێک دابەزاندنی بەرهەمهێنانی نەوت بە ڕێژەی 5% دەبێت.

شرۆڤەکارانی ئابووری گەشبین نین بە کۆبوونەوەکە و پێیانوایە ئەمجۆرە کۆبوونەوانە تەنیا هەوڵێکی تاکتیکین بۆ ئەوەی یاری بە میزاجی بازاڕی جیهانی بکەن، وەکوو چۆن مانگی پێشوو نرخی نەوت بە ڕێژەی 8% بەرزبووەوە، کاتێک ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئامادەیە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکاتەوە.

تیتۆڤ کە پیاوێکی 64 ساڵانە و ئەندامێکی کۆنی پارتی کۆمۆنیستە، گلەیی ئەوە لە حکومەت دەکات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا پارەی ڕووسیا بەملا و بەولادا دراوە، لە کاتێکدا 50 ملیار دۆلار لە یارییەکانی ئۆلۆمپیکی زستانەی 2014 خەرج کراو ئێستاش هەمان بڕی پارە بۆ دروستکردنی یاریگا بۆ یارییەکانی مۆندیالی تۆپی پێی 2018 خەرج دەکرێت. ئەو سەبارەت بە پوتین و ئەم ڕەوشە نوێیە دەڵێت "خەڵکی ڕووسیا دەیانویست سیزارێک فەرمانڕەواییان بکات، ئێستاش بەو ئاواتەی خۆیان گەیشتوون، بە بۆچوونی من ڕووسیا پێویستی بە سەرۆکێکی چالاک و کاریگەرە، بەڵام چی بکەین، لەبری ئەمە یارییەکانی ئۆلۆمپیک و مۆندیال و جەنگمان دەستکەوتووە".

# ئەفریقا.. هێلانەی تازەی گرووپە توندڕەوەکان

## بەرپرسی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە نایجیریا:

## سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە بۆ شکستی حکومەتەکان لە بەدیهێنانی دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە



سەرۆکی زانکۆیەکی چاد: وەهابیەت لەگەڵ واقیعی ئەفریقیادا ناگونجێت

ڕووداو – Wall Street Journal

بۆکۆحەرام، لقی ئەفریقای ناوەڕاستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، لە کۆتایی ساڵی 2015ەوە ژمارەی هێرشە خۆکوژییەکانیان زیاد کردووە، ئەمە جگە لەوەی گوندەکانی سەر سنووری نێوان کامیرۆن و نایجیریایان کردووتە ئامانجی هێرشەکانی خۆیان. مانگی پێشوو تەنیا لە دوو گوندی نایجیریا و کامیرۆندا 118 گوندنشینیان کوشتووە.

لە ڕۆژئاوای ئەفریقاش، لقێکی ئەلقاعیدەی کیشوەری ئەفریقا، شەڕێکی قورسی لە دژی حکومەتی مالی بەرپا کردووە و سنووری هێرشەکانیشیان هەتا نێو بورکینا فاسۆ فراوان کردووە. ئەم گرووپە تەنیا لە یەک هۆتێلدا لە بورکینافاسۆ زیاتر لە 30 کەسیان کوشت کە زۆربەیان گەشتیار و ڕاوێژکاری ڕۆژئاوایی بوون. لەلایەکی دیکەوە گرووپی ئەلشەباب، لقی سۆماڵی ئەلقاعیدە، لە هێرشێکدا بۆ سەر بنکەیەکی سوپای کینیا زیاتر لە 100 سەربازیان کوشت.

وڵاتانی خوارووی بیابان، بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لە سەرهەڵدانی گرووپە چەکدارە توندڕەوە ئیسلامییەکان پاراستبوو، هۆکارێکی سەرەکیی ئەمەش بۆ ئەو شێوازە لە ئیسلام دەگەڕێتەوە کە لەم ناوچانەدا پەیڕەو دەکرێت و ڕەگوڕیشەی لەناو سۆفیگەریدایە کە زیاتر جەخت لەسەر تاکەکەسی کردنەوەی ڕوحیەتی ئاینی دەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی نەریت و کولتووری ئەم وڵاتانەش زۆر جیاوازە لەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم ناوچەیە بووە بە یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گرووپە جیهادییەکان.

ئەم ڕاستییە لە قسەکانی حەسەن ئەلتورابی، سەرۆکی دیفاکتۆی سودان لە ساڵانی نەوەتەکاندا بەڕوونی دەرکەوت کاتێک گوتی "ئەو ئیسلامەی خەریکە بەناو کۆمەڵگەی ئەفریقیی ئەمڕۆکەدا بڵاودەبێتەوە، ئیسلامێکی نوێیە. ئەمە جیاوازە لەو ئیسلامەی سۆفیزم باسی دەکات کە ئایین بە ژیانی تایبەتی کەسەکەوە دەبەستێتەوە. لەمیاندا ئایین دەچێتە نێو سیاسەت، ئابووری، کەلتوور و پەروەردەوە. ئایین دەچێتە ناو ژیانی گشتیی خەڵکەوە".

ئەم دیاردە بەرفراوانەی ئەلتورابی باسی دەکات، لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی فەرەنسا وەکوو تەحەدایەکی نوێ دەبینرێت. هەر بۆیەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا بڕیاریان دا پشتگیری سەربازی و ئەمنی بۆ ئەو وڵاتانە بنێرن کە خۆیان توانای بەرگریکردنیان نییە. لە ساڵی 2013دا فەرەنسا سوپای ڕەوانەی مالی کرد و ڕێگەی نەدا حکومەتی ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە. پاریس بڕیاری داوە 3500 سەرباز و فەرماندەی سەربازی لە وڵاتانی مالی، نایجیریا، موریتانیا، بورکینافاسۆ و چاد بهێڵێتەوە.

هەروەها ئەمریکاش بنکەیەکی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی لە نایجیریا کردووەتەوە، بە نیازە بنکەیەکی هاوشێوە لە کامیرۆنیش بکاتەوە، ئەمە جگە لە ناردنی هێزی تایبەتی بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەو ناوچانە. لاوازیی حکومەتەکان لە ئاست ئەم گرووپانە بەشێکی بۆ بەکارهێنانی تەکتیکی نوێ لەلایەن گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە دەگەڕێتەوە.

ژەنەراڵ جاکوب کۆجی، فەرماندەی هێزەکانی کامیرۆن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپی بۆکۆحەرام دەڵێت "دانانی پلان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بۆکۆحەرام، پێویستی بە کەسانی زۆر شارەزا هەیە. ئەوان دەبێت خاوەنی کەسانی شارەزا لە بواری تەقەمەنی و شارەزای کاروباری ستراتیژی بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەمجۆرە هێرشانە بکەن."

زۆربەی حکومەتەکانی خوارووی بیابان سێکولارن، بەڵام دەبێت سیستەمێکی حوکمڕانی تەندروست دابمەزرێنن کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێوی بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن، ئەمەش یەکێک بووە لە پاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ چارەسەری کێشەکانیان گوێ بۆ ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان ڕابدێرن.

موسا چەنگاری، بەرپرسی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە نایجیریا دەڵێت "گرووپە ئیسلامییەکان بە خەڵکی ناوچەکان دەڵێن وڵاتەکە بەهۆی سیستەمی ڕۆژئاوایی وەهای لێ بەسەر هاتووە". چەنگاری جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە بە ئاسانی دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکی هەژاری وڵاتێکی وەکوو نایجیریا دابنێت "ئەگەرچی کێشەکەش پەیوەندیی بە سێکولاربوونی دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکو سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتەکان نەیانتوانیوە دیموکراسی و دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە دابمەزرێنن."

یەکەم هێرشە جددییەکان بۆ سەر سۆفیگەری لە ئەفریقا بۆ سەرەتای حەفتاکان و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی دەگەڕێتەوە کە دواتر شۆڕشی ئێران لە 1979دا و توندبوونەوەی دژایەتی نێوان شیعە و سوننە زەمینەکەی خۆشتر کرد بۆ لەدایکبوون و دواتریش تەشەنەسەندنی بیرۆکەکە لە جیهانی شیعە و سوننەدا.

ئەگەرچی ئێران هەندێک دەستتێوەردانی لە ئەفریقا و بە تایبەتی لە نایجیریا کرد، بەڵام سعودیە و گوتاری وەهابیزم ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەوەی پەیوەندی لە نێوان موسڵمانەکانی ئەفریقا و موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست ببێت. وەهابیزم نەیدەتوانی لەگەڵ سۆفیگەریدا هەڵبکات، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی سۆفیگەری لەلای وەهابییەکان وەکوو لادان و فەسادی بیروباوەڕ لێکدەدرایەوە.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە و پەیوەندی و هەروەها بنکە خێرخوازییەکانی سعودیە، قەتەر و تورکیا هەم پارەیەکی زۆری لە ئەفریقا هەڵڕشت، هەمیش ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەفریقییەکان لەگەڵ جۆرێکی دیکە لە ئیسلام و خوێندنەوەی ئیسلامی ئاشنا بن. لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەزاران خوێندکاری ئەفریقی لە زانکۆی توێژینەوە ئیسلامییەکانی مەدینە لە سعودیە بڕوانامەیان وەرگرتووە، دواتریش گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و لەو مزگەوتانەدا بوون بە ئیمام کە بە پارەی ئالی سعود دروستکرابوون.

عەلی عەبدولڕەحمان، سەرۆکی زانکۆی جەمینە لە چاد و ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆککۆماری چاد لەبارەی ئەو خوێندکارانە و نوسخەی ئیسلامی وەهابی- سعودی دەڵێت "ئەو ئیسلامەی ئەوان لەگەڵ خۆیان هێنایان، لەگەڵ واقیعی وڵاتەکانی ئێمەدا ناگونجێت. بەڵام کاتێک وڵاتەکە هەژار بوو، ئاسانە خەڵکیش بۆ لای ئایدیۆلۆژیاکەی خۆت ڕابکێشیت، وەکوو دەزانین وەهابییەکان زۆر دەوڵەمەندن."

ڕاپۆرتی دامەزراوەی RAND:

# ناتۆ و ئەمریکا بەرگەی ڕووسیا ناگرن

## ڕووسیا دەتوانێت لە ماوەی 60 کاژێردا پایتەختی ئیستۆنیا و لاتڤیا بگرێ

ڕووداو- ماڵپەڕی RAND

دامەزراوەی بەهێزکردنی هێزی بەرپەرچدانەوەی باڵی ڕۆژهەڵاتی ناتۆ، ناسراو بە RAND، لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات ئەگەر ڕووسیا سوپا و تانکەکانی بۆ ناوچەی بەڵتیک بجووڵێنێ، ئەوە لە ماوەی کەمتر لە 3 ڕۆژدا هەم لەڕووی ژمارەی سەرباز و هەمیش لەڕووی چەک و تەقەمەنییەوە هێزەکانی پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک (ناتۆ) لەو ناوچەیە دەبەزێنێ.

ڕاپۆرتەکەی دامەزراوەیRAND بە بەشداریی بەرپرسانی سەربازی و مەدەنیی ئەمریکا و پاش چەندین لێکۆڵینەوە ئامادە کراوە. لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەنجامی مانۆڕ و تاقیکردنەوە سەربازییەکان زۆر ڕوونن، بەگوێرەی ئەوەی هەتا ئێستا پێیگەیشتووین، ناتۆ ناتوانێت سەرکەوتووانە بەرگری لە ناوچەی ئەو ئەندامانەی خۆی بکات کە زۆرترین مەترسییان لەسەرە".

لە 18ی ئاداری 2014دا، مۆسکۆ هەرێمی کریمیای بە ڕووسیاوە لکاند، دواتریش هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکی پێشکەش بە جوداخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا کرد، ئەم دوو هەنگاوە کە وەکوو دوو دیوی یەک پلانی گشتی دەبینرێن، کۆتایی بەو سەقامگیرییە ڕێژەییە هێنا کە لە نێوان ڕووسیا و دراوسێکانی سنووری ڕۆژئاوایدا لەئارادا بوو. بە تێڕوانینی ناتۆ، مەترسییە سەرەکییەکە لەسەر سێ کۆماری ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیایە کە هەرسێکیان پێشتر لەناو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا بوون و دەکەونە سەر دەریای بەڵتیک.

جیاواز لە ئۆکراینا، ئەم سێ وڵاتە ئەندامی ناتۆن و بەپێی ماددەی 5ی پەیماننامەی ناتۆ، هەر هێرشێکی سەربازی بۆ سەر یەکێک لەم وڵاتانە بە مانای هێرشکردنە بۆ سەر هەموو ناتۆ، بەڵام پرسیارەکە لە ڕاپۆرتی دامەزراوەی RANDدا ئەوەیە ئاخۆ ناتۆ تا چەندە توانای جێبەجێکردنی ماددەی 5ی هەیە؟

لە ماوەی ساڵانی جەنگی سارددا، ناتۆ 8 فەیلەقی بە درێژایی سنووری خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە پەیماننامەی وارشۆدا جێگیرکردبوو. زیاتر لە 20 یەکەی سەربازیی گەورە بە درێژایی ئەو بەرەی جەنگە دانرابوون، پلانی ئەوەش هەبوو کە لە کاتی ڕوودانی هەر هێرشێکدا هێزی پشتیوانیی دیکە ڕەوانە بکرێ.

سنووری نێوان سێ کۆمارەکەی ناوچەی بەڵتیک و ڕووسیا هەر هێندەی ئەو سنوورە دەبێت کە کاتی خۆی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای لە وڵاتانی پەیماننامەی وارشۆ جیا دەکردەوە، بەڵام سنوورەکانیان تەنیا لەلایەن هێزە ناوخۆییەکانی ئەم سێ وڵاتەوە دەپارێزرێت کە هەموویان لە چەند لیوایەکی سەرەتایی پێکدێن، ئەو هێزانەی ناتۆش کە لەم ناوچەیە جێگیرکراون تەنیا لە ئاستی بەتالیۆندان.

ڕاپۆرتەکەی دەستەی RAND ئاشکراشی دەکات، مەودای هێزە سەربازییەکان هەتا پایتەختی ئیستۆنیا و لاتڤیا لە بەرژەوەندیی ڕووسیایە. لەبەر ئەوەی مەودای تالین، پایتەختی ئیستۆنیا هەتا سەر سنووری ڕووسیا 200 کیلۆمەترە و مەودای ریگا، پایتەختی لاتڤیا، هەتا سەر سنووری ڕووسیا لە نێوان 210 بۆ 275 کیلۆمەترە. بەڵام هێزەکانی ناتۆ لە پۆڵەنداوە 325 کیلۆمەتر لە ریگا و 600 کیلۆمەتر لە تالین دوورن. قەبارەی سوپای ڕووسیا بچووکترە لە قەبارەی سوپای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە توانایدایە نزیکەی 22 بەتالیۆن لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ڕووسیا جێگیر بکات. ئەمەش هەمان ئەو ژمارەیەیە کە لە وڵاتانی غەیرە سۆڤیەتی ئەندام لە پەیماننامەی وارشۆدا جێگیرکرابوون. ئەم ژمارە هێزە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هێزی وڵاتانی ناوچەی بەڵتیک تێکبشکێنێ.

ڕاپۆرتەکە هەروەها هۆشداری دەدات کە لەو یارییە جەنگییە پرۆفیشناڵانەی لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2015 بە بەشداریی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا کراون، دەردەکەوێت ناتۆ و ئەمریکا توانای ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی ڕووسیایان نابێت، ئەگەر مۆسکۆ بڕیار بدات دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێت. خاڵی ترسناکیش بۆ ناتۆ ئەوەیە کە ڕووسیا تەنیا لە ماوەی 36 بۆ 60 کاژێردا دەتوانێت دەست بەسەر ریگا و تالیندا بگرێت.

ئامانجی ئەنجامدانی ئەو یارییە جەنگییە سەربازییانەی RAND ئەوە بووە بە ناتۆ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بسەلمێنن کە بەم ژمارە هێزە سەربازی و تەقەمەنییەی ئێستایان، توانای خۆڕاگرییان لەبەردەم هێرشی ڕووسیادا نییە.

لەو سیناریۆیەی کە بۆ هێرشەکانی ڕووسیا دانراوە و مانۆڕەکانی لەسەر ڕێکخراوە، ماوەی هەفتەیەک بۆ هۆشداریدانەکانی هەردوو لایەنی دژبەر، واتە ڕووسیا و ناتۆ دانراوە. لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ناتۆ دەتوانێت ژمارەیەک هێزی وشکانی و هێزی ئاسمانی بۆ ئەو سێ وڵاتە بگوازێتەوە. بەڵام لەگەڵ کاژێری سفردا سوپای ناتۆ بۆی دەردەکەوێت کە هێزی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە هێزەکانی ڕووسیای نییە. بە تایبەتیش چاوەڕێ دەکرێت ڕووسیا بەبێ هیچ خۆماندووکردنێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیستۆنیاوە پێشڕەوی بکات، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە لەڕووی ئێتنیکییەوە ڕووسین.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە چوار هۆکار بۆ ئەم شکستە گەورەیەی ناتۆ دەستنیشان دەکەن:

**یەکەم:** پەیوەندیی نێوان هێزەکان لە بەرژەوەندیی ڕووسیادایە. ئەگەرچی ژمارەی بەرایی هێزەکانی مانۆڕ لە نێوان ڕووسیا و ناتۆ زۆریش جیاواز نییە، بەڵام 7 لە 12 بەتالیۆنەکەی ناتۆ هی ئیستۆنیا و لاتڤیان، کە هەم لاوازن و هەمیش توانای جموجۆڵی تەکتیکیی بەرچاویان نییە. جیا لەمە لەڕووی بارهەڵگر و چەکەوە زۆر هەژارن. لە کاتی دەستپێکردنی جەنگەکەدا هیچ تانکێکی ناتۆ لە ناوچەکانی شەڕدا ئامادە نییە، بەڵام هێزەکانی ڕووسیا هەم لەڕووی هێزی وشکانی و هەمیش لەڕووی کەرەستەوە پڕ چەکن.

**دووەم:** هێزی ڕۆکێت و مووشەکهاوێژی ڕووسیا نەک هەر فرەجۆرە، بەڵکو لەڕووی ژمارە و هێزیشەوە بە هێزترە لەوەی ناتۆ.

**سێیەم:** هێزەکانی ناتۆ و هێزە خۆجێییەکانی ئیستۆنیا و لاتڤیا توانای مانۆڕیان زۆر کەمە، هەر بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت لە کاتی هێرشەکانی ڕووسیا نەک هەر تێکبشکێنرێن، بەڵکو توانای پاشەکشێشیان نابێت.

**چوارەم:** ئەگەرچی هێزی ئاسمانیی ناتۆ بە زیادەوە لە قەرەی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا دێت، بەڵام لاوازبوونی هێزی وشکانیی ناتۆ لەو ناوچەیەدا ئەرکی هێزی ئاسمانیش قورستر دەکات، لەبەر ئەوەی فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانی ناتۆ لە لایەکەوە دەبێت ڕووبەڕووی هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا بۆ سەر هێزی وشکانیی ناتۆ ببێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت بۆشایی توانای هێزی وشکانیی ناتۆ پڕ بکاتەوە و ڕێگە لە پێشڕەوییەکانی ڕووسیا بگرێت.

ئەگەر ڕووسیا بڕیاری هێرشکردن بدات و لە دەروازەکانی ریگا و تالین نزیک بکەوێتەوە، ئەوە ناتۆ کۆمەڵێک بژاری یەکجار تاڵیان لەبەردەست دەمێنێتەوە. یەکێک لە بژارەکان دروستکردنی هێزی بەرگرییە لەنێو شارەکاندا، بەڵام ئەم بژارە دەکرێت هەم بۆ شارەکە و هەمیش بۆ دانیشتووانەکەی ئەنجامی کارەساتباری بەدواوە بێت.

بژاری دووەم کە بژارێکی گەورەترە، دەکەوێتە سەر شانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ناتۆ. ئەم بژارە سێ بژاری دیکە لە خۆ دەگرێت کە هیچکام لەوانیش دڵخۆشکەر نین:

**یەکەم:** ناتۆ دەشێت بە مەبەستی هێرشی پێچەوانە جووڵە بە هێزەکانی بکات، ئەم بژارە لە باشترین حاڵەتدا خۆڕێکخستنێکی دوورودرێژی دەوێت، ئەم بژارە ڕێگەی ئەوە بۆ ڕووسیا دەکاتەوە کاتی پێویست بۆ ناچارکردنی لایەنەکان بۆ دانوستاندن بەدەستبهێنێ، دواتریش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بڕیارنامەی سیاسیدا بەشێک لەو ناوچانەی داگیری کردوون وەکوو بەشێک لە ڕووسیا بیانهێڵێتەوە. لە هەر حاڵەتێکدا هێرشی پێچەوانە لە جەنگێکی لەم جۆرەدا خوێناوی و پڕ خەرج و پڕ لە کارەساتی مرۆیی دەبێت. لە کاتێکدا دیار نییە وەڵامی ڕووسیا بۆ ناتۆ چی دەبێت، بە تایبەتیش ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەو کاتەدا ڕووسیا ئیستۆنیا و لاتڤیا وەکوو خاکی خۆی دەناسێت و هێرش بۆ سەر ئەو ناوچانە وەکوو هێرش بۆ سەر خاکی ڕووسیا لێکدەداتەوە.

**دووەم:** لە بارودۆخێکی لەمجۆرەدا ناتۆ دەشێت لاپەڕەکانی سەردەمی جەنگی سارد هەڵبداتەوە و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دژی ڕووسیا بکات. ئەمە ئەو تەکتیکە بوو کە بە درێژایی جەنگی سارد، ناتۆ لە دژی وڵاتانی پەیماننامەی وارشۆ بەکاریهێنا. بەڵام ڕووسیا دەزانێت نە ئەمریکا و نە ئەورووپای ناوەڕاستیش ئامادە نین شارەکانی خۆیان بۆ وەرگرتنەوەی پایتەختی ئیستۆنیا و لاتڤیا بخەنە بەر مەترسیی چەکی ئەتۆمیی ڕووسیاوە.

**سێیەم:** ئەگەری ئەوە هەیە ناتۆ و ئەمریکا بە شێوەیەکی کاتیش بێت قەبووڵی بکەن ڕووسیا ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵدا بێت، بەمەش دیوارێکی هاوشێوەی دیواری بەرلین لە نێوان لیتوانیا و لاتڤیادا بکێشرێت و بەمەش جیهان جارێکی دیکە بکەوێتەوە نێو جەنگی سارد. ئەم بژارەیان تەنانەت دەشێت هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی ناتۆ و هێزە هاوپەیمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای لێبکەوێتەوە.

بەڵام گرووپی بەهێزکردنی هێزی بەرپەرچدانەوەی باڵی ڕۆژهەڵاتی ناتۆ (RAND) دەست و باڵی ناتۆی نەبەستووەتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بوونی حەوت لیوای بەهێز کە سێیان بە چەکی قورس پڕچەک کراون و پشتگیریی هێزی ئاسمانییان لەگەڵە، دەتوانێت ڕێگە لە پێشڕەویی خێرای ڕووسیا و کەوتنی وڵاتانی باڵتیک بگرێت. ئەم هێزانەش ساڵانە نزیکەی 2.7 ملیار دۆلار تێچوونیان دەبێت.

ڕاپۆرتەکەی RAND ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، واتە هەمان ئەو ڕۆژەی کە ئاشتۆن کارتەر، وەزیری بەرگریی ئەمریکا پلانی گواستنەوەی چەکی قورسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ئاشکرا کرد. ئێستا دوو فیرقەی سەربازیی ئەمریکا لە ئەورووپان کە یەکێکیان لە ئیتاڵیا و ئەوەی دیکەیان لە ئەڵمانیایە، بەڵام ئەم دوو فیرقەیە بەردەوام ژمارەیان کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا داوایان لێدەکرێت لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپیش ئامادەییان هەبێت، بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. بەڵام بە گوێرەی ئەم پلانە نوێیە کە 3 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار تێچوونی دەبێت، ژمارەی فیرقەکانی ئەمریکا بۆ 3 فیرقە بەرز دەبێتەوە.

لە ئەیلولی 2014دا، باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا لە گوتارێکدا لە تالین بەڵێنی دا لە کاتی پێویستدا ئەمریکا پشتگیری لە ئیستۆنیا بکات و گوتی "ئێمە بۆ پاراستنی ئیستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیا لێرە دەبین، ئێوە پێشتر جارێک سەربەخۆیی خۆتان لەدەستداوە، بەڵام بە پشتگیریی ناتۆ، ئەمە جارێکی دیکە ڕوونادات."

سەرەڕای بەڵێنەکانی ئۆباما، بەرپرسانی ئەم سێ وڵاتەی بەڵتیک و وڵاتانی ناتۆ باش دەزانن کە ڕووسیا لە ناوچەی کالینینگراد، لە نێوان لیتوانیا و پۆڵەندا و بیلارووس سەرقاڵی بەهێزکردنی پێگەی سەربازیی خۆیەتی، ئەمە جگە لەو بنکە ئاسمانییەی مۆسکۆ بە نیازە لە بیلارووس، لە باشووری سنوورەکانی پۆڵەندا و لیتوانیا دروستی بکات.

گرووپی RAND ئاماژە بەوەش دەکەن کە دیار نییە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای سەربازی چ کاریگەرییەکی لەسەر نیازەکانی ڕووسیا بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی بەڵتیک دەبێت، بەڵام ڕەنگە بەهێزکردنی توانای بەرگریی ناتۆ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا پەیامێکی جیدی بۆ ڕووسیا بنێرێت و ئاگادارکردنەوەی کریملینە لەوەی ناتۆ پابەندە بە پاراستنی سەروەری و ئاسایشی هەموو وڵاتانی ئەندامی خۆی لە بەرامبەر هێرشە دەرەکییەکاندا.

### هێزی پیادەی ناتۆ:

| وڵات | جۆری یەکەی سەربازی (بەتالیۆن) | جۆری یەکەی سەربازی (بەتالیۆن) | ژمارە |
|---|---|---|---|
| ئەستۆنیا | هێزی پیادە | ئەستۆنیا | 2 |
| | هێزی پیادەی سووک | ئەستۆنیا | 3 |
| لاتڤیا | هێزی پیادە | لاتڤیا | 2 |
| لیتوانیا | هێزی پیادەی خاوەن چەکی قورس | لیتوانیا | 2 |
| | هێزی پیادە جووڵەپێکراو بە بارهەڵگر | لیتوانیا | 2 |
| ئەمریکا | هێزی پیادە جووڵەپێکراو بە فڕۆکە | باڵتیک | 2-1 |
| | هەلیکۆپتەری هێرشبەر | باڵتیک | 2 |
| | ئۆتۆمبێلی جەنگی | باڵتیک | 1 |
| | هێزی تێکەڵ | پۆڵەندا | 1 |
| بەریتانیا | هێرشی ئاسمانی | باڵتیک | 1 |
| کۆی گشتی | | | 17 |

### هێزی پیادەی ڕووسیا:

| جۆری یەکەی سەربازی و چەکەکانیان | شوێنی جێگیربوون | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 - بەتالیۆنی مانۆڕی سەربازی:<br>* تانک<br>* هێزی پیادەی خاوەن چەقی قورس<br>* هێزی پیادە جووڵەپێکراو بە بارهەڵگر<br>* هێزی پیادە جووڵەپێکراو بە فڕۆکە<br>* هێزی پیادەی دەریایی | ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>کالینینگراد | 4<br>5<br>5<br>8<br>3 |
| کۆی گشتی | | 25 |
| 2 - بەتالیۆنی خاوەن تۆپخانە:<br>* تۆپخانە<br>* ڕۆکێتهاوێژی قورس<br>* ڕۆکێتهاوێژی مامناوەندی | ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا | 3<br>2<br>5 |
| کۆی گشتی | | 10 |
| 3 - بەتالیۆنی خاوەن موشەکهاوێژ:<br>* موشەکهاوێژی بالیستیکیی کورتبڕ ئەسکەندەر<br>* موشەکهاوێژی بالیستیکیی زۆر کورتبڕی تۆچکا<br>* موشکەهاوێژی بالیستیکی زۆر کورتبڕی تۆچکا | ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>ناوچەی سەربازیی ڕۆژئاوا<br>کالینینگراد | 2<br>2<br>1 |
| کۆی گشتی | | 5 |
| 4 - بەتالیۆنی هەلیکۆپتەری هێرشبەری جۆری MI-24 | | 6 |

### هێزی ئاسمانیی ناتۆ:

| وڵات | شوێنی جێگیربوون | جۆری فڕۆکە | ژمارەی یەکەی هێزی ئاسمانی |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | لیتوانیا | F-15C | 1 |
| | بەریتانیا | F-15E | 1 |
| | | B-1B | 1 |
| | پۆڵەندا | F-22 | 0.5 |
| | | F-16C/WW | 1 |
| | | F-16C | 2 |
| | سوید/ ستۆکهۆڵم | F-15C | 1 |
| | | F-15E | 2 |
| | | A-10 | 0.5 |
| | | F22 | 1 |
| | دەریای باکوور | F/A-18C/D | 1 |
| | | F/A-18E/F | 1 |
| بەریتانیا | لتیوانیا | تایفوون FGR | 1 |
| | | MK 4 | 1 |
| | پۆڵەندا | تۆرنادۆ (GR) | - |
| | | MK 4 | - |
| فەرەنسا | پۆڵەندا | رافائێل B/C | 1 |
| نەرویج | سوید/ ستۆکهۆڵم | F-16C | 1 |
| کەنەدا | پۆڵەندا | CF-18C/D | 0.5 |
| دانیمارک | پۆڵەندا | F-16C | 1 |
| کۆی گشتی | | | 18.5 |

### هێزی ئاسمانیی ڕووسیا:

| جۆری فڕۆکە | ژمارەی یەکەی هێزی ئاسمانی |
|---|---|
| Su-27 FLANKER | 9 |
| Su-34 FULLBACK | 2 |
| MiG-29 FULCRUM | 3 |
| MiG-31 FOXHOUND | 4 |
| Su-24 FENCER | 5 |
| Tu-22M3 BACKFIRE | 4 |
| کۆی گشتی | 27 |



# کوردستان پلانی بۆ ڕێگری لە زیکا نییە

سەروەر سالار
رووداو– سلێمانی

ڤایرۆسی زیکا بە خێرایی لە بڵاوبوونەوەدایە و لە کیشوەری ئەمریکاوە بەرەو ئەورووپا پەڕیوەتەوە. تەندروستیی جیهانیش هۆشداری دەدات لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە و مەترسییەکانی لەسەر ئافرەتانی دووگیان، بەڵام وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دۆخەکە بە مەترسیدار نازانێ و دەڵێ ڕێنماییشیان بۆ دەرنەکردووە. بەڵام پسپۆڕێکی تەندروستی دەڵێ سروشتی ئێستای پەیوەندییە مرۆییەکان گۆڕاوە و کوردستانیش بەتەواوی پارێزراو نییە.

## یەک جیهان و یەک تەندروستی

مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت ئێستا چەمکێک کاری لەسەر دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان کە بە "یەک جیهان و یەک تەندروستی" ناسراوە، مەبەست لێی ئەوەیە هەر مەترسییەکی تەندروستی لە ناوچەیەکی جیهان سەرهەڵبدات، دەبێت ناوچەکانی دیکەی جیهانیش لێی هۆشیار بن، چونکە ئێستا ئاڵوگۆڕی نێوان وڵاتان زۆر خێرا و پێشکەوتووە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕی پزیشکیی کۆمەڵ بە (رووداو)ی گوت "ڕاستە وڵاتی ئێمە ناوچەیەکی مەترسیدار نییە بۆ بڵاوبوونەوەی زیکا، چونکە مێشوولەی گوازەرەوەی نەخۆشییەکە لە کوردستان تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە و کەشەکەشی بۆ ئەو مێشوولەیە لەبار نییە، بەڵام ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە ڕێگەی خوێن و سێکسەوە، وادەکات ئێمەش بەتەواوی لە زیکا پارێزراو نەبین".

د.عەبدولفەتاح داوا دەکات سروشتی پەیوەندییە خێرا و بەربڵاوەکانی پەیوەندیی نێوان کوردستان و وڵاتان لەبەرچاو بگیرێ و هۆشداری بدرێتە هاووڵاتیان "کاتێک کەسێک سەردانی ئەو وڵاتانە دەکات کە نەخۆشییەکە و مێشوولە گوازەرەوەکەیان تێدا بڵاوە، دەبێت جۆرێک لە گریمانەی تووشبوونی بۆ دابنرێت و زانستانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە نەخۆشییەکە هەندێکجار هیچ نیشانەیەکی نییە، یان تەنیا نیشانەکانی پەتایەکی ئاسایی هەیە و کەسەکە ڕەنگە پشتگوێی بخات".

## ڤایرۆسەکە لە کوێوە هاتووە؟

ڤایرۆسی زیکا بۆ یەکەمجار ساڵی 1947 لەناو مەیموونەکانی ئۆگەندا دۆزرایەوە. یەکەم حاڵەتی تووشبوونی مرۆڤ بە ڤایرۆسەکە ساڵی 1954 لە نەیجیریا تۆمارکرا، دواتر چەند شەپۆلێکی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە ئەفریقا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دوورگەکانی زەریای هێمن تۆمارکران.

## چۆن بڵاودەبێتەوە؟

زیکا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی جۆرە مێشوولەیەکەوە دەگوازرێتەوە کە هەمان ئەو مێشوولەیەیە تای دانکە و چیکونگونیا دەگوازێتەوە و بە Aedes mosquitoes ناسراوە. مێشوولەکە لە شوێنە زۆر ساردەکاندا بەرگە ناگرێ و لەنێودەچێ، واتە زۆرتر لە شوێنە فێنک و گەرمەکاندا دەژی. کاتێک بە کەسێکی تووشبووەوە دەدەن، ڤایرۆسەکە لە خوێنییەوە وەردەگرن، دواتر بە کەسێکی تەندروستەوە دەدەن و ڤایرۆسەکەی بۆ دەگوازنەوە.

دەڤەری نموونەیی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ناوچە کەمەرەییەکانی زەوین، بەڵام ئایا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش مەترسی گەیشتنی ئەو ڤایرۆسەی لەسەرە؟

ڕەنا سەیدانی، گوتەبێژی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدووری نازانێت ڤایرۆسەکە بگاتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکان، بۆیە داوای ڕێوشوێنی خۆپارێزی لەو وڵاتانە دەکات.

سەیدانی دەڵێت ئەو مێشوولەیەی ڤایرۆسەکە دەگوازێتەوە لە هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، لەوانەش: میسر، سعودیە، سوودان، یەمەن، سۆماڵ، پاکستان و جیبۆتی. بۆیە ئەگەر ڤایرۆسەکە بگاتە ئەو وڵاتانە، مێشوولەکە دەتوانێ لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکەی بگوازێتەوە.

گوتەبێژەکەی تەندروستیی جیهانی دەڵێت ئەگەر کەسێکی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە لە ئەمریکای لاتینەوە رووبکاتە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو مێشوولەیە پێوەی بدات، ئەوە مێشوولەکە ئەو ڤایرۆسە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و کاتێک بە کەسانی تەندروستەوە دەدات، تووشی نەخۆشییەکەیان دەکات.

## کوردستان دوورە لە مەترسی؟

وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو جۆرە مێشوولەیەی نەخۆشیی زیکا دەگوازێتەوە، لە کوردستان نییە، بۆیە دۆخەکە بۆ کوردستان مەترسیدار نییە.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی گوت "ئەو مێشوولەیەی ڤایرۆسەکە دەگوازێتەوە لە کوردستان نییە، ئێمە تیمی پەتاگەریی گوازەرەوەی نەخۆشیمان هەیە، ئەوان تا ئێستا ئەو مێشوولەیەیان لە کوردستان نەبینیوە، بۆیە مەترسیمان لەسەر نییە".

د.خاڵس دەڵێ ڕێوشوێنی ئێستا ئەوەیە کە تیمە پەتاگەرییەکە پشکنین دەکەنەوە و دڵنیامان دەکەنەوە لەوەی تاوەکو ئێستاش ئەو مێشوولەیە لە کوردستان ناژی.

## ڕێگەی دیکەی گواستنەوە

بەهۆی ئەوەی بووەتە هۆی مەترسی و دوای بڵاوبوونەوەی چەندین حاڵەتی شێواویی مێشک و کەللەسەر تۆمارکراون، ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بە ڕێوشوێنی جیاواز لە پێوەدانی مێشوولە.

ڕۆژی سێی ئەم مانگە، بەرپرسانی تەندروستی لە ویلایەتی تەکساس لە ئەمریکا تۆمارکردنی حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی زیکایان لە ڕێگەی سێکسەوە ڕاگەیاند.

ئەوە دووەمین حاڵەتی زیکا بوو لە ئەمریکا کە بەهۆی سێکسەوە گوازرابێتەوە. بەرپرسانی تەندروستیی تەکساس دەڵێن کەسێک بەهۆی گەشت بۆ یەکێک لەو وڵاتانەی نەخۆشییەکەی تێدایە لە ڕێگەی پێوەدانی مێشوولەوە تووشی ڤایرۆسی زیکا بووە، دوای گەڕانەوەی بۆ تەکساس لە ڕێگەی پەیوەندی سێکسییەوە نەخۆشییەکەی بۆ کەسێک گواستووەتەوە.

گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە ڕێگەی سێکسەوە زەنگی مەترسیدارە، چونکە ئەو وڵاتانەش کە مێشوولەی گوازەرەوەی نەخۆشییەکەیان تێدا نییە بەهۆی هاتوچۆی گەشتیارانەوە دەکەونە بەر مەترسی.

لە نوێترین ڕێنمایی خۆیدا، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوای لە وڵاتان کرد خوێنی ئەو کەسانە وەرنەگرن کە لە گەشتکردن بۆ ئەو وڵاتانەی ڤایرۆسی زیکایان تێدا بڵاوبووەتەوە، گەڕاونەتەوە.

سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا لە نوێترین ڕێنمایی خۆیدا داوا لە خانمانی دووگیان دەکات، ئەگەر مێردەکانیان لە وڵاتانی تووشبوو بە زیکا گەڕاونەتەوە، سێکسیان لەگەڵ نەکەن یاخود بە کۆندۆمەوە سێکسیان لەگەڵ بکەن، نەوەک ڤایرۆسەکەیان بۆ بگوازنەوە.

## مەترسییەکەی چییە؟

گەورەترین مەترسی کە ئەم ڤایرۆسە دروستی کردووە، بۆ سەر خانمانی دووگیانە کە ڕەنگە ببێتە هۆی بچووکیی کەللەسەر و ناتەواویی مێشکی کۆرپەکانی نێو سکیان.

ئەو خانمە دووگیانانەی تووشی ڤایرۆسەکە دەبن. قەبارەی سەری کۆرپەکانیان بچووکتر دەبێ لە ئاسایی. مێشک لە ناوەوە گەورە نابێت. پێوانەی چێوەی سەر لەکاتی لەدایکبوون لە 31.5 سەنتیمەتر کەمتر دەبێت. ڕاددەی بچووکییەکە جیاوازە، هەندێکجار مێشک هێندە بە کەمی گەشەی کردووە کە ناتوانێ کردە بنچینەییەکانی ژیان جێبەجێ بکات و ڕەنگە تووشبووەکان بمرن.

بەڵام ئەو منداڵانەی نامرن، بەهۆی حاڵەتەکەوە تووشی چەند گرفتێک دەبن، لەوانە: گەشکە و فێ لێهاتن، دواکەوتنی گەشە، کەمیی ئاستی زیرەکی، گرفت لە جووڵە، باڵانسی لەش، خواردن، بیستن و بینین.

وڵاتێکی وەک بەرازیل لەساڵی 2014 و بەر لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی زیکا لە هەموو وڵاتەکەدا 150 حاڵەتی بچووکیی سەری منداڵی هەبووە، کەچی ساڵی ڕابردوو دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، ژمارەکە بۆ 3500 حاڵەت زیادی کردووە.

بچووکیی مێشک و کەللەسەر چارەسەریان نییە و ئەوەی هەیە تەنیا خولی ڕاهێنان و پەروەردەی تایبەتە، تاوەکو لە چوارچێوەی نەخۆشییەکەیاندا هەندێک هەڵسوکەوتی بنەڕەتی فێر بکرێن.

### نیشانەکانی زیکا

- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش (تا)
- سووتانەوە و سووربوونەوەی چاو
- سەرئێشە
- ئازاری جومگەکان
- پەڵەی پێست



# چین ئەو خووانەی پیرت دەکەن؟

رووداو– هێڵسکۆم

ئەگەر تەماشای ئاوێنەکەت کرد و هەستت کرد شێوەت گەورەتر دیارە لەچاو تەمەنت، ئیدی دەبێ چاوێک بە ڕۆتینەکانی ژیانی ڕۆژانەتدا بخشێنیتەوە. ئەو خۆراکانەی دەیانخۆی و شێواز و عادەتی نووستنت ڕۆڵیان هەیە لە دەرخستنی تەمەن لە روخسارتدا.

ئەمانە هەندێک لەو شتانەن کە پسپۆڕان بە هۆکاری پیربوونی پێشوەختی دەزانن.

### 1 – بیرت پەرتە:

ئەگەر خشتەیەکی قەرەباڵخی ئەرکی ڕۆژت لەبەردەست بێ و لە یەک کاتدا بیرت لای چەندین کار بێت، ئەوە تووشی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی دەبیت. لەکاتی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونیدا ماددەگەلێک لە جەستە دەردەدرێن کە ڕێگە بۆ پیربوون خۆش دەکەن. بۆیە باشترە، ساتەکانت بە کار و پرۆژەی دیاریکراو و مەبەستدارەوە بەسەر ببەیت.

### 2 – شەکری دەستکرد زۆر دەخۆی:

شیرینییە دەستکردەکان جگە لەوەی قەڵەوت دەکەن، پیریشت دەکەن. پسپۆڕانی پێست دەڵێن گەردەکانی شەکرە دەستکردەکان لەنێو جەستەدا بە ریشاڵە پرۆتینییەکانەوە دەبەسترێن، ئەوەش نەرم و نیانی و گەنجیی ئەو ریشاڵانە کەم دەکاتەوە. بەهۆی نووسانی گەردەکانی شەکر بە ریشاڵە بەستەرەکانی پێست و شانەکانی دیکەی پەیکەری جەستەمانەوە، وردە چرچ لەسەر پێست دەردەکەون، کونیلەکانی سەر رووکاری پێست گەورە دەبن، ئاوداری و درەوشاوەیی و تونديی پێست و شانەکان وەک پێویست نامێنن. بۆیە وەک هەنگاوێکی دژەپیری، تاوەکو دەتوانیت کەمتر شەکری دەستکرد بەکاربهێنە.

### 3 – کەمخەوی:

کەمخەوی جگە لەوەی شانەکانی دەوروبەری چاوت ناشیرین دەکات، تەمەنیشت کورت دەکاتەوە. پسپۆڕانی بواری فیزیۆلۆژیای نووستن دەڵێن ڕۆژانە پێویستت بە دەوروبەری حەوت کاژێر خەوە. ئەگەر کەمتر لە پێنج کاژێر لە شەودا بنووی، ئیدی نیشانەکانی ژاکانی پێست و تێکچوونی شانەکانی دەوروبەری چاوت دەردەکەون.

### 4 – زۆر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەی:

توێژینەوەیەکی ئوسترالی دەریخستبوو ئەوانەی لە شەو و ڕۆژێکدا شەش کاژێر بەدیار تیڤییەوە بەسەردەبەن، پێنج ساڵ کەمتر دەژین لەوانەی کەم تەماشای تیڤی دەکەن. توێژەرەکان گوتبوویان هۆکاری ئەمە خودی تیڤی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە تیڤی وەها سەرنجت ڕادەکێشێ، بواری جووڵەت ناهێڵێ. چالاکییەکانی دیکەی ڕۆژانە بەو پێیەی دووبارەبوونەوەیان بەدەست کەسەکەیە، ناوبڕی بە جووڵەیان تێدەکەوێ. بەڵام تیڤی بەو پێیەی بابەتەکانی ڕاگوزەرن و کەمتر دەتوانرێت جارێکی دیکە تەماشا بکرێنەوە، کەسەکە زۆرتر پابەندی دانیشتنی بەردەوام دەکات.

پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن هەموو نیو کاژێر جارێک ناوبڕێک لە دانیشتنەکانتان بەرامبەر تەلەفزیۆن وەربگرن و هەندێک جووڵە بکەن، ئەگەر ڕۆیشتنێکی کەمیش بێت.

### 5 – زۆر دادەنیشی:

دانیشتنی زۆر و لە ڕاددەبەدەر بۆ دڵ و گورچیلەکان خراپە و ڕێگە بۆ قەڵەوی و شێرپەنجەش خۆش دەکات، ئەوانەش هۆکاری پیربوون و زوو مردنن.

### 6 – زۆر کەم دژەخۆر بەکاردێنی:

هەندێک کەس تەنیا لەکاتی چوونەدەر بۆ گەشت و دەشت و دەر کرێمی دژەخۆر بەکاردێنن، لەکاتێکدا ڕۆیشتنی ئاسایی ڕۆژانە بۆ سەر ئیشەکەت و پیاسەی نێوبازاڕ و شۆفێری، هەموویان پێست دەدەنە بەر تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر.

پسپۆڕانی پێست دەڵێن تیشکی ژوور وەنەوشەیی لە تیشکی هەتاودا دیارترین هۆکاری ژاکان و پیربوونی پێستە. ئەوان دەڵێن تەنانەت دەبێ ڕۆژانی زستان کە بەهۆی هەورەوە ڕۆژ بە دەرەوە نییە، دژەخۆرەکەت لەبیر نەکەی.

### 7 – ئارایشت زۆر دەکەی:

بەکارهێنانی زۆری ئارایشتی روخسار، هۆکارێکی دیاری پیربوونە. پسپۆڕانی پێست دەڵێن ماددە ئارایشتییەکان، بەتایبەت چەورەکانیان، کونیلەکانی سەر رووکاری پێست دادەخەن و ئەوەش لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ژاکانی پێستی لێ دەکەوێتەوە. هەندێکی دیکەش لە ماددە ئارایشتییەکان، مادەی کیمیایی توند یان ئەلکهولیان تێدایە و ئەوەش پێست وشک دەکاتەوە و چەورییە سروشتییەکەی دەفەوتێنێ و وردە وردە چرچیی پێستی بەدوادا دێت.

### 8 – روخسارت دەخەیتە سەر سەرین!

پسپۆڕان دەڵێن کاتێک لەسەر سک یان لاتەنیشت دەنویت و روخسارت لە سەرینەکەت توند دەکەی، بەو کارەت بەستەرە شانەکانی روخسارت لاواز دەکەیت و پێستت شل و ژاکاو دەکەی.

### 9 – ماڵەکەت زۆر گەرمە:

سپلیت و هاوشێوەکانیان هەوای نێو ماڵەکەت وشک دەکەنەوە و شێی تێدا ناهێڵن، ئەوەش وشکبوونەوە و ژاکانی پێستی لێدەکەوێتەوە لەگەڵ تێپەڕینی کات. بۆیە واباشە دەفرێک ئاوی ساردی سەر بەتاڵ لە ژوورەکەتدا بێت، تاوەکو هەڵم بە هەوای ماڵەکەتدا بڵاوبکاتەوە و شێدارییەکەی بپارێزێ.

### 10 – بە قەسەب شلەمەنییەکان دەخۆیتەوە:

هەندێک لە پسپۆڕانی پێست و جوانکاری دەڵێن، ئەگەر ئەوە بکەیتە نەریت کە بە قەسەب شلەمەنییە جیاوازەکان بخۆیتەوە، لەگەڵ تێپەڕینی کات و بەهۆی زۆر دووبارەبوونەوەی ئەو شێوازی بەکارهێنانەی دەم و لێو، تووشی چرچیی دەوروبەری دەم و لێوت دەبی. جگەرەش جگە لەوەی بەهۆی ماددە ژەهرینەکانیەوە پێست چرچ دەکات، بەم ڕێگایەش چواردەوری دەم چرچ دەکات، چونکە ئەویش هاوشێوەی قەسەب بەکاردەهێنرێ.

### 11 – چەورییە بەسوودەکان ناخۆی:

چەورییە بەسوودەکان کە لە ماسی و گوێز و چەرەسەکاندا هەن، بۆ پاراستنی گەنجێتی پێست و دووربوون لە چرچبوونی گرنگن.

### 12 – هەمیشە بەرامبەر کۆمپیوتەری:

زۆر بەکارهێنانی کیبۆرد، شێوەیەکی ناسروشتی بە بڕبڕەی پشت دەبەخشێ.

شێوە سروشتی و سەرنجڕاکێشەکەی بڕبڕەی پشت هاوشێوەی پیتی S ڕاوەستاوە، بەڵام کاتێک هەمیشە خەریکی کۆمیوتەر و کیبۆردەکەتی، ئەو شێوازە سروشتییەی لەدەست دەدات، بەو هۆیەش ماسولکەی پشتت تێکدەچن، دیسکەکانی دادەخورێن و پشت و باڵایەکی ڕەنگ پیر وەردەگری.





## نمایشی فیلم دەبێتە خۆڕایی

**دەریاز یونس / ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە لە ڕۆژانی 13 تاوەکو 15ی ئەم مانگە، لە سینەما هاوسی شارۆچکەی عەنکاوە، 18 فیلمی سینەمایی تایبەت بە تیرۆر بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر پێشان بدرێن.
پشتیوان جاف کە سەرپەرشتیی پرۆژەکە دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەواوی فیلمەکان باس لە تیرۆر بەگشتی و داعش بە تایبەتی دەکەن، فیلمەکان لە ماوەی 13 تاوەکو 15ی ئەم مانگە لە سینەما هاوس لە شارۆچکەی عەنکاوە بەبێ بەرامبەر نمایش دەکرێن".
پشتیوان جاف ئامانجی ئەو کارەی ڕوونکردەوە و گوتی "ئامانجمان لە نمایشکردنی فیلمەکان بە خۆڕایی هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردە، چونکە فیلم کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، دەمانەوێت خەڵکی کوردستان فیلمەکان ببینن".



## ڕەغدە عاشقی گەنجێکی کورد بووە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ڕەغدە، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی سووری، لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵی ئەلحەیات ئاشکرای کرد کە یەک لایەنە عاشقی گەنجێکی کورد بووە.
کاتێک پێشکەشکاری بەرنامەکە لەبارەی یەکەمین عەشقی پرسیاری لێکرد، ڕەغدە زۆر بە ڕاشکاوانە وەڵامی دایەوە و گوتی "یەکەمجار کە عاشق بووم لە قۆناغی ناوەندی بووم، عاشقی کوڕە کوردێکی دراوسێمان بووم، بەڵام عەشقەکە یەک لایەنە بوو، کوڕەکە بەوەی نەدەزانی کە من عاشقی ئەو بووم".
ڕەغدە کە لە دەیان دراما و فیلمی عەرەبیدا ڕۆڵی بینیوە، گوتی "ئەوکات غرووری کچانەم ڕێگەی پێنەدام بە کوڕەکە بڵێم، ئەویش هەستی بە خۆشەویستی من بۆ خۆی نەکرد".
ڕەغدە، لە شاری حەلەب لەدایک بووە و ئێستا بەهۆی ڕووداوەکانی سووریاوە لە میسر دەژی و لە کاری هونەری بەردەوامە.



## نمایشکارە کوردەکە دەگەڕێتەوە ئوستralia

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

میریام ڕۆد، خانمە نمایشکاری کورد کە وڵاتینامەی ئوسترالیای هەیە و ئێستا لە دوبەی نیشتەجێیە، دەڵێت بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەک لە بواری نمایشکاریی جلوبەرگدا دەگەڕێتەوە ئوسترالیا.
میریام ڕۆد، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژەیەک هەیە بۆ نمایشی هەفتەی جلوبەرگی بەهار- هاوینە لە ئوسترالیا، ناوەڕاستی مانگی شوبات بۆ بەشداریکردن لەم پرۆژەیە دەگەڕێمەوە ئوسترالیا".
ماڵپەڕە عەرەبییەکان هەمیشە میریام بە نمایشکارێکی ئێرانی وەسف دەکەن، بەڵام میریام ڕەتیکردەوە ئێرانی بێت و گوتی "من کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم و شانازی بە کوردبوونیشمەوە دەکەم، لە زۆر چاوپێکەوتنیشمدا ئەوەم بە ڕاشکاوی گوتووە".


## شەهریار گۆرانی بۆ باوک دەڵێت

**ڕووداو- سلێمانی**



گۆرانیبێژ شەهریار حەسەن سێ گۆرانی تۆمار کردووە و بەنیازە بەم نزیکانە بڵاویان بکاتەوە کە یەکێکیان بۆ پێشمەرگەیە.
شەهریار بە (ڕووداو)ی گوت، یەکێک لە بەرهەمەکانم بەنێوی (بۆ کوردستان)ە، ئەم گۆرانییە تایبەتە بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان".
(یادتان دەکەم) بەرهەمێکی دیکەی شەهریارە لە تێکستی جەبار حەبیب و میوزیکی هێمن حوسێنە. شەهریار دەڵێت "ئەو بەرهەمەش بۆ ئەو کوردانەیە کە لە تاراوگەوە دەگەڕێنەوە کوردستان. کلیپی ئەو گۆرانییە لە دەرەوە کراوە".
سەبارەت بە بەرهەمی سێیەمیش، شەهریار گوتی "گۆرانییەکە ناوی (بۆ باوک)ە کە لەگەڵ ئاریی برام پێکەوە گوتوومانە و پێشکەشمان کردووە بە هەموو باوکان، بەڵام هێشتا کلیپمان بۆ نەکردووە".

## عەبدولی حەمەجوان سەرقاڵە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەکتەری بەناوبانگی شاری سلێمانی، عەبدولی حەمەجوان ئێستا لە چوار فیلمی سینەمایی کە لە قۆناغی وێنەگرتندان ڕۆڵ دەبینێ و وەک خۆی دەڵێت، زۆر سەرقاڵە.
عەبدولی حەمەجوان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خەریکی وێنەگرتنی چوار فیلمی سینەماییین کە ڕۆڵم تێدا بینیون، فیلمەکان بابەتی جیاوازن و لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا تەواوی فیلمەکان بۆ پیشاندان ئامادە دەبن".
عەبدولی حەمەجوان باسی یەکێک لەو فیلمانەی کرد و گوتی "یەکێک لە فیلمەکان کە لە دەرهێنانی حەسەن عەلییە، باس لە چیرۆکی ڕزگارکردنی ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی دەکات لەلایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەوە لە ساڵانی هەشتەکان. فیلمەکە لە ناوچەی گۆمەسپانی شاری هەولێر وێنەی دەگیرێت". حەمەجوان گوتیشی "سەرم زۆر قەرەباڵغە، جگە لەوە لە دوو فیلمی سینەمایی لوقمان غەریب و فیلمێکی دیکەش کە لە دەرهێنانی مەریوان ئیبراهیم، ڕۆڵم هەیە".

## لە زیندانیش کۆڵ نادات



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی میللی سلێمان هەرکی کە ئێستا لە زیندانی چاکسازیی گەورانی شاری هەولێرە، دەڵێت لەنێو زیندانیش هەر بەدەوامە لە گۆرانیگوتن و چەند بەرهەمێکی ئامادەیە.
سلێمان هەرکی کە زیاتر وەکو لاوکبێژێک ناسراوە، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "من لە زیندانیش لە کارەکانم بەردەوامم، لێرەوە دەمەوێ پێشمەرگە هان بدەم، لە ماوەی ڕابردوودا سێ بەرهەمم هەبووە، یەکێکیان لەسەر دایکە عەیشێیە، دایکی ئەو سێ برایەی سۆران کە لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوون، یەکێکیش لەسەر کچێکە کە خۆشەویستەکەی لە شەڕی داعشدا بریندار بووە، هەروەها گۆرانییەکیشم بۆ شەهید عەمید مەغدید هەرکی گوتووە".
سلێمان هەرکی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دەنگۆی ئازادبوونی بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و گوتی "هێشتا دوو ساڵ لە حوکمەکەم ماوە".

## سورپرایزەکەی بەیتووشی لە نەورۆزدایە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

سۆنیا بەیتووشی، کچە دیزاینەری کورد کە پێشتر ڕایگەیاندبوو بۆ ساڵی نوێ سورپرایزی هەیە، ئاشکرای کرد کە لە نەورۆزدا سورپرایزەکەی ئاشکرا دەکات.
سۆنیا کە لە شاری تارانی پایتەختی ئێران نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ نەورۆزی ئەمساڵ دێمە هەولێر و کۆمەڵێک دیزاینی نوێ بۆ یەکەمجار پێشاندەدەم و دەیخەمە بازاڕەوە، جلوبەرگەکانیش لە چین لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بەناوی خۆمەوە دروستکراون".
سۆنیا دەشڵێت "من خەونی گەورەم هەیە و توانای زۆریشم هەیە، ئەگەر هاوکاریم بکرێت دەتوانم فاشیۆنی کوردستان بگەیەنمە ئاستێکی جیهانی و کچانی کورد بگەیێنمە ئاستێک کە لە نمایشە جیهانییەکاندا جلوبەرگ نمایش بکەن".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ



لەم ماوەیەدا بەهێمنی هەنگاو بنێ و خۆت لە ململانێ بپارێزە، زۆر چالاک دەبیت و ماندووبوون خۆشحاڵت دەکات. مامەڵەیەکی نەرم و نیان لەگەڵ دەوروبەرت بکە.

### گا



پەیوەندیت لەگەڵ شوێنە دوورەکان بەهێز دەبێت. بۆ دەسکەوت و دەرامەت دەرفەتێکی باشە و دەتوانیت بڕە پارەیەکی زیاتر دەستەبەر بکەیت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانت.

### دووانە



گفتوگۆکانت لەگەڵ دەوروبەر زیاتر بکە و پەنا بۆ گۆشەگیری مەبە. هەواڵێکی خۆش دەبیستی کە چاوەڕوانی دەکەیت. دوودڵ مەبە ئەو گۆڕانکارییەی لەکارەکەتدا ڕوودەدات لە قازانجی تۆیە.

### قرژاڵ




کەسێکی کۆمەڵایەتیت و دەتوانی هەنگاوەکان بەرەوپێش بەریت. ئەم مانگە هەندێک هەستی ڕەشبینیی تێدایە، بەڵام دڵنیابە ئەنجامەکان باش دەبن.

### شێر



تیشکی هەتاو لەبەرامبەر کەلوەکەتدایە و هەست بەبێزاری دەکەیت، بۆیە هەوڵ دەدەی گۆڕانکارییەکی نوێ بکەیت. بۆ گەڕانەوەی فرسەتێکی لەدەستچوو لە هەوڵەکانت بەردەوام بە.

### فەریک



سەرقاڵییەکانت ئێجگار زۆر بوون و بیر لە شتی نوێ دەکەیتەوە. گوێ لە بیروڕای هاوڕێکانت بگرە چونکە سوودیان لێ وەردەگریت. پەیوەندیی ئەڤینداری ئاسوودەیی زیاد کردوویت.

### تەرازوو




ابەتێکی نوێ سەرنجت ڕادەکێشێ، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت دەستبەرداری ئەو کارانە ببە کە سوودیان نییە و هەوڵەکانت لە کارە بەسوودەکاندا چڕبکەرەوە.

### دووپشک



هێمنی خۆت بپارێزە، لەم ماوەیەدا بەهۆی بوونی ئەستێرەی مارس لە بورجەکەتدا زیاتر تووشی هەڵچوون دەبیت، تەنانەت هێمن بە لەگەڵ ئەوانەش کە بە توندی ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن.

### کەوان



کەمتەرخەمی ڕووبەڕووی قەیرانی زیاترت دەکاتەوە، لەم هەفتەیەوە بەختەوەریت زیاد دەکات و هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەیت، ڕابردوو لەیاد بکە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەرەوە.

### گیسک



کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت. سەردان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بیرۆکەی نوێت پێ دەبەخشن. بڕوابەخۆبوون هاوکاریت دەکات بۆئەوەی هەنگاو بنێی بەرەو سەرکەوتن.

### سەتڵ



بۆ ئەوەی کارێکی نوێ بکەیت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت زیاد بکە، کارەکان کەوتوونەتە سەر ڕێگەیەکی باش و پاشان دەتوانی ئاراستەیەکی باشتریان بۆ دیاری بکەیت.

### نەهەنگ



کارەکان بەشێوەی ئاسایی خۆیان دەڕۆن، چەند جارێک دەوەستن و پاشان دەکەونەوە سەر سکەی خۆیان تا ئەنجامێکی باش بەدەست دێنی. دەسکەوتی دارایی باشتر دەبێت.

# نووسینەوەی یاداشتەکانی دەربەدەری



کامەران سوبحان



لەسەرەتای یاداشتەکەدا، باسی هەڵاتنی خۆی لە سلێمانییەوە بۆ گوندەکانی شاربازێڕ و ناوچەی پێنجوێن و مەریوان دەکات. ئەو شاعیرە کوردە، بە زمانێکی تێکەڵ لە شیعر و پەخشان، بەم شێوەیە دەست بە نووسینەوەی یاداشتەکەی دەکات: (لەو وەقتەدا کە چاکتر بوو وڵاخ سواریێ بوو، لە تەقەی سمی سواریێ کە هات لە دەنگی تەپڵی فەتح خۆشتر بوو، حەقیقەت حەزرەتی خدری من بوو، لە خدمەتکارانی شێخ جوان مەدرێ بوو تەکلیفی سواریی کردم. بە مەمنونی قبوڵم کرد، هەتا گەیاندمییە چاخانەی بناویلە پێشم کەوت. کە چووم ئەوێ، سەید کەریم ئەمری کرد چایان بۆ هێنام، پارچەیە نانیشم دەستکەوت، ئەوەندە هێزم پەیا کرد بتوانم بە پیادەگی بچمە (نۆدێ)، گەیشتمە نۆدێ. بە خواردنێکی کەم شێوم کرد و نووستم. کەس خەیاڵی دیلی شێخی نەدەکرد، وە ئیلا لەو نەوعە جێگایانەش نانمان دەست نەدەکەوت. نازانم بێ غەم نووستم یان کوفت بووم، بە گەرمای هەتاو خەبەرم بووەوە، ئیتر ڕۆژوو نەما. ئان بە ئان حاڵ دەگۆڕا. چووینە (چنگیان) بەساردی قبوڵ کراین. سەید کەریم لە حاڵیان حاڵی بوو)

پیاو کە دووچاری ڕۆژی نەگبەت بوو
دۆستی جانیشی لێ دەبێتە عەدوو.

زێوەری شاعیر، لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریی ڕۆژانی دەربەدەریی خۆیدا، هەڵوێستەی لەسەر چەندین گوند و شارۆچکەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، ئەمە جگە لەوەی لە یاداشتەکانیدا بە وردی هەڵوێستە لەسەر ژیانی شێخ مەحموودی حەفید و مەحموود خانی دزڵی و چەند کەسایەتییەکی دیکەی کورد دەکات و کۆمەڵێک دابونەریتی گرنگی ئەو سەردەمەی نووسیونەتەوە. (پێشتریش گەنجینەی مەردانی نووسیوە، کە ژیان و بەرهەمی چەندین کەسایەتی گرنگی تێدا باس کردووە)، لەمانەش گرنگتر بەلای منەوە ئەو شێوە نووسینەیە کە یاداشتەکەی پێ نووسراوە و دەتوانین ئاستی زمانی پەخشان و نووسینی ئەم شێوەزارە کوردییەی لەو سەردەمەدا پێ بخوێنینەوە. زمانی نووسینی یاداشتەکە، جیاوازە لە زمانی شیعرەکانی زێوەر، چونکە زێوەر بەدەر لەوەی کە شاعیر بووە، دەتوانین بە یەکێک لە نەوە پێشەنگەکانی نووسینی پەخشانی کوردی دابنێین کە لەو سەردەمەدا و لەژێر کاریگەریی ئاستی پەخشانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا نووسیویەتی، چونکە شارەزاییەکی وردی لە زمان و ئەدەبی ئەو میللەتانەدا هەبووە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی یاداشتەکە چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای ون بووە، دەستپێکردنەکەی کەمێک لەنگ و ناتەواوە. لەم یاداشتەوە بڕوانین، دەبینین یەکێک لە خەوشە گەورەکانی سەروەتی کولتوور و پاشماوەی مێژوویی کورد لە دوو سەدەی ڕابردووماندا، نەبوونی ئەرشیف و دۆکیۆمێنتی ئەو ڕۆژگارانەیە، خۆم دەمێک ساڵە خولیای ئەوەم بەشێک لەو ڕۆژگارانە بەچاوی ئێستا بخوێنمەوە، بزانم لە ئێستادا و دوای تێپەڕینی سەدە و ساڵانێکی زۆر، کاریگەریی ئەو ڕۆژانە لەسەر ئێستامان چەند و چۆنە، بەتایبەتیش لە ئاستی گەشەکردنی زمان و دونیابینیی نووسەرەکەیدا. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، توانیم دەستنووس و یاداشتی چەندین نووسەر و ئەدیبی کورد بخوێنمەوە، بەتایبەتیش لەڕێگەی کتێبخانە و ئەرشیفی چەندین پیاوی مەزن و دڵسۆز و فەرامۆشکراوی کوردەوە (پێشتر پۆرترێتی هەندێکیانم نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە).

جارێک پرسیاری یاداشتەکانی زێوەرم لە کاکە حەمەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کرد کە نزیکەی یەک سەدە لەمەوبەر، ئەو ڕۆژگارانەی نووسیونەتەوە کە دوای ساڵی 1919 شێخ مەحموودی حەفید لە شەڕێکدا بریندار دەبێت و لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل دەگیرێت. زێوەر و هەندێ لە هاوەڵانی شێخ بۆ ناوچەی مەریوان و سەقز و بانە و ناوچەی موکریان هەڵدێن و ماوەی چەندین ساڵ ژیانی دەربەدەری لەو ناوچانە بەسەر دەبەن. کاکە حەمە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لە بەغدا، ئەم یاداشتە و گەنجینەی مەردانەکەی زێوەری پێکەوە لە کتێبێکدا چاپ کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە. پێشتر ئەو یاداشتانەم خوێندبوونەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا جارێکی دیکە و بە چاوێکی دیکە، کەوتمە خوێندنەوەی دیوانی زێوەر و ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە. لە بەشێکی یاداشتەکەدا، زۆر بە وردی باسی چەندین لایەن و جوگرافیا و دابونەریتی خەڵکی مەریوان دەکات، بە زمانێکی پەخشانی ئاستبەرز، لەو باسەوە دەتوانین، ئاستی شارەکە لەڕووی پێکهاتە و جوگرافیا و باری کۆمەڵایەتی و بایەخی لە دیدی زێوەرەوە بخوێنینەوە: (مەریوان بلۆکێکە لە 16 بلۆکەکەی کوردستان، موراجەعەتی بە شاری سنەیە، لە پێشدا حکومەت لە قەڵای مەریواندا بووە. لە بێ ئیدارەیی حکومەتی ئێران تێک چوو بوو. بەڵێ ئێران حکومەتێکە لە کورەی ئەرزا لام وایە حکومەتی ئەوەندە بێ ئیدارە نییە، ناتوانم تەشبیهی بە پاشا پاشانەی مناڵانیش بکەم، چونکە مناڵان لە وەقتی ئەو یارییەدا زەبت و ڕەبت و ئینتیزامێکیان هەیە. ئەم قەومی کوردە لە هەر جێگایێ کە هەن لێم مەعلوم بووە، بە واستەی بێ حکومەتی و جەهالەتەوە دووچاری شەقاوەت و سەفالەت بوون. بەڵێ حکومەت موعەلیمی ئەخلاقە، دەتوانێ تەربییەی میللەتی بگەیەنێتە لای ژووری سەعادەت.!)

دواتریش هەر لەو بەشەی یاداشتەکەدا، باسی مەریوان و ناوەکەی دەکات: (لام وایە بە واستەی ئەم دێهاتانەی دەوروبەری ناونراوە مەریوان، هەمو گۆلەکە وەک حەوزی حەوشەیەک وایە پڕ لە مراوی، ئەوانیش (مراوی وانن) مەریوان تەخفیفی (مراوی وان)ە.

هەر لەو بەشەی یاداشتەکەدا و لەسەر جوگرافیای مەریوان، زێوەر دەڵێت (مەریوان گەرمیانە، کوێستانە، دارستانە، دەشتە، شاخە، باخە، قابیلی هەمو تەرەقیاتێکە.) لە بارەی دابونەریتی ئەوساتی خەڵکی مەریوان، یەکێک لە هاوەڵەکانی زێوەر کە لەو کاتەدا لەگەڵی ئاوارە دەبێت و لە مەریوان دەژین، بێ ئاگا بووە لەوەی کە نەریتی ئەم شارە وایە، کاتێک کچان و ژنان دەگەنە پیاوان سڵاویان لێدەکەن، کچێک هەموو ڕۆژێک دەگاتە هاوەڵەکەی زێوەر و سڵاوی لێدەکات، ئەویش زۆر دڵی خۆش دەبێت و بە زێوەر دەڵێت: "ئەو کچە حەزم لێدەکات و دەمەوێت بیخوازم، پێم خۆشە چوارینەیەکی بۆ بنووسیت"
زێوەریش ئەم چوارینەیەی بۆ دەنووسێت:


چاوبازەکەی مەریوان هۆشی لەدەست فڕانم
دڵ بوو بە سەیدی چاوی، ئەسیریی ئەبروانم
سەڕڕافی حوسنی ئەوم و ئەو هەر وەکو جەواهیر
بەخوا منم لە دنیا قەدری تەواو بزانم

دواتر زێوەر، لە مەریوانەوە دەچێتە سنە و بانە و ناوچەی موکریان، لەبارەی (بانە)شەوە لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت: (تیجارەتی بانە زۆر موهیمە. واسیتەیە لەبەینی سولەیمانی و سەقزدا، وەک بەندەر وایە، ئەهلی کەسەبەش هەریەکی مەربوتی ئاغایێکە و حوڕڕییەتی تەواویان نییە.)

لەبەشی کۆتایی یاداشتەکە و لەژێر ناونیشانی (ئەحواڵی ئیقتیسادی) لەبارەی (بانە)وە زۆرتر دەڵێت: (بانە قەسبەیەکی بە واریداتە. حاسڵاتی تووتن، مازوو، کەتیرە، بنێشت، دار و خەڵوزە. ئەنواعی میوەی نایابی هەیە. لە کیفایەتی خۆی زیاتر گەنم و جۆ و هەرزنی لێدەچێنرێ. لە بەعزێ دێهاتیشیا چەڵتوک ئەکرێ، چوار فەسڵ هەیە ئەهالی زۆر کاسب و فەقیرن، فەقیرییان بە سەبەب غەدری بەگزادە و مەحمود خانەوەیە، دەڵێن بە تاعەتە، بە نان و خوانە، ئەما چایێ کە لەمەجلیسی ئەودا دەم ئەبێ، هەموی خوێناوی دڵی ڕەعیەتە.)

لەم دێڕانەشەوە پەیوەندی نێوان هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە و مەحموود خان دەخوێنرێتەوە، لەو ئاماژە و باسانەدا، دێڕەکانی کورت و پڕ مانان. دەکرێت لەم چەند دێڕە کورتەوە ئاستی ژیان و چەوساندنەوە و پەیوەندیی دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتی لەو سەردەمەی بانە و ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی ئێران بخوێنینەوە.

لە لاپەڕەکانی کۆتایی یاداشتەکەدا، زێوەر دەنووسێت: (لەم بەیاناتە مەقسودم زەم و مەدحی کەس نییە، هەرچی ڕاستە و بە چاوی خۆم دیومە نووسیومە. واقیعەن موعامەلەی مەحمود خان لەگەڵ سادات وەکو ئیبنو زیاد وابوو، لەو تەفسیلانە گوریز ئەکەم. حاڵەتی حکومەتی بانەیی بەیان دەکەم.! )


(احوال اقتصادی) بانه قصبه یکی به وارداته حاصلات توتن
مازو، کتیره، بنیشت، دار و خلوزه، انواع میوه
نایابی هیه. له کفایت خوی زیاتر گنم وجو وهرزنی
لیدا دچینری. له بعضی دیهاتیشیا چلتوک اکری

# بیرت دەکەم



نەشمیل عەلی بەرزنجی

پیاسە دەکەم
پشیلەی سەر زبڵدانەکە دەڵێت :"میاو"
بیرت دەکەم!
دەوەستم و چاوم بۆ دوور ئەڕوانێت
هەناسەیەکی توندی سارد هەڵەکێشم و هێشتا نامرم

بەیانیە، هەڵدەستم
بارانە و هەور دونیای تەڵخ کردووە
بیرت دەکەم

سەر ئەنێم بە پەنجەرەکەوە و فرمێسکێک ڕوومەتم تەڕ ئەکات
هێشتاش دڵم شەق نابات ماوم
ئێوارەیە و سەر هەڵدەبڕم بۆ ئاسۆ ئەڕوانم
خۆرئاوابوون ئاسمانی سوور کردووە
بیرت دەکەم

ناودەمم تاڵ دەبێت
چەند جارێک لێو دەنێم بەیەکدا و تامی دووریت لەناو گیانمدا
بڵاودەکەمەوە
هێشتا تووشی لاڕەشە نەبووم و ساغم!
نیوەڕۆیە و شنەی با
گەڵای درەختی حەوشەکەمان ئەجووڵێنێتەوە
من بیرت دەکەم
دەست دەهێنم بەتاڵەکانی قژمدا و ئەزموونی بێ تۆیی ئەکەم
هێشتا لە تەنیاییمدا هەلا هەلا نەبووم
شەو دێت، مانگ چواردەی تەواوە و
تریفەی لە هەموو شوێنێکە
من بیرت دەکەم

سەیرێکی ئەستێرەکان ئەکەم
تۆ لەناویاندا نیت!
تێدەگەم دووریت و لە ناوەڕستی دڵمدای
هیچ ڕێگایەک بۆ دەرچوونت نییە و من
هێشتا دڵم لێدەدات!
ئەچمە بازاڕ چاکەت و کڵاو و دەستکێشی پیاوان دەبینم
بیرت دەکەم
دڵم پڕدەبێت
دەست دەگرم بەسەرمەوە نەکا بکەوم
تێدەگەم کە چەندە خۆشم ئەوێیت!

پیاوە بەسمێڵ و بێ سمێڵەکان دەبینم و
من هێشتا هەر بیری تۆ دەکەم!

لە کۆڵانە کۆنەکانی خۆما دەسووڕێمەوە و
هێشتا لەپێ نەکەوتووم!
دەچمە حەمام و هەڵمی ئاوەکە دەبینم
بیرت دەکەم

دەخوێنمەوە،
دێڕێک باسی جەنگ و کوشتن و خوێن دەکات
من بیری تۆ دەکەم!

ڕوومەتم سوور هەڵدەگەڕێت
هەردوو ئەژنۆم دەگرمە باوەش و خۆم
وەک بێشکە ڕادەژەنم!

پرتەقاڵ پاک دەکەم و گاز لەسێو دەدەم
بیرت دەکەم

ئەگریم بیری تۆ دەکەم، پێدەکەنم بیری تۆ دەکەم
بیر لە تۆ دەکەمەوە و دڵم تەنگ دەبێت
زەردەخەنە دێتە سەر ڕووم
تۆ لە کوێی؟!
جا لەکوێ نیت!!

نا وامەزانە شیعرت بۆ دەنووسم
نا
دونیا بە بیرکردنی تۆوە
شیعرێکی نووسراوە و هەر ساتێک دەیخوێنمەوە!

دیسامبەری 2015

# ڕەوتی بزۆزی هزر لە گێڕانەوەی پۆست مۆدێرندا



ئەنوەر عەباسی (هەرەس)

ئەگەرچی ســەردێڕی بابەتەکــە وا دەردەخات کە ڕەوتی بزۆزی هزر* دیاردەیەکی تایبەت بە چیرۆکی پۆســت مۆدێرنــە، بــەڵام لەڕاســتیدا ئــەم تەکنیکە ئەدەبییە لە چیرۆکی مۆدێرنیشدا زۆر بەکاردەبرێ.

لــە چیرۆکێکــی کلاســیکدا ئێــوە لەگــەڵ چوارچێوەیەکی ئاوا ڕووبــەڕوون: هیوا بە ئۆتۆمبێل لــە باوکی شــیرین دەدات. باوکی شــیرین دەکەوێتە خەســتەخانەوە. شیرین و هیوا عاشقی یەکتر دەبن. باوکی شیرین دەمرێ. شیرین خۆشەویستییەکەی بۆ هیوا دەبێ بە ڕق. هیوا بە دەستی شیرین دەکوژرێ. واتــە ئەزموونەکان وەکوو واقعێکی نەگۆڕ هاتوونەتە ئــاراوە و جگە لەو شــیمانەیەی کــە ڕەنگە خوێنەر بیــکات و لە ناوەڕۆکــی ڕووداوەکاندا دیار بێت، هیچ بەکگراوندێکی دیکەمان نییە.

کاتێــک کە ئێــوە تەکنیکــی ڕەوتی بــزۆزی هزر بەکاردەهێنــن، دەبێ نەگوتــراوەکان یان ئەو توێژی قســانە کە نەهاتوونەتە گۆ (Pre Speech level) فــەرز بکــەن بەســەر گوتراوەکانــدا. فەرزکردنێــک کــە بتوانێت لــە چیرۆکەکەدا چــالاک و دیاریکەر و هۆکاردەر بێت. دەبێ خوێنەر بە تەواوی هەست بەو قسانە بکات کە لە زاری کەس نەهاتوونەتە دەر. بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆمانە کلاســیکە پۆلیسییەکان، بڕیار نییە خوێنەر بە هەڵســەنگاندنی ئــەو نەگوتراوانەی کە نووســەر لەنێو پانتایــی گفتوگۆکان و ئەحیانەن بێدەنگییەکاندا نووسیونی، بە ڕوانگەیەکی گشتی بە چارەسەری بگات. واتە نابێ ئەو نەگوتراوە نووسراوانە ڕۆڵی پازێلێک بگێڕن کە بە لەتەنیشــت یەکدانانیان پرســەکانی ناو چیرۆک چارەســەر ببن. یان نابێ بە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە نەخشــەیەک لە مێشــک و ڕابردووی کەسایەتی بۆ خوێنەر بکێشرێتەوە (وەکوو چیرۆکە دەروونناســییەکان). لــە هەمان کاتدا دەبێ لە کاتی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا نووســەر ئاگای لەوە بێت کە مێشکی خوێنەر تووشی زۆر لێکپچڕانی ماندووکــەر و بێ ئــاکام نەبێ. ئــەم دیاردەیە زیاتر کاتێــک ڕوودەدات کە نووســەر خێرا خێرا لە ڕەوتی چیرۆک دادەبڕێ و بەبێ ئەوەی کە بنەمایەکی وەکوو پێناســە بۆ خوێنەر دیاری کردبێت، بە دووی خۆیدا بەمــلاو ئــەولادا ڕاکێشــی دەکات. هارۆڵــد واینریش دەڵــێ ئێــوە دەبــێ بۆ هێنانــە نێو کایــەی ڕابردوو (ڕەنگە داهاتووش) سەرەتا زەمینەیەک دابین بکەن کە ڕووداوەکان لەســەر ئــەو زەمینەیە بڕواتە پێش. هەرچەنــدە کە ئەو زەمینەیــە پێچەڵاوپێچیش بێت، بــەڵام دیســان بنەمایەکە کــە خوێنەر لەســەر ئەو بنەمایە هیچ شــتێک بزر ناکات و تووشــی لێکپچڕان نابێ.

لە کاتی بەکارهێنانی ڕەوتی بزۆزی هزردا، ئەوەی کــە زۆر گرینگــە، ئەوەیە گەڕانەوەکان بۆ مێشــکی کاراکتــەرەکان و وتــە نەگوتراوەکانیــان نابــێ بــێ پشــتیوان بمێنێتــەوە. بەو واتایە کــە دەبێ کرداری دیار و ئاشــکرای کاراکتەر لــە درێژەی ڕەوتی هزری ئەودا بێت، دەنا خوێنەر متمانەتان پێ ناکات و زیاتر دەبنە هۆی لێکپچڕانی زەمانی و مەکانیی خوێنەر لە چیرۆکەکــە و هیچ دوور نییە هەموو هەوڵەکانتان بۆ بەکارهێنانــی ڕەوتی بزۆزی هزر وەکوو ئاشەوپاشــە و هەڵیتوپڵیتی مێشــکێکی ناســاخ بێتە پێش چاو. زۆر گرینگە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا، تەنانــەت بــۆ یەکجاریش لە چیرۆک یــان ڕۆمانێکدا، دەبــێ کاریگەریی ئــەو نەگوتراوە هزرییانە لەســەر ڕواڵــەت یــان دەروون و کــردار و پەرچەکردارەکانی کەسایەتییەکان دەربکەوێ. بۆ نموونە لە چیرۆکەکەی ســەرەوەدا پێشــبینی دەکرێت ئەگەر شیرین ڕەوتی بزۆزی هزری لە پێش کوشتنی هیوا بۆ بکرایە، دەبوو لەناو ئەوەدا پشتیوانییەکی هزری بۆ ئەو کوشتنە لە نەگوتراوەکانیدا دەرکەوتبا. واتە کرداری کوشتنەکە لەلایەن نەگوتراوەکانی شــیرینەوە پشتگیری بکرێت و جگــە لــەوە نەبێت. (هەڵبــەت ئەمــە نموونەیەکی ســادە کراوە دەنــا بابەتەکە ئاڵۆزتــرە). وەک چۆن نیگارکێشــێک لــە تایبەتمەندیــی ڕەنگــەکان کەڵک وەردەگرێ کە شــتێک لەبارەی کەسایەتییەکانی ناو نیگارەکەی بڵێ، نووســەریش دەبــێ بنەما ڕۆحی و دەروونییەکانی کەســایەتییەکانی پەروەردە بکات و خوێنــەر بــە قەناعەت بگەیەنێت. بــۆ نموونە لێرەدا دەکرێ نووســەر بە ئیماژ تێمانبگەیەنێت کە شیرین لــە بنەماڵەیەکی داخراودا گــەورە بووە، یان ئەوەی کە لە قسەی خەڵک دەترسێت بۆیە دەستی دایە ئەو کارە. شیرین لە هەموو ژیانیدا لەوە ترساوە بەرانبەر کێشەکان بوەستێ و هەمیشە هەر لێیان هەڵهاتووە، بــەڵام ئەمجارە دەیهەوێ تۆڵەی هەموو ئەو ســاڵانە بکاتەوە و ... .

لــە کۆتاییــدا ئامــاژە بــە خاڵێکــی زۆر گرینــگ پێویســتە. لــە چیــرۆک یــان ڕۆمانێکدا کــە ڕەوتی بــزۆزی هــزر بەکاربرابــێ، وەکــوو هەر شــێوازێکی نووسین کردارەکان بە نێو دەقدا بڵاودەبنەوە. لەبەر ســەفەرێکی زەمانی کە لەنێو ئەم جۆرە چیرۆکانەدا زۆر ڕوودەدەن، زۆر گرینگە کردارەکان بە وردبینی و تەدبیرەوە بەکارببرێن. ئەگەرچی لەوانەیە لە چیرۆک یــان ڕۆمانێکــی ئــاوادا لێکدابڕان و پچــڕ پچڕبوونی چیرۆک زۆر ڕووبــدات، بەڵام لەهەر حاڵەتێکدا دەبێ شــوێنی نووسەر دیار بێت. دەبێ شوێنی چیرۆکەکە و تەنانــەت شــوێنی خوێنەرەکەیــش دیــار بێــت. نووســەر بەربەســتێکی نییە جگە لە مێشکی خۆی، کەواتە دەبێ بتوانێت هەموو شــتێک بە شــێوەیەکی هەســتپێنەکراو بەڕێوەبەرێــت و کۆنترۆڵــی بــکات. وردتر باســی بکەم : نووســەر دەبێ لە نێوان کاتی ڕووداوەکان و هزرینــە هاوکاتەکاندا زۆر وردبین بێ. ئەوەنــدە وردبیــن کە خوێنەر کاتێــک ڕووداوەکان و هزرینــەکان و کاتژمێرەکــەی دەســتی دەنێتــە پاڵ یەکترەوە، تووشــی سەرلێشێواوی نەبێت و بتوانێت بــۆ هــەر ڕووداو و هزرینێــک لاپەڕەیەکــی جیــا لە مێشکیدا بکاتەوە.

*sream of conscioness بــە ڕەوتی بزۆزی هزر و ڕەوتی لێشاوی زەین — یش تەرجەمە کراوە.

# شیعر و بەختەوەری



حەمەسەعید حەسەن

لەسەر بەفر و
لەسەر لمی ڕۆخی زەریا،
لەسەر دار و بەرد و گەڵا
لەسەر تاجی سەری پاشا،
لەسەر ئاوێنەی ژوورەکەم
ناوی تۆ دەنووسم
گالا.

ناتوانیــن هاوزەمــان پەخشانەشــیعر بنووســین و ڕۆڵــی (شــاعیری مایکرۆفۆن)یــش ببینین، ئاخر پەخشانەشیعر، ڕاستەوخۆ قسەی دڵی خۆی ناکات و لــە ڕامانــەوە نزیکتــرە وەک لــە هــاوارەوە، ئەوە شیعری ستوونی، یان بڕگەییە بۆ بە دەنگەوە هاتنی ڕووداوی سیاســی دەگونجێت. شاعیر کەسێکە هەم هەســت بە جوانی دەکات و هەم توانای ئەوەیشــی هەیە، شــاعیرانە ئەو هەستە دەرببڕێت. ئاخۆ ئەوە ئەرکی شیعرە، ئاوڕ لە سیاسەت بداتەوە؟ ئایا ئەگەر شاعیر بچێتە حیزبێکەوە، وەک ئەوە وایە بولبولێک بە ویســتی خۆی بچێتە ناو قەفەزێکەوە؟ شیعرێکی بەناوبانگی پۆڵ ئێلوار (1895 — 1952) هەیە: ناوت دەنووسم سەربەستی، ڕاستییەکەی ئەو شیعرەی بۆ سەربەستی نەگوتووە، بۆ هاوژینەکەی گوتووە، بەڵام لەسەر خواستی حیزب، سەربەستیی لە جێی (گالا) کە ناوی هاوسەرەکەی بووە، داناوە.

نــە بە تەنیا خۆشویســتنی حیکمەت بەســە بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە، نە حەقیقەت لە جێیەک خۆی حەشار داوە، تا لە دووی بگەڕێین. کە حەقیقەتێکمان پێ شک نەیەت، شییاوی ئەوەبێت سۆراخی بکەین، ئیدی بۆچی جاڕی مەرگی فەلســەفە نەدەین؟ ئاخۆ حەقیقــەت زادەی واقیعــی ئێســتایە، یــان ئەگەری ئــەوە هەیە لە داهاتــوودا ببێتە واقیع؟ تا یەقینمان بەهێزتربێت، ئیمانمان لاوازترە، ئەگەر نا، جیهادیست کــە بــە یەقین گەییشــتووە، هانای بــۆ زەبروزەنگ نەدەبرد. تیرۆریســت چونکە بڕوای بــەوە لاوازە کە دەیڵێت و متمانەی بە لێکدانەوەی خۆی نییە، بۆیە خۆی لە گوتوبێژ دەبوێرێت، دەست دەوەشێنێت.

ئەگــەر لە ژیانماندا هەســت بە هیچ خۆشــییەک نەکەیــن، ناهەقمــان نییە، نەزانین بۆچــی لە دایک دەبیــن و بۆچــی پێویســتە بژین؟ ئــەوە لووتکەی خەمناکییە، ئەگەر هەمیشە گلەیی لە بەختی خۆمان بکەیــن، ئاخر ئەگەر وامــان کرد، خەممان قووڵتر و دڵمان بریندارتر دەبێت. ئاخۆ دەتوانین نە دڵمان بە ژیــان خۆش بێت و نە ڕقیشــمان لە ژیان ببێتەوە؟ دەکرێت بێلایەن بین بەرانبەر بە ژیان؟

ئایــا ئەوە عەقڵانیبوونە یــان بێهوودەیی، ئەگەر پێمــان وابێــت، بــە ڕێکەوت لــە دایک دەبیــن و لە پێناوی هیچدا دەژین و دەمرین؟ ئاخۆ ئەوە ژیانێکی ڕاســتەقینەیە، ئەگەر تەنیا بە دوای خۆشیی خودی خۆماندا وێڵ بین و بڵێین: خۆشیی تەمەنی کورتە، با زۆرترین چێژ لە ژیان وەربگرین؟ ئایا وابەستەبوون بە ئایینێکەوە بە هانامانەوە دێت؟ ئایا ئایین ویژدانمان ئاسوودە و دەروونمان هێور دەکاتەوە، یان کێشەمان بۆ دروســت دەکات و فڕێمــان دەداتە نێو گۆڕەپانی ململانێیەکــی دژوارەوە؟ زوو زوو خەڵک لە ئەنجامی تەقینەوەیەکەوە، ئەندامەکانی جەستەیان بە ئاسماندا دەچێت، تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە، بە ڕێکەوت لەو شوێنەدان کە تەقینەوەکەی لێ ڕوودەدات!

(خۆشەویستی
ئەوەیە شان بدەینە بەر،
باری ئازارێکی دژوار
کە ئازاری ئێمە نییە.) (*)


ئاخــۆ بەختــەوەری زادەی خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرماندا؟ ئایا خۆگونجاندن خۆفریودان نییە؟ فەیلەسووفی فەرەنسایی شانتال دیلسۆل پێی وایە، ژیانی ڕاســتگۆیانە ئەوەیە، ئینسان وەک تاک خۆی لەگەڵ گەردووندا بگونجێنێت، خۆ گونجاندنێکی ڕاستەقینە کە هەڵقولاوی ناخ بێت، نەک بە ڕووکەش و بــە فێڵ لە خۆ کردن. ئایا خۆویســت بین و وەک شــازادەکە لە ئاوێنە بپرســین، قەت کەســی لە من جوانترت دیوە؟ ئایا بە گوێی ئاپیکور بکەین و ژیان لە گــەڕان لە دووی چێژدا چڕ بکەینەوە؟ ئایا بەبەر چاومانەوە، خەڵک لە برســاندا بمرن و ئێمەیش هەر چەپڵە بۆ چل دزەکە لێ بدەین؟ ئەگەری ئەوە هەیە، لــە ناخی هەموو ئینســانێکدا دڕندەیەکــی خەوتوو هەبێــت، با هەرگیز لێ نەگەڕێین دڕندەکەی ناخمان بێدار ببێتەوە.


(لــێ نەگەڕام بەختەوەر بم، ئەوەبوو گەورەترین گوناهی من.) ئەوە دوا پەیامی جۆرج لویس بۆرخێسە (1899 — 1986) کــە لــە نامەیەکدا لە دوای خۆی بۆی بەجێ هێشتووین. لە خەیاڵدانی ئەودا، بەهەشت شوێنێک بوو لە کتێبخانە دەچوو، ئاخر کەسێک بوو عاشقی کتێب. ئەو نووسەرە مەزنە هیچ نووسەرێکی بــە بچــووک نەدەزانــی و ســووک ســەرنجی هیــچ بەرهەمێکی ئەدەبیی نەدەدا. بۆرخێس بە شێوازێکی ڕوون، قووڵترین ئەدەبی دەنووسی، خۆی بەختەوەر نەبــوو، بــەڵام بەرهەمی هەوێنی بەختــەوەری بوو، خۆی چێژێکی وای لە ژیان نەبینی، بەڵام نووسینی چێژی بە خوێنەر دەبەخشی، خۆی نابینابوو، بەڵام بــە چــرای داهێنانــی، بەرچــاوی خوێنەری ڕۆشــن دەکردەوە. کۆمەڵێک شــیعری هەیە، ناوی ناوە: لە ستایشــی تاریکیدا، ئەو لەبــری نابینایی، تاریکیی بەکاردەهێنا.

5ی شوباتی 2016
هەولێر

(١) مدنــي قصري، فيلســوف و فيلســوفة، أعلنوا الحداد على الفلسفة.
(٢) زهرة مروة، كيف نقول السياسة في الفن؟

(*) ڕافاییل ئێنتۆڤین.







گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# جووتبوونەوە

ئـەو کاتـەی بـە سـتوونی (جیابوونـەوە) رەخنـەم لـە هاورێیەکانـی محەممـەد حاجی، کۆنە رێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان گـرت، هەر ئەو دەمە ناونیشـانی (جووتبوونەوە)شـم لە پەیجێکی بەتاڵدا سەیڤ کرد، ئاخر ئاسمانی هەڵوێستەکەی کاکە حەمە هێندە سـامـاڵ بوو، مەعلووم بوو چلەی بێحیزبییەکـەی ناچـێ، دوای جیابوونـەوە، جـووت دەبێتەوە. هەر وەهاش دەرچـوو، لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا، لە بنی بنەوە گۆڕی و راست بوو بە پارتی!

قەیران دەریخست، لە کوردستاندا باشـترین کەسـابەت، سیاسەتە. کە مامۆسـتا شیری دەستناکەوێ بـۆ منداڵەکـەی، ئـەم بەنزینـی لێنابـڕێ بۆ وەنەوشـەکەی. هیچ گرنـگ نییـە راسـتڕەوی یـان چەپڕەو، سیاسەت لە کوردستاندا هـەر چەوتـڕەوە. ئـەی ئـەوە نییـە، ئـەو سیاسـەتکارانەی لە ئەنجامـی بێپلانـی و نائامادەیـی و کورتبینییـان بەشـێکی دیاری بەرپرسـیارێتی قەیرانەکانـی کوردسـتانیان لەئەسـتۆیە، هەر ئەوانـن هاتـوون بـە گیرفانـی پڕەوە، بۆ چارەسـەرکردنی ئیشە قۆڕەکانـی خۆیـان، دەسـت بـە گیرفانـی بەتاڵی خەڵکدا دەکەن. بە ناوی چاکسازییەوە، دەرزییەک بـە دەوڵەمەنـد و سـووژنێ بـە فەقیردا دەکەن؟

حیزبی کوردی چونکە هیچ ئیشی بە هەڵوێسـتی دیار و ئاراسـتەی روون و ئەو قسـە قۆڕانە نەماوە، بۆیـە ئـەوە ئاسـاییە ئەمـڕۆ لەوپەڕی ئۆپۆزیسیۆن بی، سبەی لەوسەری دەسەڵات. خۆ دەشکرێ لـە هەمـان رۆژدا هەردووکیـان بـی، وەک عەبدولسـەتار و مـەلا عەلـی. ئەمیـان لـە حکوومـەت خەریکـی خەیارە، ئەویشـیان لە چارەنووسـی سیاسیی خۆیدا، بێ خەیـارە. دەشـبێ هەبی و نەبی، قادرێکـی بێقـودرەت بـی و لای کەسیش عەزیز نەبی.

ئیدی پێویست ناکات کەس گلەیی لە محەممەدی حاجی بکا، کێ لەو کاسبترە با لەو باشتر بکا. راستت دەوێ؟ کاکـە محەممەدی حاجی، چاکترین قوتابییە لە کلاسـەکەی رێکخەری گشـتی، ئاخـر ئەویش زۆر چـاک دەزانـێ، کەی لە کوێ خەبـات دەکا. لـەوە حاڵی بووە، کام کاڵا لـەم رۆژە رەشـەدا پارە دەکا.

کاکـە محەممـەدی حاجـی، بـۆ گەییشتن بە پەنا حەجەکە، تەنیا دوو گێـڕی گـۆڕی، بێئەوەی قاچ بەرێ بۆ کلاجەکە. لە دڵی خۆیدا زۆری حەز دەکرد باپیرەشی ناوی مەحمـوود بوایـە، ئیدی بۆخۆی دەبـوو بـە ڤێرژنـی نوێـی کاکە حەمـە. ئەشـەدوو نووکی بیری تیـژە وەک تەمتەمـە (1)، جـا چونکە دڵیشی بۆ وەزعی میللەت هەنجـن هەنجـن و نوقمی خەمە، قایلبوونـی بـە پۆسـتی بچووک، فرە ئەستەمە. جاران، بۆ گۆڕینی حاڵـی میللەت، حەزیـن بوو ئەو نـەی ژەنـە. مۆمـی هەڵگرتبوو، بـۆ رەواندنـەوە ئـەو ئەهریمەنە. لـە دیدگای بزووتنەوەکـەی ئەوەوە، پارتـی بوو خاوەنی ئەم جەهەندەمـە. قوربانی خوا بم بە کونفەیەکوونـێ گـۆڕی و ئێسـتا پارتـی، تاکە حیزبی سـەردەمە. ئاخر قەند شـکاندن کەی ئیشـە، ئەگەر خوا بیدا شەکرلەمە.

**(1) نووکە ئاسنەکەی میزراح**

---



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هەرێمی کوردستان لەبەردەم قەیرانگەلێکی تازەدا

ئێسـتا هەرێمی کوردسـتان لە رووی سیاسی و ئابوورییـەوە بـە دۆخێکی قەیراناویـی دژواردا تێدەپەڕێـت، جـۆری مامەڵەکـردن و بڕارەکانـی دەسەڵاتدارێتی کوردی لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان، نـەک ئومێدبەخش نین، بگـرە دۆخەکان ئاڵۆزتر دەکەن.

ئەوەی وەک پرسی چارەسەر دەستی بۆ براوە، ئاسـۆکە تاریکتر دەکات، نـە ئەوەیە ببێتە هۆی چارەسەرێکی کاتی تا تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، نە ئەوەشە ببێتە بناغەیەک بۆ چارەسەرێکی ریشەیی لە دوورمـەودادا. پێدەچێت ناوەندەکانی بڕیار کە پێکدێـن لە چەند کارەکتەرێکی پارتی و یەکێتی، هێشـتا بە تـەواوی درکیـان بە مەترسـیی ئەم قەیرانانە نەکردبێت، چونکە جۆری تەرحکردنیان بۆ چارەسـەر لە پینەو پەڕۆ دەچێت و پێیانوایە بەو جۆرە زەمەن یارمەتیدەر دەبێت لە تێپەڕاندنی ئەم ئەزمەیە، وەک چۆن لە رابردوودا زۆر کێشەیان بەو جۆرە تێپەڕاندووە.

ناکرێت لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە هاوکێشە نێودەوڵەتـی و هەرێمایەتییـەکان لەسـەر ئـەم ناوچەیەی ئێمە لەبەردەم پێشـهات و گۆڕانکاریی گەورەدان، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەم جۆرەی ئێستا بێت. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەو ئەگەر و پێشـهاتانە، دەبوو ئەوەمان لەسـەر فەرز بکات، هەموو ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکان وەلا بنێیـن و پێکەوە بەرپرسـیارێتی تێپەڕاندنی ئـەم قۆناغـە بگرینە ئەسـتۆ. بـەڵام پێناچێت بیرکردنەوەکان بەوجۆرە بن.

چونکـە لـە هەلومەرجێکـی وا هەسـتیار و موحریجدا مەرجی گۆڕان بۆ بەشـداری لە پێکەوە هەڵگرتنی بەرپرسـیارێتی ئـەوە بێت بگەڕێتەوە پەرلەمـان و حکومـەت، حکومەتێـک کە مەگەر هەر تەنیا گۆڕان ئارەزووی بەشداریکردنی هەبێت، کەچی ئامادە نین ئەوەش قبوڵ بکەن، ئیتر چۆن ناوماڵی کورد رێکدەخرێتەوە.

ئەوەی دەگوزەرێت یان بێدەربەستی و بێباکیە لەئاسـت ئـەو پێشـهاتانەی چاوەڕوان دەکرێن، یان هەسـتنەکردنە بە مەترسی و بەرپرسیارێتی قۆناغەکە. هەر کامیان بێت، خولقێنەری کۆمەڵێک قەیرانـی دیکـە دەبـێ کە لـە یـەک دوو مانگی داهاتوودا دێنە بەردەممان و ئەوکات کورد واتەنی تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێن.

ئـەوەی پەیوەسـتە بە پرسـی چاکسـازی و وەک دەسـتپێک لـە قووتـی خەڵـک و مووچەی فەرمانبەرانەوە دەسـتی پێکردووە، سەرەتاکانی ناڕەزایەتـی خەڵک لەو هەنـگاوە وەدەرکەوتوون و کاردانەوە و لێکەوتەکانی ئاماژەی دڵخۆشـکەر نین. لە ئاسـاییترین حاڵەتیشدا ئەگەر کاردانەوە و ناڕەزایەتییـەکان بریتی بێت لە مانگرتن، ئەوە پەکـی ژیـان دەخرێت لـە هەرێمی کوردسـتان. ناڕەزایەتـی تەنیـا بە مانگرتن کۆتایـی نایەت و مـل دەنێت بـۆ توندوتیژی، چونکە پەیوەسـتە بـە نان و ژیانەوە، ئەوکاتیش نەک هەر ئاشـتیی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت، رەنگە دەرهاویشتەی زۆر خراپـی لێبکەوێتەوە کە لە چاوەڕوانیی ئێسـتای دەسەڵاتدارانی هەرێمدا نەبێت.

حکومەت تەنیا گرفتی لەوەدا نییە کە داهاتی کـەم بووەتەوە، بەڵکوو کێشـەکەی دوو شـتە، یەکەمیان ئەوەیـە کە خەڵک متمانەی بەوە نییە حکومەت پارەی نییە و باوەڕ بەو قسـانە ناکرێت کە لەبارەی قەیرانی داراییەوە دەگوترێن، کێشەی دووەمیـش ئەوەیە کە حکومەت وەکوو خێزانێکی بەناز و خواپێداو وایە، لەپڕ تووشـی کێشـەیەک دەبـن و نازانـن چـۆن مامەڵەی لەگـەڵ بکەن و هەرچۆنێک دەستی بۆ دەبەن خراپتری دەکەن.

ئێسـتا حکومـەت بـەو جـۆرەی لێهاتـووە، سـەری لێشـێواوە، نازانێت چی بکات و لەکوێوە دەسـت پێبکات تا دەرەقەتـی ئەم قەیرانە بێت. بێگومـان کـە داهات کـەم بووەوە پێویسـتە لە بەرامبەردا خەرجیەکانیش کـەم بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی حکومەت دەستی بۆ بردووە پەیوەندی بە رۆحی کۆمەڵگـەوە هەیە، نەدەبوو یەکەم هەنگاو دەسـتبردن بێت بۆ قووتی خەڵک، لەبری ئەوەی هەنـگاوی یەکەم کەمکردنـەوەی مووچە بێت بەو ئەندازەیـەی ئێسـتا، کە پێشـتر ئەزموونی ئەوە هەبوو بە نیوەکردنی مووچە دەرئەنجامەکانی چی بوون، بەڵام ئەوەی ئێستا حکومەت لە خشتەیەکدا بڵاوی کردووەتەوە، بەشێکیان زۆر لە نیوە کەمتری بۆ دەمێنێتەوە.

پێویست بوو سەرەتا وەک رێگەخۆشکەرێک بۆ دەستبردن بۆ کەرتەکانی دیکە، لەسەرەوە دەستی پێبکرادایـە. لـە کەمکردنـەوەی رەتڵی سـەیارە و پاسـەوانی بەرپرسـان و لە هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەسـتی ئەوانەی پێشـتر بە وەزیر و راوێژکار خانەنشین کراون و جارێکی دیکە بە گرێبەست بە پلەی وەزیر و راوێژکار لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراونەتەوە.

نیگەرانی و گلەیی و گومانی خەڵک بەشـێکی لەوەدایە داهاتەکان رێکنەخراونەتەوە و شـەفاف نیـن و گومان دەکرێت ئێسـتاش پشـکی ئەم و ئەو زۆرتر بێت لەو بەشـەی بۆ خەزێنەی گشـتی دەگەڕێتەوە، دەبێت لەوێوە دەسـت بە چاکسازی بکرێت. ژمارە و ئاماری سەیر دەگوترێت دەربارەی چەندین کۆمپانیای گەورە کە بەخشـراون لە باج، دەبـوو هەنگاوی یەکـەم هەڵوەشـاندنەوەی ئەو بڕیارانە بووایە کە ئیعفای کۆمەڵێک سەرمایەداری کردووە لە باجدان.

دەبێـت دەسـەڵاتدارێتی هەرێم لەوە دڵنیابێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێـت، قەیرانی دارایی قووڵتر دەبێتەوە، سـەرچاوەکانی داهات کەمتر دەبنەوە. ئەوەی پەیوەسـتە بە داهاتی نەوتەوە، پاش دوو مانگی دیکە ئێران دەرگاکانی لەسەر دەکرێنەوە، کاتـێ نەوتی ئێران بکەوێتە بازاڕەکانی جیهانەوە کە وەک خـۆی رایگەیانـدووە رۆژانە بیگەیەنێتە چوار ملیۆن بەرمیل، نرخی نەوت زۆر لەو ئاستەی ئێستای زیاتر دێتە خوارەوە.

ئـەوەی هەرێمی کوردسـتان ئومێدی لەسـەر بیناکردووە لە سەربەخۆیی ئابووری و بە فرۆشی نەوت بتوانێت دەستەبەری پێویستییەکانی بکات، بەدڵنیاییـەوە بەهـۆی دابەزینی نرخـی نەوتەوە هەرێمـی کوردسـتان تووشـی شـۆک دەبێـت. بەتایبەتیـش کـە خواسـتی ئـەوەی هەبـوو بە هەناردەی غاز بۆ تورکیا بتوانێت شوێنی دابەزینی نرخـی نەوت پـڕ بکاتەوە، بەڵام ئێسـتا ئێران و تورکیا لە رێککەوتنێکی نوێی وزە نزیک دەبنەوە کە دوور نییە ئەنجامەکەی لەسەر حسابی کورد بێت. وەک چۆن لە شۆڕشـی ئەیلوولدا بە پشتتێکردنی ئێـران، کورد باجی گـەورەی دایەوە، ئێسـتاش یەکێـک لە ئەگەرەکان ئەوەیـە لەگەڵ هەڵگرتنی گەمارۆ، ئێران وەک بەدیلی رووسـیا پێویسـتیی غازی تورکیا پڕ بکاتەوە و لە بەرامبەردا دەسـت لە پشتیوانیی پەکەکە هەڵبگرێت، بەوەش لەلایەک پەکەکە دەبنە قوربانی بەرژەوەندی ئابووریی ئێران و تورکیا، لەلایەکیش هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانـی قووڵتـر دەبێت کە نەتوانێـت بازاڕێکی بـاش بۆ (غـاز) بدۆزێتـەوە لەوکاتـەی ئومێدی پڕکردنەوەی کورتهێنانی نەوتی لەسەر بیناکردبوو.

پوختەی قسەکە ئەوەیە هێشتا دەرفەت ماوە بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، بە ژیرانە پلان دابنێـن بۆ مامەڵەکردنێکی دروسـت لەگەڵ کۆی قەیرانەکانی هەرێم، بەڵام بەم میکانیزم و بەم بژاره و رێکارانەی ئێسـتا پەیڕەو کراون، بەدڵنیاییەوە پاش چەند مانگێکی دیکـە بە ئەندازەیەک ئاڵۆز دەبێت کە چارەسەرکردنی دەبێتە مەحاڵ.

---



هیوا حاجی
hewa.khedir@su.edu.krd

# وەزعەکە بۆچی باش نابێ؟

بەگشتی قسـە بکەین، گۆڕان و باشتربوون بە یەکێـک لەم سـێ رێگایانـە روودەدات: گۆڕان کە سیستەم خۆی بەرهەمی دێنێت و، گۆڕانێک کە لە دەرەوەی سیستەمدا فەرز دەکرێت و هەندێجاریش، گۆڕان لـە رێگای ئەکتـەری نێودەوڵەتی و هێزی بیانییەوە دەسەپێنرێ.

هەندێ سیستەمی سیاسی بە سروشتی خۆیان نـەرم و دیمۆکراتیکـن، بە شـێوەیەک کە ئەگەر لـە شـوێنێکدا گۆڕان پێویسـت بێت، ئـەوە هەر سیسـتەمەکە خۆی گۆڕانکارییەکـە بەرهەمدێنێ. بـۆ نموونە ئەگەر زانرا رێژەی هەژاری یان بێکاری یان خۆکوشـتن زیاد دەکات، دەسـتبەجێ لەنێو ئـەو سیسـتەمە سیاسـییەدا دیراسـە دەکرێن و پلانی گونجاو دادەنرێ بۆ باشـکردنی رەوشـەکە. لەو سیستەمە نەرمانەدا، حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن و ئەکتـەرە مەدەنییـەکان هەسـتیار و کاران و دەتوانن پێکەوە، یان بە جیا، بەڵام بە ئاشـتیانە کاربکـەن. گۆڕانـکاری لـەو سیسـتەمانەدا، بـە شـێوەیەکی سروشتی، خۆی لە رێفۆرمی سیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە و دیسـان گۆڕانکارییەکانیـش هـەر ئاشـتیانەن و بەپێـی پارامیتەرەکانـی سیسـتەمەکە دەچنـە پێـش. نموونەی ئەو سیسـتەمانە دەکرێ بەشێکی زۆری وڵاتانی رۆژئاوایی دیمۆکراتیک بن.

بەڵام هەندێجار سیستەمی سیاسی دیمۆکراتیک نییە، ئەگەر دیکتاتۆرییش نەبێ. لەو سیستەمەدا، خاوەنـی سیسـتەم خۆی نایـەوێ گۆڕانکاری بکا و دەرفەتێکیـش بۆ ئۆپۆزیسـیۆنی سیاسـی یان کۆمەڵگای مەدەنـی ناهێڵێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕانکاریی پێویسـت. لەو چەشـنە سیستەمەدا، زۆر ئەسـتەمە گۆڕانـکاری بکرێـت. خـۆ ئەگـەر گۆڕانکارییەکی گرینگیش بێتە گۆڕێ، دیسـان بە رێگای ئاشـتیانە نابێت. بۆیە لەو سیستەمانەدا، لـە جیاتی ریفـۆرم، باس لە شـۆڕش و بە تەواوی گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەکرێت. نموونەی ئەو سیستەمە سیاسیانەش بەشی هەرە زۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەفریکا (رەنگە باشووری ئەفریکای لێ بەدەر بێت) و بەشێکیش لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینن.

لەهەندێ باری دیکەشـدا، نە ریفۆرم مومکینە و نە شۆڕشـیش. واتە نە سیسـتەمەکە دەتوانێ خـۆی خۆی بگۆڕێ و نە هیچ هێزێکی ناوخۆییش دەتوانێ شۆڕشێکی سەرکەوتوو بەرپا بکات. بۆیە دەسـتوەردانی دەرەکی دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز. رەنگـە نوێتریـن نموونە بـۆ ئەو شـێوە گۆڕانە، گۆڕینی رژێمی بەعس لە عێراق و سەرنگونکردنی رێژیمـی موعەمەر قەزافی بێت لـە لیبیا. لە هەر دوو بارەکـەدا، نە سیسـتەمەکانیان دەکرا خۆیان بـاش بکەن و نـە لەناوخۆی خۆشـیاندا ئەکتەرە بەرهەڵسـتکارەکان دەیانتوانی ئەو سیسـتەمانە بگـۆڕن. ئەوجـا بۆیـە دەسـتوەردانی دەرەکـی هاتەپێـش. دیارە دەبێ ئـەوەش لەبەرچاو بێ کە هەمیشە دەستوەردانی دەرەکی بە رێگای سەربازی نییـە. هەندێجـار، پەنا بۆ سـزای ئابـووری یان پاڵپشتیی مەرجدار دەبردرێ.

ئەو پێشەکییەی سەرەوە گرینگە بۆ تێگەیشتن لە ئەگەرەکانی گۆڕان لە هەرێمی کوردسـتاندا. با باسی ئەو سێ رێگایانە بکەین:

## ریفۆرم

لە کوردسـتاندا، ئەو ئەکتەرانەی کە دەتوانن فشار بکەن بۆ بەرهەمهێنانی ریفۆرم، بە ئەندازەی پێویسـت بەهێز نین. لە گرفتـە درێژخایەنەکانی هەرێمـی کوردسـتان، لاوازبوونـی پەرلەمـان، بێهێزبوونـی ئۆپۆزیسـیۆنی سیاسـی و ناکارایی کۆمەڵـگای مەدەنـی و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتـی و گرووپەکانـی دیکـەی فشـارن. بێگومـان قسـەی یەکجـار زۆر لەسـەر بندەسـتیی دادگا و ناسەربەخۆبوونی دەکرێت. بە کورتی، ئاستەنگی هـەرە گرنگ دابەشـبوونی ناهاوسـەنگی هێزە لە نێوان ئەو ئەکتەرانەی کە دەتوانن بە شـێوەیەکی ئاشـتیانە گۆڕانـکاری بێننەکایەوە. لـە هەرێمی کوردستاندا، بە هۆکاری جیاواز، هێز بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە دەست دوو حیزبی سەرەکیدا (پارتی و یەکێتی) کۆبووەتەوە. خۆ رەنگە ئەم دوو حیزبە تا رادەیەکی زۆر پشتیان بە هەڵبژاردنەکان بەستبێ بۆ بەدەستهێنانی هێز، بەڵام ئەمە رێگە لەوە ناگرێ کە هەرێمی کوردسـتان گرفتـی زەقی هەبووە لە پەیوەنـدی لەگەڵ تێڕوانینـی پارتی و یەکێتی بۆ حوکمڕانـی، جیاکردنـەوەی حیـزب و حکومەت، لێپێچینەوە لە گەندەڵی و ئیدارەکردنی سیستەمی ئابووریی کوردسـتان و چەندیـن بابەتی دیکە کە قەیرانی ئێسـتای هەرێمی کوردستانیان هێناوەتە کایەوە.

## شۆڕش

خەڵک بۆ شۆڕش ناکات؟ زۆربەی ئەو هۆکارانەی کە رەنگە وا بکەن خەڵک لە دژی دەسەڵاتدارانیان شۆڕش بکەن، لە کوردستان لەبەردەستن. خەڵک ناڕازییـە و بێ هیواشـە لـەوەی دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای هەرێمی کوردسـتان بتوانن کێشـەکان چارەسـەر بکەن. بەڵام دیسـان ئەوە پرسـیارە، بۆ سـەرەڕای هەموو ئەو کێشـانەش کە هەن، لە گەندەڵییەوە بگرە تا قەیرانی ئابووری و ناشەفافی و نادادپەروەری، کەچی خەڵک شـۆڕش ناکات؟ بە تێگەیشـتنی ئێمە دوو هۆکاری سـەرەکی رێگرن لە سـەرهەڵدانی شـۆڕش لە هەرێمی کوردستان: یەکەم، نەبوونی سەرکردەیەکی کارێزما کە بتوانێ خەڵک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و سازیان بدا لە دەوری گوتارێکی شۆڕشگێڕی. تا ئەو ساتەش هیچ سەرکردەیەک کە شەعبیەتی فراوانی هەبێت، یان لایەنێکی سیاسی کە بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی هەبێت، بانگەشەی شۆڕشی نەکردووە. بۆیە خەڵک ناڕازییە، بەڵام ئەو ناڕازیبوونە سـەر (بە عەرەبی راس)ی نییە. دووەم، خەڵک بەگشتی لە ئاکامەکانی هەر شۆڕشێکی چاوەڕوانکراو دەترسێ و دڵنیا نییە لەوەی ئەگەر وەزعی هەرێم ناسەقامگیر بێت، چی روودەدات. رەنگـە لەو نێوەندەدا مەترسـییەکانی شەڕی داعش و هەلومەرجی وڵاتانی بەناو بەهاری عەرەبی وا بکەن کە مەسەلەی شۆڕش تا ئێستاش نەبووبێتە بژارەیەکی زۆر بەهێز.

## فشاری دەرەکی

چارەگە سەدەیەکە هەرێمی کوردستان لەلایەن هێـزە نێودەوڵەتییەکانـەوە بـە شـێوازی جیاواز پارێزراوە. لەبەر هۆکاری جیاواز، ئەو هێزانە وەک پێویست بایەخیان بە رەوشی دیمۆکراسی و مافی مـرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی نەداوە. لەم چەند سـاڵەی دواییدا، بەتایبەتی لەدوای ناڕەزاییەکانی سـاڵی 2009 وە تا ئێستا، تێڕوانینێک لە رۆژئاوا لـە بەهێزبووندایە کە داوا دەکات پاڵپشـتیکردنی هەرێمی کوردسـتان مەرجـدار بکرێ بە کارکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی باشـتر لە کوردسـتاندا. وەک سیاسـەتمەدارێکی بەناوبانگی کوردسـتان لە چەنـد رۆژی رابردوودا گوتـی "خەریکـە رۆژئـاوا نیگـەران دەبێـت لـە رەوشـی هەرێمی کوردستان". هەرچۆنێک بێت تا ئێستاش فشاری دەرەکی نەگەیشتووەتە ئاستێکی یەکلاکەرەوە.

پێویسـتە تێبگەین لەوەی تا ئەم سـاتە، ئەو ئەکتەرانـەی کـە دەتوانن بەشـداری ریفـۆرم بن (مەبەستم زیاتر کۆمەڵگای مەدەنییە) بەهێز نین. شۆڕشـێک لە کوردستان دیسـان ئاکامەکانی زۆر ناڕوونن و رەنگە مەترسیداریش بن. لەهەمان کاتدا، فشاری دەرەکیش لە ئاستێکی هیوابەخشدا نییە. بۆیـە، پێموایە وەزعەکە لە خاڵێکدا چەقیوە و بە ئاراستەی گۆڕانی باشدا ناڕوات.

---



بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@gmail.com

# ترس لە خۆپیشاندان

رۆژانە دیمەنی جیاوازی پێشێلکردنی مافەکانی مـرۆڤ دەبینیـن و وەک دیاردەیەکـی ئاسـایی و راگوزەر بەسـەرماندا تێپەڕدەبن. بەشێکی زۆرمان تا خۆمان نەبینە قوربانی و مافەکانمان وەک مرۆڤ پێشێل نەکرێن، هەست بە گرنگیی مافەکانی مرۆڤ و بەهـای رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆیی ناکەین. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد کە بەدرێژایی چەندین سەدە کەرامەتی مرۆیی ژێرپێ خراوە و مافەکانی بەردەوام پێشـێل کراون، جێگەی تێڕامانێکـی پڕ ئازارە کە دەبینین خۆمان مافی هاووڵاتیانی خۆمان پێشـێل دەکەین. بەشـێکی زۆر لەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ، پەیوەندییان هەیە بە رێگرییەکانی حکومەت و دەزگاکانی ئاسایش لە گردبوونەوە و خۆپیشاندان و هـەر فۆرمێکی تری ناڕەزایی. بەڕوونی دیارە کە تـرس و بێمتمانەییەکـی دوولایەنـە هەیە لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا و هیچ کەناڵێک نییە ئەم ترسە برەوێنێتەوە و متمانەی هاوبەشـی نێوان خەڵـک و دەسەڵات بگێڕێتەوە.

لەکاتـی ئـەم هەمـوو قەیرانـەدا، ناڕەزایـی کاردانەوەیەکی سروشتی و چاوەڕوانکراوی خەڵکە، پێویسـتە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئیداریـی ئێمە ناڕەزایی و خۆپیشـاندانی خەڵـک وەک دەروازەی گوێگرتنێکـی راسـتەقینە سـەیر بـکات. فۆرمە جیاوازەکانی ناڕەزایی مەدەنی ببنە سـەکۆیەک بۆ دروسـتبوونی گفتوگۆ و گەڕانـی هاوبەش بەدوای رێگەچارەی گونجاودا بۆ گرفتەکان. بەڵام لەجیاتی ئەمە، دەسەڵاتی سیاسی تووشی فۆبیایەکی سەیر بووە، تەنیا وشـەی خۆپیشاندان بەسە بۆ ئەوەی دەسەڵات رێوشوێنی نائاسایی بگرێتەبەر و پێشێلی مافەکانـی هاووڵاتیـان بـکات. لەکاتێکـدا فۆرمە جیاوازەکانـی دەربڕینی ناڕەزایی مەدەنی، ئاماژەن بۆ دەسـەڵاتێکی مەدەنی، لە کوردستان حکومەت لەرێی داخسـتنی هەمـوو کەناڵەکانـی دەربڕینی ناڕەزایی مەدەنییەوە، زەبرێکی کوشندە لە ناوبانگی خۆی و کوردستان دەدات.

هەموو کاردانەوەیەکی ناعەقڵانی بەرامبەر رووداو و دیاردەکان، بەرەو جێگەی نادیار و نەخوازراومان دەبات. کۆی ئەو رووداوانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەوڵەکانی حیزب و دەسەڵاتدارانی ئێمە بۆ هەڵواسینی ئازادییەکانمان، گومانێکی زۆر لەسەر ئەگەری سـەرکەوتنی هەوڵەکانی دیموکراسـی لە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت دەکات. حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، لەلایەکـەوە بانگەشـەی دیموکراسـی و ناوازەیـی دەکات، لەلایەکـەوە تۆمارەکانـی هەمـان ئـەم حکومەتـە لـە بواری رێزگرتـن لە مافەکانی مرۆڤدا، لەئاسـتی دەوڵەتە سـتەمکارەکاندایە. واتا حکومەت هەرچەند هەوڵ دەدات خـۆی وەک دەسـەڵاتێکی دیموکـرات و لێبووردە نمایش بکات، تادێت گومانەکان زیاد دەبن لەسـەر ئەگەری هەنگاونانی بەرەو دەسـەڵاتێکی سـتەمکار و پۆلیسی. لێرەدا پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەت لە بانگەشەکانیدا راستگۆ نییە، یان ئەم پێشـێلکارییانە هۆکارەکەی هەژموونی حیزب و بڵاوبوونەوەی کولتووری رێزنەگرتنە لە مافەکانی مـرۆڤ؟ ئەگـەر یەکەمیان بێت، ئـەوا حکومەتی هەرێـم هیـچ دەروازەیەکـی نییـە بـۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسـییەکی راستەقینە کە پاڵپشتیی جیهانی ئازاد بەدەسـت بهێنـێ. ئەگەر دووەمیش راسـتە، ئـەوا حکومـەت دەتوانێت خـۆی لەگەڵ ناڕەزایی مەدەنیدا رابهێنێ و کولتووری رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە نەریتی سیاسـی. حکومەت ئەرکێکی قورسی لەئەستۆیە بـۆ برواهێنان بـە رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتە هاوکارەکانمان. پێویسـتە ئەم هەوڵە بۆ برواپێهێنان، هەوڵێکی راستەقینە بێت، نەک تەنها کورت بکرێتـەوە بۆ رەتکردنەوەیەکی گشـتگیری راپۆرتـە نێودەوڵەتییەکان، وەک حکومەتی هەرێم کردوویەتی بە نەریت و تەنانەت بەرپرسـێکی پلە باڵاشـی دانـاوە تایبەت بە وەڵامدانـەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان!

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـێ هـۆ لە خۆپیشاندان ناترسێت. بەشێکی ئەم ترسە لە نەزانیی مامەڵەکردنەوەیە لەگەڵ خۆپیشـاندان، بەشـێکی گەورەتری پەیوەندیی بە هەڵوێستە حیزبییەکانەوە هەیـە لەبەرامبەر ئـەم خۆپیشـاندانانەدا. کاتێک حیزبێـک بەبـێ هیـچ باجێک سـواری شـەپۆلی ناڕەزایـی خەڵـک دەبێت، یـان حیزبێکی دیکە بە دەستێکی پۆڵایین دژی دەوەستێتەوە، خۆپیشاندان جەوهـەری خۆی لەدەسـتدەدات و لە چالاکییەکی مەدەنییەوە دەگۆڕێت بۆ چالاکییەکی حیزبی. وەک بینیمان بەشێک لە خۆپیشـاندانەکان کە سەرەتا رەوایەتییـان هەبـوو، بەلاڕێـدا بران و بەشـێکی زۆر لـە خۆپیشـاندەران گـۆڕان بۆ پەلامـاردەر و گردبوونەوەکان گۆڕان بۆ نوێژی سیاسی.

خۆپیشاندان چالاکییەکی مەدەنییە کە پێویستی بە کەڵەکەکردنی ئەزموون و فێربوون هەیە. فێربوون لـە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەزموونی خۆماڵی و پەندوەرگرتـن لە ئەزموونـی کۆمەڵگەکانی دیکە. ئەم فێربوونە تەنیا سـنووردار نییە بۆ رێکخەرانی خۆپیشـاندان، بەڵکـو پرۆسـەیەکە کە حکومەت و دەزگاکانـی ئاسـایش و ئیدارە خۆجێییەکانیش دەگرێتـەوە. ئامانجـی ئـەم پرۆسـەی فێربوونە، بەرەوپێشـبردنی کولتـووری چالاکـی مەدەنی و بەخشینی سـیمایەکی رێزلێگیراوە بە حکومەت. بەڵام ئەزموونی ئێمە تا ئەم ساتەوەختە، سوودی گونجاوی لـێ وەرنەگیراوە و کولتـووری ناڕەزایی مەدەنییش وەک زۆر شتی دیکە، کراوەتە قوربانیی ململانێیەکی ناتەندروستی حیزبی. ئەمەش ترس و بێمتمانەیی قووڵتر دەکاتەوە.

ئەزموونـی بەحیزبیکردنـی خۆپیشـاندانەکان ئەزموونێکـی تاڵـە، بـەڵام ئەمە نابێـت بکرێتە کارتێکی سپی و بۆ هەتایە ناڕەزاییەکان سەرکوت بکرێـن و ئەوانـەی ناڕەزایی دەردەبـڕن، تەخوین بکرێـن. لەڕاسـتیدا وا باشـترە، ئەگـەر حیزبـە سیاسـییەکان پەیمانێکی هاوبەش بدەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە خۆپیشاندانەوە نەبێت و هەوڵی قۆرخکردن یان سەرکوتکردنی نەدەن. لەبەرامبەردا حکومەت پێویسـتە بەپێـی یاسـا مەدەنییەکان مامەڵە لەگەڵ خۆپیشـاندانی مەدەنی بکات، نەک رێوشـوێنی سەربازی و ئاسایشی لە بەرامبەریاندا بگرێتە بەر.

ئەو پردەی زامنی پەیوەندییەکی تەندروسـتی نێـوان خەڵـک و حکومـەت دەکات بریتییـە لـە کۆمەڵی مەدەنی کە لای ئێمە لەسـایەی پرۆسەی بەحیزبیکردنی فەزای گشـتیدا، کۆمەڵی مەدەنی بەشـێوەیەک شـێوێنراوە، تەنیـا بەناوەکەیـدا دەناسـرێتەوە. کۆمەڵی مەدەنی بەتاڵ کراوەتەوە لە ناوەڕۆک و لە کۆمەڵێک ئەرکی حیزبی بارکراوە، بەشێوەیەک کە چیتر ناتوانێت رۆڵی شیاوی خۆی بگێڕێـت. هیـچ یەکێک لە حیزبە سیاسـییەکانی ئێمـە بێبەری نین لە گۆڕینی کۆمەڵی مەدەنی لە کەناڵێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسـییەوە بـۆ ئامرازێکی حیزبی. هەر یەکێک لە حیزبەکانی ئێمە بەپێی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی وەک ئامرازێک بەکاردەهێنـن. حیـزب هەیە رێکخـراوەکان وەک ئامرازی سـەرکوتکردنی ناڕەزایـی بەکاردەهێنێ، هەیـە وەک ئامرازی ورووژاندنی تووڕەیی خەڵک و هەشـە وەک ئامرازێکی ئاینی بۆ بەئیسلامیکردنی هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئازادکردنـی کۆمەڵـی مەدەنی لـە هەژموونی حیزب، رێگەیەکی گونجاوە بۆ ئازادکردنی چالاکییە مەدەنی و گشتییەکان لە مۆرکی حیزبایەتی. ئەم پەیوەندییە ناتەندروستەی نێوان حیزب و کۆمەڵی مەدەنی، رێگری راستەقینەیە لە رەواندنەوەی ترسی دوولایەنـەی حکومەت و خەڵـک لەیەکتر. کاتێک کۆمەڵی مەدەنی ئازاد و سەربەخۆ بێت، دەتوانێت ببێتە کەناڵی گفتوگۆی گشتی و گەیاندنی بەشێکی زۆر لـە ناڕەزایەتییـەکان بەشـێوەیەکی مەدەنی. لەم پرۆسەیەشـدا پێش هەموو لایەک ئەو لایەنانە سـوودمەند دەبن کە زەندەقیان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی چووە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پشتی پەردەی تەقاندنەوەی بۆریی غازەکە

## 1

هەفتەیەک زیاتر تێپەڕیوە و هێشتا ئەو لیژنەیەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی کردەوەی تیرۆریستیی تەقاندنەوەی بۆریی غازی کوردستان پێکهاتووە، هیچ سەرەداوێکی دەست نەکەوتووە! گومانی ئەوەی کە داعش ئەم کارەی کردبێت زۆر دوورە و کاتێکیش کەسێک بە ڕۆژی ڕووناک ڕایگەیاندبێت کە خۆڵی سەر بۆرییە غازەکەی هەڵداوەتەوە و تەنانەت مۆڵەتی داوە بە کۆمپانیاکە و دەیتەقێنێتەوە، ئیتر دەبێ گومانەکان ڕووی لە ناوخۆ بێت نەک دەرەوە.

دیار نییە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە چی دەبێت، بەڵام حەقیقەتێکی تاڵ هەیە کە ئەویش ئەوەیە، تەقاندنەوەی بۆرییەکە قووڵایی دابەشبوونی کوردستانی لە ڕووی سیاسی، جوگرافی و ئابوورییەوە نیشان دا. هاوکات ئەوەشی نیشان دا کە سامانی ژێرزەویی کوردستان، پتر لەوەی هی میللەت بێت، وەک داهاتی گومرگەکانی جاران (کە لە 1994وە کوردستانیان کردە دوو هەرێم) دەبێ بە موحاسەسە بەسەر حیزبە دەستڕۆیشتووەکاندا دابەش بکرێت.

ئەوانەی بۆرییەکەیان تەقاندەوە، ناکرێ هاوڵاتیی ئاسایی بن. ناکرێ لایەن و وڵاتیان لە پشتەوە نەبێ و پەیامێکی ڕوون و ئاشکرایان هەم بۆ حکومەت و هەم بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر نەبێ. پەکەکە کاتێک وازی لە تەقاندنەوەی بۆریی نەوتی کوردستان هێنا، کە پارتی ڕێگەی دا لە کوردستانی ڕۆژئاواوە نەوت بە تورکیا بفرۆشێت و ملیۆنان دۆلار بڕژێتە گیرفانییەوە.

ململانێ وناکۆکییە هەنووکەییەکانی کوردستان، فڕیان بەسەر سیاسەت، ریفۆرم و ریفراندۆمەوە نییە، بگرە ململانێیەکە بۆ دەستخستنی زۆرترین داهات و سەروەت. شەڕی ئێستا شەڕی غازە و نەک هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بگرە هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانیش تێیدا بەشدارن و هەرکەسە داوای پشکی خۆی دەکات.

دەنا کەی شتی وا هەبووە کە ئۆپۆزیسیۆنێک حەوت ساڵە داوای ریفۆرم دەکات و ئەمرۆ حکومەت بەپێی بەرنامەکانی ئەو، ملی بۆ هەموو ریفۆرمەکانی داوە، کەچی لە ریفۆرمەکانی خۆی کەوتووەتە تەقە! حکومەت لای پارتی و نیوەی پارتی لێی بووەتە ئۆپۆزیسیۆن و ئیش بۆ ڕووخاندنی دەکات! ئێرانی لێ دەرچێت، هەموو دنیا دەڵێ وەختی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانمانە لە کوردستان، کەچی نیوەی کوردستان دەڵێ وەختی نییە!

## کۆمەڵ، کەواسووری بەر لەشکر

## 2

دانوستاندنێک بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هێنانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان (نەک کۆمەڵی ئیسلامی) دەستی پێکردووە. موخاتەبی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانە، بەڵام سەیر لەوەدایە کۆمەڵی ئیسلامی، نە لە حکومەت و نە لە پەرلەمان، نە کشاوەتەوە و نە دەریشکراوە. خودی ئەمیری کۆمەڵ ڕایگەیاند کە سکرتێری پەرلەمان لە باڵەخانەی پەرلەمان دەوام دەکات، وەزیرەکەشیان هەر لە حکومەتدایە و هیچ جیاوازییەک لە نێوان کۆمەڵ و ئەوانی دیکەدا نییە کە ئێستا لە حکومەتدان. کەواتە ئەم قورپێوانەی کۆمەڵی ئیسلامی و سیاسەتی (خوا و خورمایە) سەری لێ دەرناکرێت.

ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە دوای 19ی ئابی 2015 ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی هەندێک هەوڵی ئەوەی هەبوو بە تەنیا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا دابنیشێت و دوای شکستی بەرەی پەرلەمانییەکان، دەورێکی دیکە ببینێ و نێوانگریی بکات. مانەوەی یەکێتی و یەکگرتوو لە حکومەتدا، وایکرد ئەو هەوڵانە بایەخیان نەمێنێ و دیدارێکی لەو چەشنە ڕوونەدات، چونکە کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرەی پەرلەمانییەکان بوو. ئینجا دوای ئەوە، سەرنەگرتنی دیداری دوو بە دوو، بووە بە تەحەددا، بۆیە ئێستا وەپێش گۆڕانیش کەوتوون بۆ بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

## باشترین کۆبوونەوەی نێوان بەغدا و هەرێم

## 3

سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک لە لایەنە سیاسی و مەزهەبییەکان، کۆبوونەوەیەکی نمایشی و بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەمی ئێرە و ئەوانی ئەوێ بوو تا پێشان بدەن هێشتاش ڕەبتێک لە نێوان بەغدا و هەولێردا ماوە.

ڕاستییەکەی شاندەکە بۆ گەیاندنی پەیامێک چوو بوو، پەیامەکەشی گەیاند، ئەگەرنا هیچ شتێکی ئەوتۆ لە نێواندا نەماوە کە لەسەری ڕێکبکەون، هەر بۆیەش لە چاک و چۆنی و قسەی خۆش زیاتر هیچی دیکە نەبووە. بابەتی نەوت و وزە لە نێوان کوردستان و بەغدا مەلەفێکە کە ئیتر کۆتایی هاتووە. کوردستان نەوتی خۆی ڕادەستی کۆمپانیاکانی فرۆشتن و بە بازاڕکردن کردووە و ئیتر تازە بشیەوێ ناتوانێ بیداتەوە بەغدا. بەغداش پارەی نەماوە بیداتە کوردستان. کەواتا شاندەکە نە سەری خۆیان و نە سەری دراوسێ شیعەکانمانیان هێشاند.

یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بە دیپلۆماتێکی بیانیی گوتبوو: "باشترین کۆبوونەوەی نێوان ئێمە و بەغدا بوو، چونکە باسی هیچمان نەکرد".

## دەبێ پێشان پەکەکە دەربکرێت

## 4

یەکێک لە داواکارییەکانی ئاژاوەگێڕانی دوێنێی هەولێر لە نەتەوەیەکگرتووەکان (ببوورن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو!) دەرکردنی سوپای تورکیا بوو لە کوردستانی باشوور. خۆزگە هەمان داواکاریشیان بۆ دەرکردنی سوپای ئێران، حیزبوڵڵای لوبنانی و جەیشی سووریش هەبووایە. بەڵام لەو نمایشەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ نارەزایەتییەکانی سلێمانی، ئامانج بەکارهێنانی لایەنگرانی پەکەکەیە لە سنووری پارتیدا، نەک داواکاریی مەدەنی. چجای ئەوەی کە پەلاماردانی پەیامنێرانی ڕووداو لای ئەوان بووەتە مەدەنیانەترین شێوازی خەبات.

ئەگەر قەرار بێت هێزی چەکدار لە کوردستان دەربکرێن، پەکەکە یەکەم هێزە و دوای ئەویش حەشدی شیعی و ئێرانن کە دەبێ دەربکرێن، چونکە هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بۆ بوونیان لەسەر خاکی کوردستانی باشوور نییە. ها دەڵێن پەکەکە هێزێکی کوردییە، زۆر باشە! کەی پەکەکە ڕێگەی دا پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە ئەوان بگەڕێنەوە کوردستانی ڕۆژئاوا، ئەوکاتەش پەکەکە بۆی هەیە بێ مۆڵەت لە کوردستانی باشوور بێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەیتان و بەخۆداچوونەوە

کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی دۆخی پەرلەمان و حکومەت بە هەواڵی خۆش لە ماڵی نەوشیروان مستەفاوە نەهاتنەوە، بەڵام وەک دیارە ڕەوشەکە هێندە ڕەشیش نییە کە ئێمە لە دوورەوە دەیبینین. بە قسەی محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو بێت، حیزبەکان بەخۆیاندا چوونەتەوە و ئەگەر ئەمجارە ڕێککەوتن، وەکو سەردەمی پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان "بە نابەدڵی" ڕێکناکەون.

یەکشەممەی ڕابردوو بۆ مێزگردێکی نیوە کراوە و نیوە داخراو میوانی ئەمینداری یەکگرتوو بووین. لەدوای 23ی حوزەیرانی 2015ەوە ئەمە یەکەمجارە کەسی یەکەمی یەکێک لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان دەستپێشخەری دەکات و لەگەڵ بەڕێوەبەران و سەرنووسەرانی میدیاکانی کوردستان بەڕاشکاوی قسە دەکات. ئەمە بۆیە باشە، چونکە ناکرێ سیاسییەکانی کوردستان بەردەوام گلەیی لە ئەدای میدیا بکەن، بەڵام بەخەیاڵیاندا نەیەت جارجار دەستپێشخەرییەکی وا بکەن و ئەوەی پێویستە بزانرێ، ئەگەر بۆ بڵاوکردنەوەش نەبێ، بیدرکێنن.

باشووری کوردستان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سێ قەیرانی توندی یەک لەدوای یەکی تووش بووە. یەکەمیان شەڕی داعشە، دووەمیان قەیرانی سیاسیی پاش 23ی حوزەیرانە و سێیەمیش قەیرانە داراییەکەیە. دەرهاویشتەکانی ئەو قەیرانانەش لە کۆچی بە لێشاو و مەرگی بەکۆمەڵ و بەدوایدا خۆپیشاندان و بارەگا سووتاندن و مانگرتنەکاندا ڕەنگیدایەوە. ئەم هەفتەیە دوو ڕۆژ لە سلێمانی بووم. هەستم دەکرد ئەمجارە لەنێو بازاڕ و لە ماڵان چەقۆکە گەیشتووەتە سەر ئێسقان و ناکرێ حیزبەکان چیدیکە بێموبالاتی بکەن. بۆ بەرنامەی (بەهێمنی) زۆر هاونیشتمانی و بەتایبەتیش گەنجم دواندن. ئەوەی ئەوان دەیڵێن ڕوونە: ئەگەر حیزبەکان دەیانەوێ بڕوا بەوە بکەین کە ئەو قەیرانانەی هەن وەکو مانگی ڕەمەزان وایە و دەبێ بۆ ڕۆژووگرتن پشوودرێژ بین، دەبێ کارێکی وابکەن کە ئومێدەوار بین جەژنیش دێت.

لە قسەکانی ئەمینداری یەکگرتوو وا تێگەیشتم کە زەمینەی زیندووکردنەوەی ئەو ئومێدە ڕەخساوە. پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو و ئەوانی دیکەش قبووڵیانە کە لە 23ی حوزەیران بەدواوە هەڵەیان کردووە و دەبێ ڕاستی بکەنەوە. هەرچەندە وەک پەندە بەنێوبانگەکە دەڵێت "شەیتان لە وردەکارییەکاندایە"، بەڵام ئەگەر بەڕاستی ئێستا سەرکردەی حیزبەکان بەو نەفەسەی ئەمینداری یەکگرتوو قسەی پێدەکرد بیردەکەنەوە و بەخۆیاندا چوونەتەوە، ئەوە ئیرادە بۆ بێکاریگەرکردنی شەیتان لەو وردەکارییانەدا بۆخۆی دروست دەبێت. کاتێک ئەو ئیرادەیەش هەبێت، چیدیکە ئەو شەیتانانەی لەودیوی سنوورەکانەوە پیلان بۆ لاوازترکردنی کوردستان دادەنێن، ناتوانن زیانی لەوە گەورەترمان لێبدەن. کوردیش دەمێکە گوتوویەتی "زیان ئەگەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە".



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# سەرەتا "فەللوجە" بوو!

چرکەساتی دەرکەوتنی داعش یەکێکە لەو ڕووداوە گرنگانەی کە دەبێت بە وردی و بە قووڵی لەسەری بوەستین و تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان "مۆبیلیزە بکەین" بۆ پشکنینی جومگە بە جومگەی. دەرکەوتنی داعش لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر بەتەنیا هێزە لۆکاڵییەکانی ناوچەکەی تووشی شۆک کرد (دەوڵەت، حیزب، دەزگای ئاینی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و.. هتد)، بەڵکو یاریەکەشی لە بەشێکی زۆر لە هێزە جیهانییەکان (ئەمەریکا، فەرەنسا، بەریتانیا) تاڕادەی تێکدان ئاڵۆز کرد.

بۆ یەکەمجار، لە مێژووی بزووتنەوە سەلەفیستە جیهادیستە تازەکاندا، ئەوانەی کە تیرۆریزم وەک چەکی ململانێ بەکاردێنن، گرووپێک دێت و دەیەوێت جوگرافیایەکی فیزیکی، نەک خەیاڵکراو، داگیر بکات و دەوڵەتێکی لەسەر دروست بکات!

ئەم گرووپە لە 10ی حوزەیرانی 2014 دا، مووسڵ، دووەم گەورەترین شاری عێراق، پایتەختی سیاسی سوننەکانی عێراق کۆنترۆڵ دەکات و لە 29 ی هەمان مانگدا، خەلافەتی ئیسلامی لە چاپە داعشییەکەیدا ڕادەگەیەنێت و ئەبوبەکری بەغدادیش وەک خەلیفەی موسوڵمانان بە جیهان دەناسێنێ (1).

پێمواییە ئەوانەی کە ئەم دەرکەوتنە توندەی داعش تووشی شۆکی کردن، هەموو ئەوانەن کە لە ڕابردوودا داعشیان نەبینی و لە ئێستاشدا ئەو هەلومەرجە "کۆمەڵایەتی- سیاسی"یە بابەتییە ناخوێننەوە کە داعشی دروستکرد و لە داهاتووشدا چەندین گرووپی وەک داعش یان لە داعش توندتر دروست دەکات. هەڵەن ئەو کەسانەی کە بۆ خوێندنەوەی داعش، لەبری گەڕانەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی ئاماژەمان بۆ کرد، دەگەڕێنەوە بۆ نێو دەقەکانی قورئان و پێیانوایە قورئان ماکینەیەکە و پەنجە بە دۆگمەیەکیدادەنێت داعش دروست دەکات و پەنجە بە دوگمەیەکی دیکەیدا دەنێت یەکگرتوو دروست دەکات. ڕاستە داعش و یەکگرتوو، وەک دوو مۆدێلی یەکتربڕ و جیاواز لە یەکتری، قورئان وەک سەرچاوەی شەرعیەتدان بە بوون و ئامادەبوونیان لەسەر شانۆکاندا بەکاردێنن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بەبێ خوێندنەوەی ئەو هەلومەرجە "کۆمەڵایەتی- سیاسی"یانەی هەر یەکێک لەم دوو مۆدێلە دروست دەکەن، هەموو تێگەیشتنەکان بە کرچ و کاڵی دەمێننەوە.

لێرەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژووی بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئیسلامیستەکانی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکان کە ئەمە لە چەندین جێگای دیکەدا کردوومانە و لێرەدا ناگەڕێینەوە سەری، گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ سەر "فەللوجەی" دووهەزارەکان، لە 2003 بەولاوە، دەروازەیەکی گرنگە بۆ چوونە نێو ئەو هەلومەرجە بابەتییەی کە وا دەکات گرووپێکی سادەی وەک داعش، بە چەند سەد کەسێکەوە بتوانێت دووەم شاری عێراق و یەکەم شاری سوننەنشین کۆنترۆڵ بکات.

فەللوجە یەکێکە لە شارە گەورەکانی پارێزگای ئەنبار. لە 2010 دا، ژمارەی دانیشتووانەکەی دەگەیشتە 326 هەزار کەس، بۆ ڕووبەرێکی جوگرافیی پێکهاتوو لە 478 کیلۆمەتری چوارگۆشە و تەنیا 60 کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە (2).

لە یادەوەریی دەستەجەمعی سوننەکاندا، فەللوجە خاوەنی شوناسێکی تایبەتە کە دەکرێت بە شوناسی "بەرەنگاری"ناوی ببەین. لە 2003 بەولاوە، ئەم شارە لەیەک کاتدا بەرەنگاری سوپا گەورەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سوپای دەوڵەتە شیعە نوێیەکەی عێراق دەبێتەوە و لەم ڕێگایەشدا قوربانییەکی زۆر دەدات.

یاخیبوونی فەللوجە، کۆمەڵێک مانای باڵای هەیە، بەڵام لە سەری هەموویانەوە مانایەک هەیە کە دەکرێت بە "لەماڵ دەرکردنی سوننەکانی عێراق" ناوی ببەین. ئەوان کە لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا نەک هەر عێراقیان بەڕێوە دەبرد، بەڵکو خۆشیان بەخاوەنی دەزانی، لێرە بەدواوە وەک بێگانە تەماشا دەکرێن. گەر ئەمە واقیعێکی کۆنکرێتیش نەبێت، بەلای کەمەوە لە خەیاڵدانی ئەواندا، پێگەی خۆیان لە عێراقی نوێدا بەم شێوەیە وێنا دەکەن.

لەنێوان 2003 بۆ 2014 دا، ئەو گرووپانەی کە لەسەر هەمان میتۆدی ئەلقاعیدە کاریان دەکرد، چەند جارێک فەللوجەیان کۆنترۆڵ کردەوە و پاشان پاشەکشەیان کردەوە و دواتر هاتنەوە و سەرلەنوێ پاشەکشەیان کردەوە. بێگومان هۆکارەکان زۆرن، بەڵام سەرەکیترین هۆکاریان بریتییە لە چۆنیەتی دەرکەوتنیان لە خەیاڵدانی دانیشتووانی ئەم شارەدا. پیەر ژان لیوزار کە زیاتر لە 35 ساڵ توێژینەوەی لەسەر عێراق کردووە و لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، چەندین توێژینەوەی مەیدانی لەسەر فەللوجە ئەنجامداوە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەنێو خەیاڵدانی سوننەکاندا، هێزەکانی ئەلقاعیدە و هێزەکانی ئەمەریکا و هێزە شیعیەکانی بەغدا وەک هێزی داگیرکەری شار چوارچێوەیان بۆ دروست دەکرا.

داعش بەپێچەوانەی ئەوانەوە، کاتێک لە 2014 دا فەللوجە کۆنترۆڵ دەکات، ڕاستەوخۆ تەواوی کلیلەکانی دەسەڵاتی شار، بە کۆمەڵێک مەرج، ڕادەستی کەسایەتییە دانپێدانراوەکان دەکات و چەکدارەکانیشی بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکان و دەزگاکانی شار بەکاردەهێنێ. ئەم میتۆدە وای لێدەکات کە نەک هەر وەک داگیرکەر تەماشا نەکرێت، بەڵکو وەک فریادڕەسێک بۆ ڕزگاربوون لە هێزە داگیرکەرەکانی وەک ئەمەریکا و شیعە و ئەلقاعیدە تەماشا بکرێت. لێرەوە، چەند ئەمەریکا و شیعە و ئەلقاعیدە، شوناسی بێگانەیان پێدەبەخشرێت، هێندەش جیهادیستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، شوناسی "کوڕی ماڵەوە"یان پێدەبەخشرێ.

(1) لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا کە بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، بە وردی لەسەر ڕووداوی کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە و پاشان دەرکەوتنیان لەگەڵ پێشمەرگەدا وەک دوو ئەکتەری نادەوڵەتی وەستاوم. ئەمەش لینکی توێژینەوەکەیە:

Bakawan Adel، «Le mythe de l'indépendance du Kurdistan irakien»، Confluences Méditerranée 42014/ (N° 91) ، p. 165179-
URL : www.cairn.info/revue-confluences-mediterranee-20144--page-165.htm.
DOI : 10.3917/come.091.0165.

(2) http://www.cosit.gov.iq/AAS/AAS2012/section_101/.htm

(3) LUIZAR Jean-Pierre، Le piège Daech، La Découvert، 2015، p.17. (Version électronique: IBooks)



کامەران محەممەد عەزیز
kamaran.mohammad@hotmail.com

# کێ قەرز دەداتە هەرێمی کوردستان؟

با بەوە دەست پێبکەین، بەرپرسیاری یەکەم و کۆتایی لەم قەیرانی بێ پارەییەی هەرێمی کوردستان نە مالیکی و نە عەبادی و نە دابەزینی نرخی نەوتە، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە پێویست نییە هیچ پاساوێک بهێنرێتەوە، بەڵام پێموایە ئەوەی ئێستا گرینگە کاری لەسەر بکەین، ئەوەیە کە چۆن و بەچی گەیشتووینەتە ئێرە، نەوەک ئێستا لە کوێین؟ باوەڕم وایە ئەو لایەنانەی ئێمەیان گەیاندە ئەم قۆناغە، هەر ئەوانیش پێشبینی دەکرێت یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەن و بیبەڕێننەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە.

### با بزانین ئەو لایەنانە کێ بوون؟

لە دوای 2003وە هیچ حکومەتێک لە بەغداوە نەیتوانیوە لە هیچ بوارێکدا کۆنترۆڵی تەواوی عێراق بکات، لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە بەردەوام ئەو خاکەی نێوی لێنراوە عێراق، شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ناوچەکە بووە و قەناعەتێک هەبووە کە کێ کۆنترۆڵی عێراق بکات، دەتوانێت کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. بۆ تورکیا و ئێران و لە ئێستاشدا سعودیە، هەر کێیەک لەسەر دەسەڵات بووبێت، هەر ئایدیۆلۆجی و سیستەمێک هەبووبێت، هەموویان عێراقیان وەکو مەجالی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بینیوە.

ئێران لە دوای 2003 وە بەرامبەر بە هێزەکانی ناوچەکە کەمترین ترس و گومانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا هەبووە، لەڕێی کۆنترۆڵکردنی شیعەوە لە عێراق توانیویەتی نفوز و ئەجێندای خۆی قایمتر بکات، بەڵام چیرۆکەکە بۆ تورکیا تەواو جیاواز بووە. تورکیا لەسەرەتادا بە ترسێکی زۆرەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان هاتە نێو یارییەکە، سەرەتا سیاسەتی پشتگیریکردنی هێزە سوننییەکانی گرتەبەر و ڕێگەی لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 گرت، بەڵام دواتر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هێزە سوننییەکان هێزی دابەشبوو و بەرشکەست و بێ ناونیشانن، بۆیە بە ناچاری هەوڵی دا هەرێمی کوردستان بکاتە ئەو لایەنەی کە لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا بپارێزێت، بە جۆرێک هێندە پشتگیریی کوردی کرد کە بەرامبەر بەغدا بوەستێتەوە، بەڵام لەوە زیاتر نا، تەنیا تا ئەو ئاستەی کە بەرامبەر بەغدا هێزی هەبێت، یەکێک لە ئامرازەکانی بەدواداچوونی ئەو سیاسەتەی تورکیا بریتی بوو لە جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا نەوەک لە عێراق، ئەمیش لە ڕێی کڕینی نەوتی هەرێم و هاندانی ئەو بەرنامەیەی کە دواتر بە "سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان" ناسرا.

بۆ سعودیە هاوکێشەکان زۆر ئاڵۆز بوون، قۆناغی دوای 2003ی عێراق ڕێک قۆناغی کارابوونی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە و هێزە سوننییەکانی دیکەی وەکو قەتەر بوو لە عێراق و ناوچەکە، ئەوەی لە عێراقدا ڕووی دەدا، وەکو پرسی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان سەیریان دەکرد، بۆیە سعودیە سیاسەتێکی پەیڕەو کرد کە بریتی بوو لەوەی حوکمی عێراق ئەگەر چیدی نەتوانرێت لەدەستی سوننەدا بێت، هەرچۆنێک بێت بە تەواوەتیش لە دەستی نەیارە ئەبەدییەکەی (ئێران)یشدا نەبێت، لە سەرەتادا هیچ سیاسەتێکی دیاریکراویان بەرامبەر هێزە جیاوازەکانی عێراق نەبوو، بەڵام بەو دواییە هەوڵی ناساندنی پرسی کوردیان دا وەکو بەشێک لە پرسی سوننە لە عێراق و جیاکردنەوەی لە بەغدا. سەرەتای ئەو سیاسەتە بۆ قۆناغی سەرەتای "بەهاری عەرەبی" دەگەڕایەوە. فەیسەڵ قاسم لە جەزیرەوە تەنیا بەرنامەیەکی پێشکەش نەدەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی میوانێکی کورد و شیعەوە لەبەرامبەر یەکدیدا، دەیانویست وا پێشان بدەن کە هاوکێشەی سوننە و شیعە لە عێراق تەنیا وەکو پرسێکی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە نەبێت، بەڵکو لەنێوان کورد و سوننە لەلایەک لەگەڵ شیعەدا لەلایەکی دیکە بێت. ئەمریکا لە سەرووی هەموویانەوە هەر لە قۆناغی دوای دروستکردنی سەحوە، پێیوابوو عێراق نە دابەش دەکرێت بە تەواوەتی و نە یەکگرتووش دەبێت، لەبەرئەوە ڕێگەی بە هەرێمی کوردستان دا کار لەسەر بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بکات.

هەموو ئەوانە بەیەکەوە قەناعەتێکیان لەلایەن دروستکەرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان گەڵاڵە کرد کە "سیاسەتی نەوت" سیاسەتێکی حەتمییە و هێزەکانی ناوچەکە یارمەتیدەری ئەو بەرنامەیە دەبن، خۆ ڕەنگە لە سەرووی توانای بینینی ئێمەوە ڕێککەوتن و بەڵێنێک هەبێت و لە کاتی پێویستدا یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەن. خۆ ئاشکرایە سعودیە یان تورکیا هەر کارێکی لەو شێوەیە لەپێناوی کورد و پرسەکەیدا ناکەن، بەڵام دوای مانەوەی ئەسەد لە سووریا و لابردنی سزاکانی سەر ئێران، پێدەچێت هیچ بەدیلێکیان بۆ هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەگەرنا بە تەواوەتی ناوچەکە دەکەوێتە دەستی شیعە. پێشبینی دەکرێت لەتەک ئەو کارەیاندا، هەوڵی خراپترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش بدەن. لەبەرئەوە پێموایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئومێدێکی نامێنێ، سعودیە بەتایبەتی قەرزێکی زۆر بە کورد بدات و ئەوکارەش بە باش یان بە خراپ قۆناغێکی زۆر نوێ دەبێت لە مێژووی هەرێمی کوردستان و دەبیاتە نێوجەرگەی لێکدانەوە و ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە.

سعودیە بە ملیاران دۆلاری داوەتە میسر و هێزە سوننییەکانی لوبنان و شوێنی دیکە، لەبەرئەوە پێشبینی دەکرێت کارێکی لەو شێوەیەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، لە بیرمان نەچێت ئێمە باسی پارە و قەرز ناکەین بەتەنیا، بەڵکو باسی بەرژەوەندی و هێز دەکەین، ڕەنگە هەر قەرزێکی لەو شێوەیە بارودۆخی کورد ئاڵۆزتر بکات، چونکە ئێران هەروا بە ئاسانی ڕازی نابێت، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت، بێ قەرزکردن و پارە وەرگرتن، هەرێمی کوردستان هەروا بە ئاسانی ڕزگاری نابێت، بۆیە وەرگرتنی قەرز و پارە لە سعودیە پێدەچێت تاکە ئیختیارێکی واقیعی بێت لەبەردەم دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کورد یابانی فێری میوزیک دەکەن

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK

زانکۆیەکی زانستی ئەکادیمی نوێ دەرگای بۆ
قوتابیە خۆشەویستەکانی کوردستان دەکاتەوە

CUE
CATHOLIC UNIVERSITY in ERBIL
Ankawa 2015

"زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر"

زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر رادەگەینیت بۆ ساڵی خوێندن 2015-2016 دەرگای پێشکەش کردن بۆ بەشەکانی
( ژمێریاری - زمانی ئینگلیزی - زانستەکانی کۆمپیوتەر - ئابووری - پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان - تەکنەلۆجیای
زانیاری - لێکۆلینەوە ئاراستەکراوەکان "رۆژهەلاتی" ) ساڵی بەرایی بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەگەل بابەتی
یاریدەدەرکراوەتەوە، ئارەزومەندان دەتوانن سەردانی زانکۆکەمان بکەن لە هەولێر گەرەکی 189 لە عەنکاوە.

07506013333
www.cue.edu.krd
info@cue.edu.krd